گۆڤارێکی وەرزیی هزرییە
پەیمانگەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بۆ پرسە کۆمەڵایەتییەکان دەریدەکات
ساڵی حەوتەم – ژمارە (٢٨)

خاوەنی ئیمتیاز
یەکێتی ئافرەتانی کوردستان

سەرنووسەر
مەهاباد قەرەداغی
mahabad07@gmail.com
07504451932

دیزایینی بەرگ و ناوەوە
هێمن خدر
07504073710

پێگەی ئەلیکترۆنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان
www.afrat.org

# پێرست

سەروتار..............سەرنووسەر..............٥
تیۆری و مێژووی فێمینیزم..............مەهاباد قەرەداغی..............٩
ڕۆڵی ئافرەتی میدیاکار لە پێشخستنی ڕۆژنامەگەری کوردیدا..............ناسک سەعید..............٣٥
کوردەواری بە دەم گۆڕانەوە، گێڕانەوەی لە (خەزنەدار)دا..............حەمەسەعید حەسەن..............٤٧
کولتووری توندوتیژی د جڤاتێ کوردیدا..............د. عارف حیتۆ..............٦١
ڕۆڵی گەشەپێدانی مرۆیی لە گەشەپێدانی دەوڵەتدا..............هێرش شکاک..............٨٣
ئافرەتە سترانبێژەکانی کورد..............ستار جەباری..............٩٩
ڕۆڵی داتا لە پێشخستنی وڵاتدا..............لوقمان ڕەواندوزی..............١٠٩
حاجی رەحمە- کەشکۆڵی ژنێکی ناوداری ناوچەی جەباری..............کازم جەباری..............١١٧
کۆمیدی لە ئەدەبی منداڵاندا..............رەزا شوان..............١٢٩
چۆن منداڵان لە مەرگی باوان ئاگادار بکرێنەوە؟..............مەهاباد قەرەداغی..............١٣٧
گفتوگۆیەک دەربارەی زمانی کوردی، پەروەردە و فێرکردن لەگەڵ پەروەردەکار، نووسە و
مامۆستا فەهمی کاکەیی..............گۆڤاری شیکار/ سەرنووسەر..............١٤٥
ئالییف شەفەق قەیدەکان دەشکێنێت..............شێرزاد هەینی..............١٦٣

## سەرنووسەر

وێڕای خۆشەویستی و ڕێزمان بۆ خوێنەران و سوودمەندانی گۆڤاری شیکار، لە وەرزی پایزی ٢٠١٩دا و ژمارەی (٢٨)ی گۆڤارەکە پێشکەش دەکەین و بەردەوامی بە خزمەتی خۆمان لە کاروانی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا دەکەین.

لەم ژمارەیەدا، ناوەڕۆکی بابەت و لێکۆڵینەوەکانمان چەند تەوەرێکی گرتۆتە خۆی و نووسەرانی هێژای گۆڤارەکەمان هزری گەشی خۆیان لەو بابەتانەدا چڕ کردۆتەوە کە خزمەت بە یەکسانی و پرسی جێندەر دەکات، هەروەها بابەتی پەروەردەیی ئاست بڵند و گفتوگۆی جیاواز و پڕ زانیاری.
تەوەرێک کە بەردەوام گۆڤاری شیکار خۆی بە خاوەنی دەزانێت و بە زانیاری دروست خوێنەری لێ ئاگادار دەکاتەوە، پرسی فێمینیزم و جێندەر و بابەتە کۆمەڵایەتییەکانە. لەم ژمارەیەدا تیۆری و مێژووی فێمینیزم تاوتوێ کراوە و لە لایەن مەهاباد قەرەداغی پێشکەش کراوە. هەروەها میدکانی ئافرەتان و ڕۆڵیان لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا لە لایەن ناسک سەعیدەوە خراوەتە بەرباس، دوو لێکۆڵینەوەی بەهاداریش یەکەمیان سەبارەت بە گۆڕانی کۆمەڵایەتی و چۆنێتی کاریگەرییان لەسەر لێکترازانی خێزان و ئەویتریان سەبارەت بە کولتووری توندوتیژی لە کۆمەڵی کوردستاندا، خراوەتە ڕوو، لە لایەن دوو نووسەری هێژاوە، یەکەمیان هێمن ئەمین شوانی و دووەمیان د.عارف حیتۆیە. باس لە ژنێکی ناوداری گەرمیان کراوە لە لایەن ستار جەبارییەوە و، کازم جەبارییش سێ ئافرەتی سترانبێژی وەیاد هێناوەتەوە کە لە سەردەمەکانی خۆیاندا ڕچەشکێن و ناسراو بوون.
کوردەواری بە دەم گۆڕانەوە، ئەو بابەتە سەرنج ڕاکێشەیە کە نووسەر و ڕەخنەگری هێژای گەلەکەمان حەمەسەعید حەسەن لەبارەی گۆڕانکاری لە کۆمەڵی کوردستاندا لە ڕێگەی گێڕانەوەکان لە لای مارف خەزنەدار، ورد ورد سەرنجی داون و سەرنجی خوێنەریان بۆ ڕادەکێشێت.

لە بابەتی پەروەردەدا؛ نووسەری بەردەوامی گۆڤارەکەمان، ڕەزا شوان باس لە کۆمیدیا لە ئەدەبی منداڵاندا دەکات، کە گرنگی زۆری هەیە لە گەشەسەندنی کەسایەتی منداڵدا. بابەتێکی دیکەش کە پەیوەندی بە دەروونناسی ژیانی رۆژانەوە هەیە، چۆن منداڵان لە مردنی باوانیان ئاگاداربکرێنەوە، لە لایەن سەرنووسەرەوە نووسراوە و پێشکەش کراوە. ئەم بابەتە بەهۆی گیانلەدەستدانی منداڵێکی چوارساڵانەوە وروژێندرا کە ٢٣ رۆژ دوای شەهیدبوونی باوکی گیانی لەدەست دا و مەرگی ئەو بوو بە بابەتێکی زیندووی میدیاکان. چۆنێتی ئاگادارکردنەوەی منداڵان لە مردنی باوکیان یان دایکیان دەتوانێ منداڵان بپارێزێت لەو زیانە دەروونییەی کە مردنی باوان بە منداڵی دەگەیەنێت. جگە لەم دوو بابەتە پەروەردەییە گۆڤاری شیکار، گفتوگۆیەکی ڕاشکاوی لەگەڵ مامۆستا و نووسەر و پەروەردەکار بەڕێز فەهمی کاکەییدا کردووە و ئەزموونی ئەو هێژایە کە پەنجا ساڵ زیاترە لە بواری پەروەردەدا کار دەکات، خستوویەتیە بەردەستی خوێنەران.

لە بابەتی گەشەپێدانی مرۆیدا دوو بابەتی سەرنجڕاکێشمان پێشکەش کردووە، یەکەمیان لە لایەن نووسەری بەردەوامی گۆڤارەکەمانەوە، هێرش شکاک نووسراوە و باس لە ڕۆڵی گەشەپێدانی مرۆیی لە گەشەی دەوڵەتدا دەکات، دووەمیشیان لە لایەن مامۆستا لوقمان ڕەواندزییەوەیە و سەبارەت بە ڕۆڵی داتا لە پێشخستنی وڵاتدا.

ئەدەب یەکێک لەو ژانر و بوارە گرنگەکانە کە گۆڤاری شیکار بەردەوام بایەخی پێی داوە، لەم ژمارەیەدا نووسەری زێدە هێژا و پڕ بەرهەم شێرزاد هەینی لەبارەی نووسەری تورک و جیهانی خاتوو ئێلیف شەفەق بابەتێکی ئامادە کردووە و ژیان و دنیابینی ئەو و بەرهەمەکانی ئەوی تاوتوێ کردووە و ناساندووە.

وەک سەرنووسەری گۆڤاری شیکار، ئەوپەڕی رێز و خۆشەویستیم بۆ نووسەرە خامەرەنگینەکان لە لایەک و خوێنەرە زانیاریخوازەکانی گۆڤاری شیکار، لە لایەکی ترەوە، هەیە. هیوامانە تەمەنیان سەدان وەرزی پڕ داهێنانی مابێت و ئێمەش لەگەڵیاندا بەردەوام بین لە پێشکەشکردنی گۆڤارەکانمان بە خوێنەران و سوودلێوەرگرانی هێژا. تا وەرزی داهاتوو بە خۆشەویستیتان دەسپێرم.



# تیۆری و مێژووی فێمینیزم

## بەشی یەکەم

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:
مەهاباد قەرەداغی

دەستەواژەی فێمینیزم دەکرێت بۆ وەسفکردنی بزوتنەوەی سیاسی، کولتووری یان ئابووری بەکار ببرێت کە ئامانج لێی بەدەستهێنانی مافی یەکسان و بەرگریکردن بێت لە ئافرەتان. فێمینیزم ئاوێتەی تیۆرییەکانی سیاسەت، کۆمەڵناسی و فەلسەفە دەبێت و لەو بوارەیاندا کە بایەخ بە جیاوازی جێندەر دەدەن، وەک چۆن ئاوێتەوی ئەو بزوتنەوانە دەبێت کە بەرگری لە مافی جێندەری یەکسان دەکەن بۆ ژنان و ئەو هەڵمەتانەی بۆ بەرژەوەندی و مافەکانی ژنان دانراون و دامەزراون. گەرچی دەستەواژەکانی «فێمینزم» و «فێمینیست» تا ساڵانی ١٩٧٠کان زۆر بەربڵاو نەبوون، بەڵام لە زمانی رۆژانەی گشتیدا پێشتریش بەکار براون، بۆ نموونە، کاترین هێپبورن لە ساڵی ١٨٤٢ دا لە فیلمی ژنی ساڵ دا باسی بزوتنەوەی فێمینیزم دەکات.

بە پێی ماگی هیوم و رێبیکا وۆڵکەر، مێژووی فێمینیزم دابەش دەکرێتە سەر سێ شەپۆل. یەکەمین شەپۆلی فێمینیزم لە سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم بوو. دووەمین شەپۆلی فێمینیزم لە نێوان ١٩٦٠ەکان و ١٩٧٠کان بوو. سێیەمین شەپۆلیش لە ساڵانی ١٩٩٠ەکانەوە دەستی پێکردووە و تا کاتی ئێستا درێژەی هەیە. تیۆری فێمینیست لەم جوڵانەوە فێمینیستیانەوە سەرچاوەی گرتووە. بریتییە لە دیسپیلینی جۆراوجۆری وەکو جوگرافیای فێمینیست، مێژووی فێمینیست، و ئەدەبیاتی ڕەخنەیی فێمینیزم.

فێمینیزم لە کۆمەڵگەکانی رۆژئاوادا بووە هۆی گۆڕینی ژمارەیەکی زۆر لە تێڕوانینە باوەکان، هەر لە کولتوورەوە بگرە تا دەگاتە یاساکان. چالاکوانە فێمینیستەکان هەڵمەتی جۆراوجۆریان رێکخست بۆ بەدەستهێنانی مافە یاساییەکانی ژنان (مافی بەڵیننامە، مافی خاوەندارێتی، مافی دەنگدان)؛ هەروەها بۆ مافی ئۆتۆنۆمی ژنان سەبارەت بە جەستەی خۆیان، مافی لەباربردنی منداڵ و وەچەنانەوە (لە نێویاندا مافی بەدەستهێنانی ئامرازەکانی بەرگرتن لە منداڵبوون و مافی سەرپەرشتی تەندروستی لە کاتی دووگیانیدا)، هەروەها

مافی پارێزگاریکردن لە ژنان و کچان لە توندوتیژی ناوخۆیی خێزان، هەراسانکردنی سێکسی، پاراستنیان لە شوێنی کارکردنیان، لە نێو ئەوانەشدا مافی مۆڵەتی دایکایەتی و مافی کرێی یەکسان بۆ کاری هاوسان، دژ بە هەڵاواردنی ڕەگەزی و دژی هەموو جۆرەکانی جیاکاری جێندەری لە بەرامبەر ژندا.
لە میانەی زۆرێک لەم مێژووەدا، بزوتنەوە فێمینیستییەکان سەرکردەیان هەبووە و لە ناو چینی ناوەڕاستی ژنانی سپی پێستدا لە باکووری ئەمریکا و رۆژئاوای ئەوروپادا، هەڵکەوتوون. لای کەم لە وتاری سوجونەر تروث ەوە کە لە ساڵی ١٨٥١ ئاراستەی فێمنیستەکانی ئەمریکا، پێشنیاری بۆ فێمینیستەکانی نەژادەکانی تر کرد کە بزوتنەوەی فێمینیستی جێگرەوە دابنێن. ئەم رەوتە تا ساڵانی ١٩٦٠ەکان درێژەی کێشا و داخوازی مافە مەدەنییەکانی ژنانیان دەکرد لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەمریکای لاتین، هەروەها لە کاتی هەرەسی کۆلۆنیالیزم لە ئەفریقیا و ناوچەی کاریبی و چەند بەشێکی ئەمریکای لاتین و باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا. لەو کاتانەوە، ژنان لە وڵاتانی داگیرکراوی پێشووی ئەوروپا و لە جیهانی سێیەمدا، وەکو چاندرا تاڵپەید موهانتی، ڕەخنەیان لە فێمینیزمی رۆژئاوایی دەگرت بەوەی کە چڕبوونەوەیان لەسەر نەژادە. فێمینیستە ڕەشەکانیش، وەک ئەنجێلا داڤیس و ئەلیس وۆڵکەر، هەمان گۆشەنیگایان هەبوو.

**مێژوو:**

سیمۆن دی بۆڤوار وای نووسی «یەکەم جار کە ژن پێنووسی هەڵگرت و بەرگری لە توخمی خۆی کرد» کرستین دی پیزان بوو کە لە سەدەی پانزەیەمدا کتێبی « Epitre au Dieu d›Amour - پەیام بۆ خواوەندی خۆشەویستی» نووسی. لە سەدەی شانزەشدا هێنریک کۆرنەلیس ئاگریپا و مۆدێستا دی پۆزۆ کاریان لەسەر کرد. لە سەدەی حەڤدەشدا ماریا لی جارس دی گورنای، ئانا برادستریت و فرانچیس پاولین دی لابار، شتیان لەو بارەیەوە نووسی.

فێمینیستەکان و لێکۆڵەران مێژووی بزوتنەوەکەیان دابەش کردە سەر سێ شەپۆل. شەپۆلی یەکەم ئاماژە بە بزوتنەوەکانی ژنان بۆ مافی دەنگدان دەگرێتەوە کە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا دەستی پێکرد (کە داخوازی سەرەکییان بەدەستهێنانی مافی دەنگدان بوو بۆ ژنان). شەپۆلی دووەم بیرۆکە و ئەو هەڵمەت و چالاکیانە بوو کە پەیوەست بوون بە بزوتنەوەی ئازادی ژنەوە

که له سەرەتای ١٩٦٠ەکانەوە دەستی پێکرد (که هەڵمەت بوو بۆ مافە یاسایی و کۆمەڵایەتییەکانی ژنانەوە). سێیەمین شەپۆل بریتی بوو له بەردەوامی ئەو چالاکی و داخوازییانەی که شەپۆلی دووەمی فێمینیستەکان نەیانتوانیبوو بەدەستی بهێنن، له سەرەتای ١٩٩٠ەکانەوە دەستی پێکرد و تا ئێستاش بەردەوامی هەیە.

**شەپۆلی یەکەم:**
بریتییە له درێژکراوەی چالاکییەکانی ژنان له سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم له بەریتانیا و ئەمریکا. له بنەڕەتدا هاندان و هەوڵەکان بۆ بەدەستهێنانی مافی یەکسان بوو له نێوان ئافرەتان و پیاواندا له بواری مافی بەڵێننامەکان، مافی خاوەندارێتی له موڵکوماڵدا، قەدەغەکردنی هاوسەرگیری زۆرەملێ و قەدەغەکردنی خاوەندارێتی مێرد بۆ ئافرەتانی هاوسەریان و (هەروەها منداڵەکانیان). هەروەها، له کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا، چالاکوانان جەختیان دەکردەوە لەسەر بەدەستهێنانی مافە سیاسییەکان و گەیشتنی ژنان بۆ ناوەندەکانی سیاسەت و بڕیار، بە تایبەتیش بەدەستهێنانی مافی بەشداری له دەنگدان و خۆپالاوتن له هەڵبژاردنەکان. له نێو ئەو ئافرەتانەی که لەو سەردەمەدا چالاک بوون، ڤۆڵتارین دی کلێر و مارگەرێت سەنگەر، هێشتا هەڵمەتی بەدەستهێنانی مافە سیاسی و ئابوورییەکانی ئافرەتانیان رێکدەخست. له ساڵی ١٨٥٤دا، فلۆرەنس نایتینگال رێکخراوی پەرستارانی ژنی دامەزراند و بە سوپاوە گرێدران.

له بەریتانیا، بزوتنەوەی مافی دەنگدان بە شێوەیەکی زۆر کاریگەرتر و چالاکتر، چالاکییەکان بۆ بەدەستهێنانی مافی دەنگدان، دەستی پێکرد. له ساڵی ١٩١٨ دا و چالاکییەکانی ئەوساڵە گەرەنتی ئەوەی کرد که ئافرەتانی تەمەن سەرووی ٣٠ ساڵ که خاوەنی خانوویەکن، مافی دەنگدانیان هەبێت. له ساڵی ١٩٢٨ ئەم مافە بۆ هەموو ئافرەتانی تەمەن بیست و یەک و سەرووتر، دابین کرا. له ئەمریکا، سەرکردەکانی بزوتنەوەی ژنان، له نێویاندا لوکرێتیا مووت، ئیلیزابیث کادی ستاتۆن، سوزان ب ئەنتۆنی، که هەڵمەتیان بۆ لەناوبردنی کۆیلایەتی کردبوو له پێش هەڵمەتی داخوازی مافی دەنگدانەوە، هەموویان لەژێر کاریگەری هێزی بیری کواکەر بوون. شەپۆلی یەکەمی فێمینیزمی ئەمریکایی، ژمارەیەکی زۆر له ژنانی گرتەوە. وەکو فرانسیس ویلارد، که سەر بە یەکێتی ژنانی سەر بە گروپی کرستیانی کۆنەپارێز بوو. جگە لەویش، ماتیلدا جۆسلین، که ڕادیکاڵتر بوو، که خۆیان وەک کۆمەڵەی ژنانی ناسیۆنالیستی بۆ مافەکانی

دەنگدان دەناساند. شەپۆلی یەکەمی فێمینزمی ئەمریکا وا دادەنرێت لە سەرەتای دانانی دەستووری ئەمریکا لە ساڵی ١٩١٩ دا کۆتایی هاتبێت، چونکە لە دەستووردا مافی دەنگدان و خۆپاڵاوتن بۆ ژنان لە سەرتاسەری وڵاتدا، چەسپێندرا.
دەستەواژەی شەپۆلی یەکەمی فێمینیزم بە دەسپێکردنی ناونانی شەپۆلی دووەمی فێمینیزم کۆتایی بە قۆناغەکەی هات و بزوتنەوە فێمینستییە نوێیەکان دەستیان بە چالاکی کردەوە و جەختیان لەسەر بەرەنگاربوونەوەی نایەکسانییە کولتووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، دەکردەوە.

**شەپۆلی دووەم:**

شەپۆلی دووەمی فێمینیزم، بریتییە لە قۆناغی چالاکییەکانی سەرەتاکانی ١٩٦٠کان و تا کۆتاییەکانی ١٩٨٠کان. لێکۆڵەر، ئەمێلدا ویلهان وای دادەنێت ئەم شەپۆلە بەردەوای شەپۆلی یەکەمی فێمینیزمە کە لە بەریتانیا و ئەمریکا بزوتنەوەی مافی دەنگدانیان دەست پێکرد. شەپۆلی دووەمی فێمینیزم تا دەستپێکی ناولێنانی قۆناغی شەپۆلی سێیەمی فێمینیزم، درێژەی هەبوو. لێکۆڵەر ئێستیل فریدمان، بەراوردی شەپۆلی یەکەم و دووەمی فێمینیزم دەکات کە جەختیان لەسەر بزوتنەوەی مافەکانی دەنگدان دەکردەوە، هەرچی شەپۆلی دووەمە جەختیان لەسەر بەرەنگاربوونەوەی نایەکسانی لە مافە کولتووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان دەکردەوە.

**سیمۆن دی بۆڤوار و ڕەگەزی دووەم**

نووسەر و فەیلەسوفی فەرەنسی سیمۆن دی بۆڤوار، ڕۆمان، فەلسەفە، سیاسەت و لەبارەی مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان، لێکۆڵینەوە، بیرەوەری و ژیاننامەی نووسی. ئەو بە ڕۆمانە میتافیزیکییەکانییەوە زیاتر لە هەموو ژانرەکانی تر، ناسرا، بە تایبەت ڕۆمانەکانی «هات بمێنێتەوە» و « لالەنگییەکان» و نامەی دکتۆراکەی «ڕەگەزی دووەم» کە ناوەڕۆکەکەی وردەکاری چەوساندنەوەی ئافرەتانی ڕوون دەکردەوە و تیایدا سەبارەت بە فێمینیزمی بونیادگەری دواوە کە شۆرشی ئەخلاقی ئامانجیان بووە و لە ساڵی ١٩٤٩ چاپ بووە و وەرگێڕانە ئینگلیزییەکەشی ساڵی ١٩٥٢ بڵاو بووەوە. وەک بونیادگەرێک پرەنسیپەکانی جان پۆڵ سارتەری قبوڵ کرد سەبارەت بە بونیادگەریی و ئەوەی کە « مێ وەک ژن لەدایک نابێت، بەڵکو دەکرێت بە ژن»، تیایدا جەخت لەسەر ستركتور و پێگەی کۆمەڵایەتی هەر یەک لە ژن و ئەوانی تر دەکاتەوە، کە دی بۆڤوار ئەمە

به بناغەی چەوساندنەوەی ئافرەتان دادەنێت. پێی وایە هەر لە سەرەتای مێژووەوە ژن وەکو ناسروشتی و لادەر دانراوە و پیاو وەک ئاسایی زانراوە، تەنانەت ماری ولَستۆنکرافتیش پیاوی وەک نمونەی بالآ داناوە بۆ ئەوەی ژن پێی بگات. دی بۆڤوار تاوتوێی ئەوە دەکات و دەڵێت بۆ ئەوەی فێمێنیزم بۆ پێشەوە هەنگاو بنێت، دەبێت ئەم نمونەیە فەرامۆش بکات.

**لوغزی مێینە:**

لە کتێبی «لوغزی مێینە»ی بێتی فریدان لە ساڵی ١٩٦٣، ڕەخنە لەو ڕوانینە گیراوە کە ژن تەنیا لە چوارچێوەی ماڵ و ماڵداری و منداڵداریدا قەتیس بکرێت. ئەو سەرکۆنەیەی کە فریدان لە ڕۆژنامەی نیۆرک تایمز کردی و کتێبی «لوغزی مێینە»ش لەملاوە، بزوتنەوەی هاوچەرخی ژنانی هان دا و لە ساڵی ١٩٦٣دا چنینی کۆمەڵایەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای بە جارێ هەڵوەشاندەوە و کاریگەری لەسەر وڵاتانی تری جیهانیش دانا و وەک یەکێک لە کاریگەرترین کتێبی سەدەی بیستەم دانرا. لە کتێبەکەدا فریدان ژن وەکو قوربانی باوەڕ و سیستەمی هەڵە دادەنێت و وایان لێ دەکات کە ناسنامەی خۆیان ون بکەن و مانایان بۆ ژیانی خۆیان نەدۆزنەوە ناسنامەی خۆیان تەنها لە نێو ناسنامەی خێزانەکانیان بدۆزنەوە. فریدان بە تایبەتیش ئەو سیستەمە وا دەستنیشان دەکات کە لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە لە نێو چینی ناوەڕستدا و لە شارۆچکەکاندا باڵادەست بوو. لە هەمان کاتدا، دوای جەنگی ئەمریکا و هەرەسهێنانی ئابوورییەکەی، کە بووە هۆی گەشەسەندنی تەکنەلۆجیای نوێ کە وای کرد ئامرازەکانی کارکردنی ناوماڵ بە ئاسانتر بێنە دەست لە هەمان کاتدا کاری ناوماڵی ژن کەمبایەختر و بێنرختر دەکات.

**ئازادبوونی ژن لە ئەمریکا:**

دەستەواژەی «ئازادی ژن» یەکەمجار لە ئەمریکا لە ساڵی ١٩٦٤ بەکار هات و لە چاپەمەنیدا لە ساڵی ١٩٦٦ بەکار برا. لە ١٩٦٨، هەروەها دەستەواژەی ئازادی ژن لە گۆڤاری ڕامپارتەکان دەرکەوت، کە بە مانای تەواوی بزوتنەوەکانی ژن دەهات. تەنانەت سوتانی بەروانکەی سنگیش پەیوەست کرا بە بزوتنەوەی ژنانەوە، ئەگەرچی دیاردەی سوتانی بەروانکە گفتوگۆی زۆری لێکەوتەوە. یەکێک لە رەخنە هەرە توندەکان لە بزوتنەوەی ئازادی ژنی فێمینیستی ئەفریقا ئەمریکایی بوو بە ناوی گلۆریا جین واتکینس (کە نازناوی «بێل هووکس»ی هەبوو)، کە مشتومری لەبارەی بزوتنەوەکە

دەکرد کە نەژاد و بنەچە و چینی کۆمەڵایەتی لێکدەداتەوە و بەوەش ژنان دابەش دەکات. هەروەها لە کتێبی تیۆری فێمینیستی لە پەراوێزەوە بۆ ناوەند، لە سالی ١٩٦٤، تیشکی خستە سەر ئەوەی کە دەنگی ژنانی کەمایەتییەکان لە نێو بزوتنەوەی ژناندا دەرناکەوێت.

## شەپۆلی سێیەم:

شەپۆلی سێیەمی فێمینیزم لە سەرەتاکانی ١٩٩٠ەکان دەستی پێکرد، وەک وەڵامدەرەوەیەکی ئەو داخوازییانەی کە شەپۆلی دووەمی فێمینیزم نەیانتوانیبوو بەدی بهێنن و هەروەها وەک کاردانەوەی ئەو بزوتنەوەیەی کە شەپۆلی دووەم بەڕێیان خستبوو. شەپۆلی سێیەمی فێمینیزم بە دوای ئەو ئاڵنگارییانەدا دەگەڕا و هەوڵی خۆبەدوورگرتنی دەدا لەو پێناسە جەوهەرییانەی کە شەپۆلی دووەم دایاننابوون بۆ مێیەتی، کە بە پێی ئەوان جەختی دەکردەوە لەسەر ژنانی چینی سەرەوە و ناوەڕاست لە سپی پێستەکان.

لێکدانەوەی پۆست ستراکچەرالیستەکان بۆ جێندەر و بۆ سێکسوالێتی، چەقی بیرکردنەوە و ئایدۆلۆژیای شەپۆلی سێیەمی فێمینیزمە. شەپۆلی سێیەمی فێمینیزم زۆر جار جەخت لەسەر مایکرۆ پۆلیتیک دەکاتەوە و ئاڵنگاری شەپۆلی دووەم دەبێتەوە لەوەی چی باشە و چی خراپە بۆ مێینە. ڕەگی شەپۆلی سێیەم لە ناوەڕاستی ١٩٨٠کانەوە داکوترا. سەرکردە فێمینیستەکانی شەپۆلی دووەم وەک گلۆریا ئەنزاڵدوا، بێڵ هووکس، چێلا ساندۆڤال، چێری مۆرگا، ئاودرێ لۆرد، ماکسین هۆنگ کینگستۆن و زۆری تر لە فێمینیستە ڕەشەکان، دانوستانیان دەکرد لە نێو فیکری فێمینیستیدا سەبارەت بە پرسی نەژاد لە نێو فێمینیزمدا.
شەپۆلی سێیەمی فێمینیزم، لەناوخۆی خۆشیاندا گفتوگۆیان سەبارەت بە جیاوازی نێوان جۆرەکانی فێمینیست دەکرد، وەکو دەروونناس کارۆل گیلیجان، کە باسی لە جیاوازی زۆر گرنگ دەکردەوە لە نێوان ژن و پیاو)، هەروەها ئەوانەی کە باوەڕیان وابوو کە جیاوازییەکی ئەوتۆ نییە لە نێوان جەندەر و جیاوازی نێوان ژن و پیاو پەیوەستە بە بارودۆخی کۆمەڵایەتییەوە.

**پۆست فێمینیزم:**

پۆست فێمینیزم وەسفی ژمارەیەک لە گۆشەنیگا دەگات کە کاردانەوەیان هەیە بەرامبەر بە فێمینیزم، بە مەرجێک نەبێتە ئەنتی فێمینیست (دژە فێمینیست)، باوەڕی پۆست فێمێنیستەکان وابوو کە ژنان ئامانجەکانی شەپۆلی دووەمیان بەدەست هێناوە، لە هەمان کاتدا ڕەخنەگرانە دەڕواننە ئامانجەکانی شەپۆلی سێیەم. دەستەواژەکە لە سالانی ١٩٨٠کاندا بەکارهێنرا بۆ گوزارەکردن و وەسفکردنی ڕووبەڕووبوونەوە و ڕەخنەکانی شەپۆلی دووەمی فێمینیزم. ئێستا ژمارەیەکی زۆر لە تیۆری ڕەخنەگرانە هەیە بۆ خستنەڕووی گوتاری فێمینیست و بە ئالنگاری دادەنرێن بەرامبەر بە ئایدیاکانی شەپۆلی دووەمی فێمینیزم. هەندێکی تر لە پۆست فێمینیستەکان دەڵێن چیتر فێمینیزم ئەو گرنگییەی جارانی نەماوە بۆ کۆمەڵگەکان. ئەمێلیا جۆنس نووسیویەتی و دەڵێت کە نووسینەکانی فێمینیستانی شەپۆلی دووەم کە لە سالانی ١٩٨٠کان دەستی پێکرد و لە ١٩٩٠کان کۆتایی هات، وێنەی شەپۆلی دووەمی فێمینیزمی بەرجەستە دەکرد و وەک قەوارەیەک پیشانی دەدا، هەروەها ڕەخنەی لەو گشتاندنە دەگرت کە ئەوان بەرجەستەیان دەکرد.

یەکێک لە کۆنترین بەکارهێنانەکانی ئەو دەستەواژەیە لە بابەتێکی نووسراوی سوزان بۆڵتین بوو لە ساڵی ١٩٨٢» دەنگی نەوەی پۆست فێمینیست› کە لە گۆڤاری نیۆرک تایمز بڵاوکرایەوە. ئەو بابەتە بریتی بوو لە چاوپێکەوتن لەگەڵ ژناندا کە بە شیوەیەکی فراوان فێمینیزمیان پەسەند بوو، بەڵام خۆیان وەک فێمینیست نەدەناساند.

هەندێ لە فێمنیستە هاوچەرخەکان، وەکو کاتا پۆلیت و نادین ستروسن، فێمینیزم وا دەدانێن کە بە سانایی بوترێت «ژن خەڵکە». ڕەخنەی ئەمان ئەوە بوو کە فێمینیزم هەوڵ دەدات جیایان بکاتەوە لەیەکتری لە جێی ئەوەی یەکبگرنەوە لەگەڵ یەکتری. لە لای ئەم نووسەرانە ژن وا دادەنرا سێکسیست بیت زیاتر لەوەی فێمینیست بێت.

لە کتێبەکەیدا بەناوی («باکلاش»،جەنگی ڕانەگەیندراو دژی ژنانی ئەمریکا)، سوزان فالوودی دەڵێت جەنگێکی توند لە دژی شەپۆلی دووەمی فێمینیزم لە سالانی ١٩٨٠کاندا بە سەرکەوتوویی بەڕێوە چوو لە ڕێگەی دەستەواژەکانەوە. هەروەها دەڵێت ئەوان پێیان وابوو زۆربەی کێشەکان سەرچاوەیان ئەو بزوتنەوەیەیە کە بەناوی ئازادی ژنەوە لە ئارادا بووە لە سالانی ١٩٨٠کاندا. هەروەها دەڵێت زۆربەی ئەو کێشانە دڕدۆنگانە بوون و میدیاکان خوڵقاندبوویان بە بێ هیچ بەڵگەیەکی باوەڕپێکراو. بە پێی سوزان فالوودی ئەو دژایەتی و کاردانەوە پێچەوانەیە ڕەگێکی مێژوویی هەیە و هەر کە ئافرەتان هەندێک

لە مافەکانیان بەدەست هێنا، ئەو کاردانەوەیەش دووبارە دەبێتەوە.
ئەنجێلا ماکرۆبیا، پێی وایە ئەو پێشگری «پۆست»ەی کەخراوەتە پێش دەستەواژەی فێمینیزم ئەو دەستکەوتانە نادیدە دەگرێت کە فێمینیزم بۆ تاکەکان بە گشتی و بۆ ژنان بە تایبەتی، بەدەستی هێناوە. ئەوان پێیان وایە کە فێمینیزم بە ئامانجەکانی گەیشتووە و دەبێ لەوەودوا بە تەواوەتی جەخت لەسەر ئامانجی دیکە بکاتەوە. ماکرۆبیا پێی وایە پۆست فێمینیزم زیاتر بە ڕوونی لە دەستەواژەکانی ڕاگەیاندن و بەرهەمی میدیاکانی ژناندا دەردەکەوێت، بۆ نموونە لە ڕۆژژمێری برجێت جۆنس «سێکس و شار»، هەروەها ئالای ماکبێڵ. فیگەری مێینەی وەکو برجێت جۆنس و کاری برادشۆ، دەڵێن راستە ژن ئازادی بە دەست هێناوە و چێژ لە ژیانی سێکسی خۆی دەبینینێت، بەڵام بەردەوام بە دوای ئەو پیاوەدا دەگەڕێت کە وای لێبکات هەموو شتێک بایەخی هەبێت.

**فێمینیزمی فەرەنسی**

فێمینیزمی فەرەنسی بەو لقە لە فێمینیزم دەگوترێت کە گروپێک لە فێمینیستەکانی فەرانسا لە نێوان ساڵانی ١٩٧٠کان تا ١٩٩٠ەکان سەرقاڵی بوون. فێمینیزمی فەرەنسی، لەگەڵ فێمینیزمی ئەنگلۆفۆن بەراورد دەکرێت، کە زیاتر ڕەوتێکی فەلسەفی و ئەدەبی گرتبووە خۆ. نووسراو و ئەدەبیاتەکەیان زیاتر میتافۆریک و تەمومژاوی بوو، کەمتر بەلای دکتورینی سیاسیدا دەچوون و زیاتر تیۆرییەکانیان پەیوەست بوو بە «جەستە»وە. دەستەواژەکە ئەو نووسەرانەشی دەگرتەوە کە فەرەنسی نەبوون بەڵام بە بەردەوامی لە فەرەنس کاریان دەکرد و نیشتەجێ بوون و لەژێر کاریگەری داب و نەریت و کولتووری فەرەنسیدا بوون، وەک جولیا کرستیڤا و براچا ئێتینگەر.

لە ١٩٧٠کاندا، فێمینیزمی فەرەنسی دەستەواژەی فێمینیزمی ئێکریچەریان دروست کرد، کە بریتی بوو لە نووسین یان ئەدەبیاتی ژنانە. هێلین کیسوس پێی وایە کە فەلسەفە و نووسین خاڵی هاوبەشن و شانبەشانی فێمینیستەکانی تری وەکو لویس ئیریگاری، جەختیان دەکردەوە لەسەر ئەوەی «نووسین لەبارەی جەستەوە» ڕاهێنانێکی تێکدەرانەیە. کارەکانی دەروونناس و فەیلەسوفە فێمینیزمەکانی وەکو جولیا کرستیڤا کاریان کردە سەر تیۆرییەکانی فێمینیست بە شێوەیەکی گشتی و ئەدەبیاتی ڕەخنەی فێمینیستی بە تایبەت. لە ساڵانی ١٩٨٠کان بەدواوە، کاری هونەرمەند و دەروونشیکار براچا ئێتینگەر کاریگەری لەسەر ئەدەبیاتی ڕەخنەگرانە دانا، مێژووی هونەر و تیۆری

فیلم، هەروەها، وەک لێکۆڵەر ئێلیزابێث ڕایت ئاماژەی پێدا، «هیچ یەکێک لە فێمینیستە فەرانساییەکان پشتگیری بزوتنەوەی فێمینیزم نەبوون وەک لە جیهانی ئەنگلۆفۆن دەرکەوت.

### قوتابخانەکانی لێکۆڵینەوە

تیۆریەکانی فێمینیزم لە کێڵگەی تیۆرییەکانی فەلسەفەوە درێژ بووەتەوە. ئەمانەش بەشێک لە پسۆرێتییان گرتۆتە خۆ، ئەنترۆپۆلۆجی «کولتوورناسی»، سۆسیۆلۆجی «کۆمەڵناسی»، ئێکۆنۆمی «ئابووری»، لێکۆڵینەوە لە ژن «ژنۆلۆجی»، ڕەخنەی ئەدەبی، مێژووی هونەر، دەروونناسی و فەلسەفە. تیۆری فێمینیستی ئامانجی ئەوەیە سەبارەت بە نایەکسانی جیندەری تێگەیشتنێک دروست بکات و جەخت بکاتە سەر سیاسەتی جێندەر، پەیوەندی هێز و سێسوالێتی. لە کاتێکدا کە ڕەخنە لەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسییانە دەگرێت، لە هەمان کاتدا تیۆرییەکانی فێمینیست هاندەری بەدەستهێنانی مافەکانی ژنان و بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانیانە. ئەو بابەتانەی کە تیۆری فێمینیستی و تیۆری جەندەر دەیگرێتە خۆی بریتیین لە کاریگەری ئایدۆلۆژی و کاریگەری ئەدەبی سێکسی/جەندەری و بەرهەڵستی سەبارەت بە چەوساندنەوەی سیستەمی باوکسالاری.

ڕەخنەگری ئەمریکایی و فێمینیست ئێرین شۆڵتەر، ڕووەکانی پەرەسەندنی تیۆری فێمینیستی شی دەکاتەوە. سەرەتا و یەکەمین، ئەو دەستەواژەی «ڕەخنەی فێمنیستی» داهێنا، کە تیایدا خوێنەری فێمینیست ئایدۆلۆژیای پشتی نووسین و دیاردەکان دەخوێننەوە. دووەمین، شۆڵتەر ناوی «ڕەخنەی جێنۆتیک»ی داهێنا، کە تیایدا «ژن بەرهەمهێنەری مانای دەقەکانە»، کە دینامیکییەتی سایکۆلۆجی داهێنانی ژنانە دەگرێتەوە، هەروەها زمانەوانی و کێشەی زمانی ژن، ڕەوتی پیشەی ئەدەبی تاکەکەسی و گروپی ژنان و مێژووی ئەدەب. سێیەمیان، شۆڵتەر «تیۆری جێندەر»ی داهێنا، کە تیایدا سترکتوری ئایدۆلۆژی و ئەدەبیات سەبارەت بە سیستەمی جەستە، دەخاتە ڕوو. لێکۆڵەر تۆریل مۆی ڕەخنەی لەم مۆدێلە گرت، وەک مۆدێلێکی سەرەکی و بڕیاردەر لەبارەی بارودۆخی ئافرەتان کە هیچ ڕوونکردنەوەیەکی نییە بۆ ژنان لە دەرەوەی سنووری ڕۆژئاوا.

**بزوتنەوە و ئایدۆلۆجییەکان**
هەندێ لە لقەکانی بزوتنەوەکانی فێمینیستی بە درێژایی ساڵەکان پەرەیان سەند، هەندێ لە جۆرەکانی لە خوارەوە پۆلێن کراوە. هەندێ لە بزوتنەوەکان خۆیان بە چەند بەش و لقێکەوە گرێ دەدەن و دەناسێنن.

**ئەنارشا**
فێمینیزمی ئەنارشا (کە بە ئەنارشیست فێمینیزم و ئەنارشۆ فێمینیزم یش ناو دەبرێت)، ئەنارشیزم بە فێمینیزمەوە گرێ دەدەن. بە شێوەیەکی گشتی وا لە سیستەمی باوکسالاری دەڕوانێت کە دەرخستەی سیستەمێکی هەرەمی ناخۆبەخشانە بێت. ئەنارشیست فێمینیستەکان باوەڕیان وایە خەبات دژی سیستەمی باوکسالاری بەشێکی جەوهەرییە لە خەبات دژی سیستەمی چینایەتی و خەباتی ئەنارشیستییە دژی دەوڵەت. لە جەوهەردا، فەلسەفەکە خەباتی ئەنارشیستی بە پێویست دەزانێت لە پێکهاتەی خەباتی فێمینیزمدا و بە پێچەوانەشەوە. وەک ل. سوزان براون وایدادەنێت «وەک ئەنارشیزم فەلسەفەیەکی سیاسییە و بایەخ بە پەیوەندییەکانی هێز دەدات، بە هەمان شێوە فێمینیزمیش میراتگریەتی».
لە فێمینیستە گرنگەکانی ئانارشا فیمینیزم ئێما گۆڵدمان، فرێدریکا مۆنتێسنی، ڤۆڵتارین دی کلێر پارسۆن بوون. لە جەنگی ناوخۆی ئیسپانیادا، گروپێکی فێمینیستی ئەنارشا سەری هەڵدا بە ناوی « ژنانی ئازاد» کە پەیوەست بوون بە فیدراسیۆنی ئەنارشیستا ئیبریکاوە، وا رێکخرابوو کە بەرگری لە هەردوو بیرۆکەی ئەنارشیزم و فێمینیزم بکات.
نووسەر و تیۆریسێنە هاوچەرخەکانی ئەنارشا فێمینیزم پێکهاتبوون لە جێرمان گریر، ل.سوزان براون و گروپەکانی ئەنارشا فێمینیستەکان بریتی بوون لە موخرێس کریاندۆی بولیڤیا، چیرلیدەرە ڕادیکاڵەکان، گروپی ئانارشا فێمینیستی ئیسپانی چوارمشقی، لوس ئەنجلس ریڤۆڵتا و کۆنفرانسی بۆستۆن.

**سۆشیالیست و مارکسیست**
فێمینیزمی سۆشیالیستی چەوساندنەوەی ژن دەبەستێتەوە بە ئایدۆلۆژی مەرکسیستەوە سەبارەت بە چەوساندنەوەی چینایەتی و دابەشکردنی کارەوە. فێمینیزمی سۆشیالیستی پێی وایە لە هەردوو کەشی کار و ناو خێزاندا پێگەی ژن لە خوارەوەیە. فێمینیزمی سۆشیالیستی پێی وایە، لەشفرۆشی، کری ناوماڵ و هاوسەرگیری و سەرپەرشتی منداڵ،

ئەو ڕێگایانەن کە بەهۆیانەوە ژن دەچەوسێندرێتەوە و ناهێڵێت ژن کارێکی جێگرەوە و بەرهەمهێنەر بکات. فێمینیستە سۆشیالیستەکان جەخت دەکەنەوە لەسەر ئەوەی کە هێز و وزەی ژنان دەتوانێ کاریگەری گەورە لەسەر کۆمەڵگە بکات ئەگەر بە دروستی بەکار ببرێت و ئەگەر شانبەشانی نەک تەنها پیاو بەڵکو گروپ و چین و توێژەکانی تری کۆمەڵ، بڕوات. هەروەها ئەوان چەوساندنەوەی ژن وەک بەشێک لە چەوساندنەوەیەکی گەورەتر دەبینن کە هی سیستەمی سەرمایەدارییە و کاریگەری لەسەر هەموو تاکێک دادەنێت.

مارکسیست فێمینیزم پێی وایە هەر کاتێک چەوساندنەوەی چینایەتی کۆتایی هات، چەوساندنەوەی ژنیش کۆتایی پێ دێت. بە پێی هەندێ لە فیمینیستە سۆشیالیستەکان ڕوانین لە چەوساندنەوەی جێندەر وەکو ژێربەشێک لە چەوساندنەوەی چینایەتی ساویلکانەیە و کاری زۆری فێمینیستەکان بەرەو جیاکردنەوەی دیاردەی جێندەر لە دیاردەی چینایەتی دەڕوات. زۆرێک لە بەشدارانی سۆشیالیست فێمینیستەکان ڕەخنەیان لە نەریتی ئایدیای مارکسیست دەگرت کە بێدەنگە لە ئاستی چەوساندنەوەی جێندەریدا. هەندێکی تر لە سۆشیالیست فێمینیستەکان پەیوەندیدار بوون بە ژنە فێمینیستە ڕادیکاڵەکانەوە کە پەیوەست بوون بە پارتی ئازادی سۆشیالیستەوە، دوو ڕێکخراوی تەمەندرێژی ئەمریکایی، ئاماژەیان بە نووسینە مارکسیستییە کلاسیکەکانی فرێدریک ئەنگلس و ئاوگوست بیڵ دەدا، وەک شیکردنەوەی زۆر بەهێز و دۆزەرەوەی پەیوەندی و بەستەری نێوان چەوساندنەوەی جێندەر و چەوساندنەوەی چینایەتی.

لە درەنگانێکی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتاکانی سەدە بیستەم هەردوو نووسەر کلارا زیتکین و ئێلینور مارکس دژی دێواندنی پیاو بوون و هاوکاری شۆڕشی پرۆلیتاریایان دەکرد کە هێندەی توانییان زۆرێک لە نایەکسانییەکانی نێوان نێر و مێیان تێپەڕاند. بزوتنەوەکەیان داخوازی یەکسانی نێوان ژن و پیاوی کردە ئامانج و زۆرێک لە سەرکردە مارکسیستەکان، لە ناویاندا کلارا زیتکین و ئەلێکساندرا کۆلۆنتای، زیاتر مارکسیزم و فێمینیزمیان بەرامبەر بە یەکتر دەبینی وەک لەوەی هەوڵ بدەن پەیوەستیان بکەن بە یەکترەوە.

**ڕادیکاڵ**

فێمینیزمی ڕادیکال وایدەبینن کە نێر کۆنترۆڵی سیستەمی کاپیتالیستی کردووە، ئەمەش وەک سێکسسالاری وەسف دەکەن، کە هۆکارە لە چەوساندنەوەی ژن. رادیکاڵ فێمینیستەکان باوەڕیان وایە کە ژن تەنها لەو ڕێگەیەوە دەتوانن خۆیان ئازاد بکەن کە زاڵ بن بەسەر ئەو میراتییە لە چەوساندنەوە کە لە سیستەمی باڵادەستی باوکسالاریدا بۆیان ماوەتەوە. فێمیسنیستە ڕادیکاڵەکان وا هەست دەکەن کە سترکتوری هێز و دەسەڵات نێرسالارییە و ئەمەش بەرپرسیارە لە چەوساندنەوەی مێ و نایەکسانی نێوان ژن و پیاو بە درێژایی سیستەمی باوکسالاری کە ناتوانرێت بە شێوەیەکی چارەنووسسازانە ریفۆرم بکرێت. هەندێ لە ڕادیکاڵ فێمینیستەکان پێیان وایە کە هیچ ئەڵتەرناتیڤێک نییە جگە لە بنجبڕکردنی ئەو پۆلێنکردنە کۆمەڵایەتییەی لەو سیستەمەدا هەیە، بۆ ئەوەی ئامانجەکە بەدی بێت.

بە تێپەڕبوونی کات، هەندێ لقی رادیکاڵ فێمینیزم دروست بوون، وەکو فێمینیزمی کولتووری، فێمینیزمی جودابیخواز و فێمینیزمی دژە پۆرنۆگرافی. فێمینیزمی کولتووری ئەو ئایدۆلۆجیە بوو کە پێی وابوو»سروشتی مێ «یان»جەوهەری مێ» کە هەوڵی دا دووبارە برەوی پێبدا لە کاتێکدا بە بی برەو و کەمبایەخ دادەنرا. جەختی دەکردەوە لەسەر جیاوازییەکانی نێوان ژن و پیاو و هەوڵی دەدا لە ڕووی دەروونی و کولتوورییەوە بێت وەک لەوەی لە ڕووی بایۆلۆجییەوە سەرچاوە بگرێت. ڕەخنەکانیان جەختی لەسەر دەکرایەوە چونکە لەسەر بنچینەی گۆشەنیگای بونیادگەرانە جیاوازییەکانی نێوان ژن و پیاوی هەڵدەسەنگاند و بەرگری لە سەربەخۆیی و بەدامەزراوەییکردن دەکرد، فێمینیستەکانی دنە دەدا بۆ ئەوەی لە سیاسەت بکشێنەوە و «ستایلی ژیان» هەڵبژێرن، هەر کە ڕەخنەیان لێ گیرا. ئەلیس ئیکۆلس (مێژوونووسی فێمینیستی و تیۆریسێنی کولتووری)، کە ئەندام بوو لە ڕێدستۆکینس، برۆکس ویلیەم، کە دەستەواژەی فێمینیزمی کولتوورییان بەرهەم هێنا لە ساڵی ١٩٧٥ دا، بۆ وەسفکردنی نادامەزراوەیی فێمینیزمی رادیکاڵ.

فێمینیستە جودابیخوازەکان، جۆرێک لە فێمینیزمی ڕادیکاڵ بوون، کە پشتگیری هیترۆسێکسوالیتییان نەدەکرد. باوەڕیان وابوو کە هاوسەرگیری نێوان ژن و پیاو چارەی نییە. فێمینیستە جودابیخوازەکان بە گشتی پێیان وابوو کە پیاو ناتوانێ هیچ بەشداریەکی ئەرێنی لە بزوتنەوەی فێمینیزمدا بکات و تەنانەت پیاوە نیەتباشەکانیش هەستی باوکسالاری دەیانجولێنێت. نووسەر مارلین فرای وا وەسفی فێمینیزمی جودایخواز دەکات

«جیابوونەوەی چەندین جۆری مۆدێل لە پیاوان و لە دامەزراوەکان، پەیوەندیەکان، ڕۆڵەکان و چالاکییەکان کە نێر پێناسەیان دەکات و نێر دەسەڵاتی بەسەریاندا دەشکێ و لە بەرژەوەندی نێردا دەبێ و بۆ برەوپێدانی توخمی نێر کار دەکات، ئەم جیاخوازییە لە لایەن ژنەوە دەستپێشخەری بۆ دەکرێت و دەپارێزرێت و ویستی ژنە».

## لیبراڵ

فێمینیزمی لیبراڵ، یەکسانی ژن و پیاو لە ڕێگەی ریفۆرمی سیاسی و یاساییەوە دەبینیت. فۆرمێکی تاکگەراییانەی فێمینیزمە، کە جەخت دەکاتەوە لەسەر توانای ژن و پاراستنی یەکسانی نێوانیان لە ڕێگەی کردارەکانی خۆیانەوە و هەڵبژاردنەکانیانەوە. لیبراڵ فێمینیزم پەیوەندییەکانی نێوان ژن و پیاو بەکار دێنێت وەکو شوێنێک بۆ گۆڕینی کۆمەڵکە. بە پێی لیبراڵ فێمینیستەکان، هەموو ژنێک توانای هەیە تواناکانی خۆی لە خزمەتی یەکسانیدا بەکار بهێنێت، بۆیە ئەگەری ئەوە هەیە بە بێ ئەوەی سترکتوری کۆمەڵگەش بگۆڕدرێت، گۆڕانکاری لە کۆمەڵدا ڕوودەدات. ئەو مەسەلانەی بەلای لیبراڵ فێمینیستەکانەوە گرنگن بریتیین لە وەچەنانەوە، مافی لەباربردنی منداڵ، هەراسانکردنی سێکسی، دەنگدان، پەروەردە، کرێی یەکسان بۆ کاری یەکسان، سەرپەرشتی منداڵ بە نرخی هەرزان، سەرپەرشتی تەندروستی بە نرخی هەرزان، بەرجەستەکردن و خستنەڕووی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان و توندوتیژی ناو خێزان لە دژی ژنان.

## فێمینیزمی ڕەش

فێمینیزمی ڕەش وای دادەنێت سێکسیزم، چەوساندنەوەی چینایەتی و ڕاسیزم، پەیوەندییەکی لێکتر دانەبڕاویان هەیە. ئەو جۆرانە لە فێمینیزم کە کۆشش دەکەن بۆ نەهێشتنی سێکسیزم و ستەمی چینایەتی، بەڵام هەڵاواردنی نەژادی لە دژی هەندێ لە خەڵک فەرامۆش دەکەن، لەناو ئەوانەدا هەڵاواردنی ژنان، لەمیانەی بنچینەی نەژادییەوە. کتێبی ڕووباری کۆمباهی، کە لە ساڵی ١٩٧٤ دەرچوو، دەیخاتە ڕوو کە ئازادبوونی ژنانی ڕەشپێست ئازادبوونی تەواوی خەڵکی پێویستە و داوای کۆتایی هێنان بە سیاسەتەکانی نەژادپەرستی، سێکسیزم و ستەمی چینایەتی دەکات. یەکێک لەو تیۆرییانەی کە لەم بزوتنەوەیە سەرچاوەی گرت وەمەنیزمی ئالیس وۆڵکەر بوو. لە ئاستانەی سەرهەڵدانی فێمینیزمەوە کە لە لایەن ژنانی سپیپێستەوە سەرکردایەتی دەکرا، دەستی پێکرد و بەرگری دەکرد لە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی وەکو بزوتنەوەی دەنگدانی ئافرەتان.

ئەم بزوتنەوانە بە شێوەیەکی بەرفراوان ژنانی سپیپێستی چینی ناوەڕاستی کۆمەڵی دەگرتەوە و بە گشتی ئەو چەوساندنەوە و ستەمانەی فەرامۆش دەکرد کە لە سەر بنچینەی نەژادپەرستی و چینایەتی پیادە دەکرا.
ئەنجێلا داڤیس لە یەکەمەکان بوو کە پرسی ڕاسیزم، جێندەر و چینایەتی لە کتێبەکەیدا تاوتوێ کرد کە بە ناوی «ژن، نەژاد و چین» بوو. کیمبێرلە کرێنشۆ، تیوریسێنی یاسای بەردەوامی فێمینیست، لە توژینەوەکەیدا «نەخشەکێشانی پەراوێزکان» پەیوەندی، ناسنامەی سیاسی و توندوتیژی لە دژی ژنانی ڕەشپێست، تاوتوێ کرد.

## پۆست کۆلۆنیال و جیهانی سێیەم

فێمێنیستی پۆست کۆلۆنیال، پێی وایە چەوساندنەوەی پەیوەست بە ئەزموونی داگیرکاری، بە تایبەت نەژادپەرستانە، چینایەتی و چەوساندنەوەی نەتەوایەتی، ژنانی لە کۆمەڵگە داگیرکراوەکاندا خستۆتە پەراوێزاوە. ئەوان ئاڵنگاری ئەو مەزەندەیە دەکەن کە ستەمی جێندەرئامیز فشاری سەرەکی سیستەمی باوکسالارییە. فێمینیستە پۆست کۆلۆنیالەکان وێنەی ژنانی کۆمەڵگەکانی نارۆژئاوایی وەک پاسیڤ و بێدەنگ دەکێشن و وێنەی ژنانی رۆژئاوایی وەک بەتوانا، مۆدێرن و رۆشنبیر، دەکێشن.
فێمینیزمی پۆست کۆلۆنیال لە مێژووی کۆلۆنیالیزمەوە سەری هەڵداوە: هێزە کۆلۆنیالیستەکان بەردەوام پێوەرە رۆژئاواییەکانیان بەسەر ناوچە داگیرکراوەکانی خۆیاندا سەپاندووە. لە ١٩٤٠ەکان و ١٩٥٠کان، دوای دروستبوونی نەتەوە یەکگرتووەکان، کۆلۆنییە کۆنەکانی کە لە لایەن رۆژئاواوە بەڕێوە دەبران، وا دادەنران کە لە رووی کۆمەڵایەتییەوە پێشکەوتوون. پێگەی ژن لە جیهان گەشەسەندوودا لە لایەن رێکخراوەکانەوە سەرپەرشتی دەکرا، وەک رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و لە ئەنجامیشدا بە پراکتیک و نەریت رۆڵەکان بەو شێوە دادەنران لە لایەن ژنانەوە کە لە لایەن ژنانی رۆژئاواوە دژ بە تام و بۆ و ستاندارد‌ی نۆرمەکانی ژنانی رۆژئاوا بوو، وەک بەرهەڵستکاری ژنانی رۆژئاوا و چەوساندنەوەی داگیرکارانەی رۆژئاوا، رەفتاریان دەکرد. ئەمرۆ فێمینیستە پۆست کۆلۆنیالەکان خەبات دەکەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی چەوساندنەوەی جێندەری لەناوخۆی کولتووری خۆیاندا و ئەو مۆدێلە کۆمەڵگایەی خۆیان زیاتر لەوەی دژی ئەو کولتوورە بن کە سەپێندرا بەسەریاندا لە لایەن داگیرکارە رۆژئاواییەکانەوە.
پۆست کۆلۆنیال فێمینیزم ڕەخنەگری فێمینیزمی رۆژئاواییە، بە شێوەیەکی بەرچاوتر رەخنەگری ڕادیکال فێمینیزم و لیبراڵ فێمینیزمە کە ئامانجیان بەگەردوونیکردنی ئەزموونی ژنانە. پۆست کۆلۆنیال فێمینیستەکان، وای دەبینن کە ئەو کولتوورانەی کاریگەری

داگیرکارانیان لەسەرە، زۆرجار بە تەواوی جیاوازن و دەبێت هەر ئاواش رەفتاریان لەگەڵ بکرێت. چەوساندنەوەی داگیرکارئامێز، دەشێ ڕەواجدەر بێت بە کولتووری پێش داگیرکارییەکان، کە لەو کولتوورانەدا نەریتە چینایەتییەکان لەسەر بنچینەی جێندەری زاڵە و وەسفی ئەو قبوڵکردن یان ڕەتکردنەوەیە دەکات کە نایەکسانی و پرسەکانی جەندەری وەک میرات لێ ماوەتەوە. فێمینیستە پۆست کۆلۆنیالەکانک کاردانەوەیان هەبوو لە دژی مەیلی بەگەردوونیکردنی فێمینیستی رۆژئاوایی، لەمیانەی بیر و ئایدیای رەوتەکانی دوای داگیرکاریی «پۆست کۆلۆنیالیزم».

فێمینیزمی جیهانی سێیەم، وەک گروپێک تیۆری فێمینیست دەبینرێن کە لە لایەن فێمینیستەکانەوە گەشەیان پێدرا، کە بیرۆکەکانیان لە سیاسەتی فێمینیستیدا رەنگی دایەوە لەو شوێنانەدا کە ناوی لێنرا وڵاتانی جیهانی سێیەم. ژنانی وڵاتانی جیهانی سێیش تێکەڵ بە بزوتنەوەی فێمینیستی بوون، چاندرا تالپەید موهانتی و سارۆجینی ساهوو، رەخنەیان لە فێمینیزمی رۆژئاوایی دەگرت لەوەی سەرچاوەگرتوون لە نەتەوە و ئیتنیکەوە و ئەزموونی ژنانی وڵاتانی جیهانی سێ بە هەند وەرناگرن. بە پێی بیرۆکەی چاندرا تالپەید موهانتی، ژنان لە جیهانی سێیەم، وا هەست دەکەن فێمینیزمی رۆژئاوایی لە سەر بنچینەی ڕاسیزمی ناوخۆیی، چینایەتی و هۆمۆۆبیا، تێگەیشتنەکانیان لە ژن، بنیات ناوە. ئەم گوتارە بە توندی بە فێمینیزمی ئەفریکایی و فێمینیزمی پۆست کۆلۆنیالەوە گرێ دەدرێت. گەشەسەندنەکەشی پەیوەستە بە دەستەواژەی وەکو فێمینیزمی رەش، ومەنیزم، «ومەنیزمی ئەفریکایی»، «مەذەریزم»،«ستیوانیزم»، «نیگۆفێمینیزم»، چیکانا فێمینیزم و «فێمالیزم».

**فرەنەژاد**

فێمینیزمی فرەنەژاد «موڵتیڕەشال فێمینیزم»، هەروەها بە ژنانی فرەڕەنگ یان فێمینیزمی فرەڕەنگ ناسراوە، دەستپێکەکەی لە تیۆری و شیکارییەکانی هەڵهێنجراو لە ژیان و ئەزموونی ژنانی فرەرەنگ و فرەنەژادەوە سەرچاوەی گرتووە. تیۆرییەکە لە ساڵانی ١٩٩٠ەکان دەستی پێکرد و لە لایەن د.ماکسین باکا زین، فێمینیستی چیکانا و، د. بۆنی ثۆرنتۆن دیل، پسپۆر و کۆمەڵناسی بواری خێزانی ئەفریکا-ئەمریکایی، گەشەی پێدرا.

**ئازادیخوازەکان**

بە گوێرەی ئینسیکلۆپیدیای ستانفۆردی فەلسەفە، «ئازادیخوازی کلاسیک یان فێمینیزمی ئازادیخواز، پێیان وایە ژن و پیاو خاوەنی خۆیانن و ئازادییشیان لەو مافی خاوەندارییەتی خوودەوە سەرچاوە دەگرێت.

لەژێر پۆلێنی فێمینیزمی ئازادیخوازدا چەند جۆرێکی فێمینیزم بەدی دەکرێت کە ئایدۆلۆجیای ئازادیخوازی تەوەری بیرکردنەوەیانە. فێمینیزمی ئەنارشی کە پێشی دەگوترێت ئەنارشۆ فێمینیزم) کە فێمینزم گرێ دەدەن بە باوەڕی ئەنارشییەوە و ئازادیخوازی کلاسیک بەرجەستە دەکەن زیاتر لەوەی ئازادیخوازی کۆنپرێزانەی هاوچەرخ پیادە بکەن. فێمینیزمی ئەنارشی، باوکسالاری وەک خستنەرووی هەرەم دەبینیت و پێی وایە بەرەنگاربوونەوەی باوکسالاری بەشێکی جەوهەرییە لە بەرەنگاربوونەوەی دەوڵەت. فێمینیستە ئەنارشییەکانی وەکو سوزان براون، وای دەبینن کە خەباتی ئەنارشیستی بەشێکی گرنگ خەباتی فێمینیستییە. بە پێی وتەکانی سوزان براون، ئەنارشیستی فەلسەفەیەکی سیاسییە و ڕووبەڕووی هەموو پەیوەندییەکی هێزئامیز دەبیتەوە و لە سروشتی خۆیدا فێمینیستانەیە. لەم دواییەشدا، وێندی ماک ئێلۆری، بارودۆخەکەی وا پێناسە کرد (خستیە خانەی ئی-فێمێنیزم یان فێمینیزمی تاکگەریی ەوە) کە فێمینزم بە کاپیتالیزمی ئەنارشیستەوە گرێ دەدات و بە ئازادیخوازی کۆنەپارێزی هاوچەرخیشی گرێ دەدات و جەخت دەکاتەوە لەسەر مافی یەکسان و تواناسازی بۆ ژنان. ئەنارشیستە تاکگەرییەکان لە فێمینیست لە ئەمریکا گەشەیان کرد و سەر بە بزوتنەوەی ئەنارشیستی تاکگەرا بوون.

فێمینیزمی تاکگەرا وەک فێمینیزمی بەرهەڵستکار پێناسە کرا لە لایەن نووسەری وەکو وێندی ماک ئێلۆری و کرستینا هۆف سۆمەرس ەوە کە دەستەواژەی فێمینیزمی سیاسی یان فێمینزمی جێندەری بەرهەم هێنا. هەرچەندە، هەندێ جیاوازی لە نێو خوودی گفتوگۆکاندا هەبوو سەبارەت بە فێمینیزمی تاکگەرا. لە کاتێکدا کە هەندێ لە فێمینیستە تاکگەراکانی وەکو ماک ئیلۆری وای دادەنێت کە دەستتێوەردانی حکومەت بۆ بژاردەکانی ئافرەتان سەبارەت بە جەستەی خۆیان وا دەکات هەرەمی باوکسالاری پتەوتر بکات. هەندێ لە فێمینیستەکانی تری وەکو کرستینا هۆف سۆمەرس، پێی وابوو کە ڕۆڵی سیاسی فێمینیزم ئەوەیە کە زامنی ئەو مافە بۆ هەمووان و لە نێویشیاندا بۆ ژنان بکات کە دەستتێوەردانی بەزۆر نەهێڵیت بۆ سەر ژیانیان و ڕێز لە هەڵبژاردنەکانیان بگرێت.

سۆمەرس وەسفی «فێمینیستە کۆمەڵایەتییە کۆنپاریز و یەکسانخوازەکان» دەکات و لە ئینسکلۆپیدیای فەلسەفەدا. ڕەخنەکان بە ئەنتی فێمینیست «دژە فێمینیست» ناو براوە.

## گۆشەنیگا

لە میانەی ١٩٨٠کاندا، گۆشەنیگای فێمینیستەکان گفتوگۆی ئەوەی دەکرد کە ئەزموونی ژنان چۆن لە پەیوەندی بە نەژادپەرستی، خەباتی چینایەتی و کۆلۆنیالیزەکردن، بخاتە ڕوو. لە کۆتایی ١٩٨٠کان و سەرەتای ١٩٩٠ەکان فێمینیستی پۆست مۆدێرن گفتوگۆی ئەوەیان دەکرد ڕۆڵی جێندەر ستروکتورێکی کۆمەڵایەتی هەیە و ناکرێت گشتاندن بکرێت بۆ ئەزموونی ژنان لە ناو کولتووره جیاوازەکانی مێژوودا.

## پۆست مۆدێرن و پۆست بونیادگەریی

فێمینیزمی دوای بونیادگەریی، هەروەها بە فێمینیزمی فەرەنسیش ناو براوە، ڕوانینی زۆرێک لە بزوتنەوە مەعریفییەکان «ئێپستمۆلۆجی»یەکان بەکار دەبات، لە نێویاندا دەروونشیکاری، لینگڤیستیک «زانستی زمان»، تیۆری سیاسی (مارکسیست و تیۆری دوای مارکسیست)، تیۆری نەژاد، و بیروڕای تری ڕووناکبیریی کە جێگەی بایەخی فێمینیستەکان بوو. زۆرێک لە فێمینیستەکانی دوای بونیادگەریی پێیان وایە جیاوازی یەکێک لە ئامرازە هەرە بەهێزەکانە کە ژن بەکاری بهێنێت لە دژی زاڵدەستی کولتووری باوکسالاری و پێیان وابوو یەکسانی بە پیاوەر و لەژێر کاریگەری  و بە گۆشەنیگای باوکسالاری دەپێورێت.

فێمینیزمی پۆست مۆدێرن، تیۆرییەکی نزیکە لە تیۆرییەکانی پۆست مۆدێرن و تیۆرییەکانی پۆست بونیادگەریی. لە هەموو جۆرەکانی تری فێمینیزمدا ئەمیان پێی وایە کە جیاوازییەکانی جیندەر بەهۆی بونیادی زمانەوەیە و لە زمانەوە سەرچاوە دەگرێت. بەڵگە هەرە بەرچاوەکانی کە ئەم بەشە لە فێمینیزم دەیهێنایەوە یودیث بوڵتەر بوو. لە کتێبی ساڵی ١٩٩٠ کە بە ناوی کێشەی جێندەر بوو، ڕەخنە لە کارەکانی سیمۆن دی بۆڤوار و مێشیل فۆکۆ و جاک لاکان دەگرێت. بوڵتەر ڕەخنە لە هەڵاواردنی ژنان دەگرێت کە لە سەر بنچینەی سێکسی بایۆلۆجی و سترکتووری کۆمەڵایەتی و جێندەر دەکرێت. ئەو دەڵێت ئەوە ڕێپێدراو نییە کە ڕەخنە لە ئوسوڵییەکان بگیرێت. بۆ بەتڵەر، ژن جۆرە بونەوەرێکی گفتوگۆهەڵگرە، لە لایەن چینایەتی، سیکسوالیێتی، ئیتنیکی و

جۆرەکانی تری ناسنامەوە، ئاڵۆز کراوە. پێی وایە کە هیچ هۆکارێک نییە بۆ ژێردەستەیی و وابەستەیی ژن و هیچ شێوازێک نییە کە ڕەوایەتی بدات بەم جۆرە رەفتارکردنە لەگەڵ پرسی ژن.
لە بەیاننامەی سایبۆرگ، دوننا هاراوای رەخنە ئاراستەی دەستەواژە نەریتییەکانی فێمینیزم دەکات، بە تایبەتی ئەوانەی کە جەخت لەسەر ناسنامە، زیاتر لە نزیکبوونەوە، دەکەنەوە. ئەو نووسەرە خوازەی سایبورگ بەکار دەهێنێت بۆ بونیادنانی فێمینیزمی پۆست مۆدێرن کە لە پشت دوانەی سنووردارکردنی نەریتی جێندەر، فێمینیزم و سیاسەت، دەجولێت. سایبورگی هاراوای هەوڵێکە بۆ جیاکردنەوەی چیرۆکی ئۆدیب و ئەفسانە ڕەسەنەکانی مەسیحییەت وەکو چیرۆکی پەیدابوون. ئەو دەنووسێت «سایبورگ خەونێک نییە بۆ مۆدێلێکی کۆمەڵی خاوەن خێزانی گەورە، ئەم جارە بە بێ چیرۆکی ئۆدیب و باخچەکانی عەدەن لە بەهەشت. دروست نەکراوە لە قوڕ و ناشگەڕێتەوە بۆ ناو خۆڵ».
زۆرێک لە لقەکانی فێمینیزمی پۆست مۆدێرن سەریان هەڵدا وەک دەروونشیکاری پۆست مۆدێرنیزمی هاوچەرخ. کاری تری نووسین سەبارەت بە پۆست مۆدێرنیزمی فێمینیست جەختیان لەسەر ڕۆڵی نمونەیی جێندەر دەکردەوە، تەنیا لەبەر ئەوەی وەک ئەفسانەی گاڵتەجاری بۆ باوەڕە ڕەسەنەکان، پیشانیان بدات. مێژووی فێمینیزم لەو نووسینانەدا زۆر بە گرنگ نازانرێت، ئەوە رەت دەکرایەوە کە مێژوو بەکار بهێندرێت بۆ وێناکردنی ئەو گاڵتەجارییەی باوەڕە باوە بێ ئەرزشەکانی ڕابردوو هەیانبوو. تیۆری فێمینیستی مۆدێرن بە شێوەیەکی فراوان رەخنەی دەهاتە سەر لەوەی ئەگەر بە شێوەیەکی بەرتەسکیش بێت پەیوەست بوو بە ئەکادیمیا رۆژئاواییەکانی چینی ناوەڕاستەوە. ماری جووی فروگ، فێمینیستی پۆست مۆدێرن، ڕەخنەی دەگرت لە شەپۆلەکانی فێمینیزم کە زۆر بەرتەنگ بوون و بایەخیان نەدەدا بە مەسەلەکانی پەیوەست بە چین و نەژادەوە.

## ژینگەگەرا

ئیکۆفێمینیزم ئیکۆلۆژی دەبەستێتەوە بە فێمینیزم. ئیکۆفێمینیستەکان باڵادەستی ژن لە هەمان سەرچاوەی ئایدۆلۆجییەوە هەڵدەقوڵێت کە باڵادەستی ژینگەی لێوە دێت. سیستەمی باوکسالاری کە پیاو تیایدا دەستی بەسەر خاکدا گرت، بە بەرپرسیاریش دەزانرێت لە چەوساندنەوەی ژن و وێرانکردنی ژینگەی سروشتیش. ئیکۆفێمینیستەکان وای دەبینن پیاوانی دەسەڵاتدار کۆنترۆڵی خاکیان کردووە بۆیەش توانیویانە خراپی بکەن

و لە بەرژەوەندی خۆیان و لە پێناوی سەرکەوتنی خۆیاندا بەکاری بهێنن. هەروەها پیاوانی دەسەڵاتدار لەم بارودۆخەدا ژنیشیان بەکارهێناوە بۆ بەرژەوەندی خۆیان و سەرکەوتنی خۆیان و خۆشی خۆیان. فێمینیستە ژینگەگەراکان پێیان وایە ژن و ژینگە لە لایەن پیاوانی دەسەڵاتبەدەستەوە وەک سەربازی پاسیڤی شەترەنج لە کێبڕکێی بردنەوە و لە پێناوی بەهێزترکردنەوەی ئەواندا بەکار دەبرێن و دەجوڵێندرێنەوە. ئیکۆفێمینیستەکان وای دەبینن کە بەهۆی بێدەسەڵاتی و پاسیڤییانەوە، پیاوانی زاڵدەست لە کۆمەڵگە دەتوانن کەڵکئاوەژوو لە ژن و ژینگە وەربگرن و لە پێناوی هێشتنەوەی دەسەڵاتی خۆیان. ئەوان بەکارهێنان و دەستبەسەرداگرتنی ژن و ژینگە وەک یەک دۆخی لێکچووی پەیوەندیدار بە یەکەوە، دەبینن. ئەوان هەست دەکەن ریفۆرمی کۆمەڵایەتی و ئیکۆلۆجی پێکەوە دەکرێت و لە رێگەی چارەسەرکردنی وێرانکاری ژینگە و دادپەروەری و بە شێوەیەکی تەندروست رەفتارکردن لەگەڵ ژینگەدا، دەکرێ بۆ گەشەسەندنی خێزان و دەستەبەری بەختەوەرییان بەکار ببرێت.

فێمینیستە ژینگەگەراکان پێیان وایە ژن و ژینگە چارەنووسێکی لێکچوویان هەیە و لە مێژووییاندا ڕووبەڕووی هەمان جۆری چەوساندنەوە بوون لە لایەن سیستەمی باوکسالاری کۆمەڵگەکانی رۆژئاواوە. ڤاندانا شیڤا دەڵێت ژن پەیوەندییەکی تایبەتی هەیە لەگەڵ ژینگەدا لە رێگەی کارلێکی ڕۆژانەی لەگەڵیدا، کە پشتگوێ خراوە. هەروەها پێیان وایە کە ژن لە بواری ئابووری بەردەوامدا بەهاوبەشی لەگەڵ سروشتدا، سامان بەرهەمدەهێنێت و بەرهەمدەهێنێتەوە، بۆیە بوونەتە پسپۆر لە بواری کاروبار و پرۆسەی زانیاری لەبارەی ژینگەوە. بەڵام ئەم مۆدێلە جێگەگرەوانە لە زانیاری ژینگەسازی و بەکارهێنانی لە بەرژەوەنی خێزان، لە لایەن سەرمایەدارانەوە دانی پێدا نەنراوە، چونکە بەستەری نێوان ژن و ژینگە بەهەند وەرناگیرێت لە لایەن ئەوانەوە بۆ کرداری خوڵقاندنی سامان.

فێمینیست و ژینگەگەرای کۆمەڵایەتی خاتوو جانێت بیهی، رەخنەی لە فێمینیستە ژینگەگەراکان گرت لەوەی کە زیاد لە پێویست جەخت لەسەر پەیوەندی نێوان ژن و سروشت دەکەنەوە و تۆخ دەکەنەوە، نەک هێندەی ئەوەی کە پێویستە بۆ بارودۆخی ژن.

**کۆمەڵ**

بزوتنەوەی فێمینیستی کاریگەری گەورەی لەسەر کۆمەڵانی رۆژئاوادا دانا و گۆڕانی گەورەی دروست کرد، لە نێویاندا، مافی دەنگدان، بەشداری مەزن لە پەروەردەدا، نزیکبوونەوەی پێدانی هەقدەستی یەکسان بە پیاو و ژن، مافی جیابوونەوە و بەعەیب

نەزانینی جیابوونەوە، هەروەها مافی تاکەکەسی ژن لە بڕیاردان بۆ سکپڕبوون و لە هەمان کاتدا مافی لەباربردنی منداڵ، بە هەمان شێوەش مافی خاوەنی خۆبوون.

**مافە شارستانییەکان**

لە ١٩٦٠ەکانەوە، بزوتنەوەی ئازادی ژنان هەڵمەتی داخوازی بۆ مافەکانی ژنان کردە بەرنامە، وەکو هەقدەستی یەکسان لەگەڵ پیاواندا بۆ هەمان کار، چەسپاندنی یەکسانی مافیان بە یاسا، هەروەها ئازادییان لە ڕێکخستنی خێزانەکانیان. دەستکەوتەکانی ئەو هەڵمەتانەش جۆراوجۆر بوون: مافی سەربەخۆیی و سەلامەتی جەستەیی، مافی گشتی لە دەنگدان و خۆپاڵاوتن، مافی خاوەندارێتی و بەڕێوەبەرێتی کاری خۆ و ئۆفیسی خۆ لە بازاڕی کاری گشتیدا، مافی خاوەندارێتی موڵک و ماڵ، مافی خوێندن، مافی بەشداری و خزمەتکردن لە سوپا، مافی بەشداریکردن و چوونە نێو بەڵێندەرایەتی، هەروەها مافەکانی هاوسەرگیرێتی و دایکایەتی و مافە ئایینییەکان.

لە بەریتانیا لە نێوان هەردوو جەنگە جیهانییەکەدا، ڕای گشتی لە بەرژەوەندی یەکسانی لە یاساکاندا دەنگی بڵند بووەوە، بەشێکیان لە ڕێگەی دامەزراندنی ئافرەتان لەو شوێنانەی بە پێی نەریت جێگەی کارکردنی پیاوان بوون و بە ڕۆڵی پیاوانە دادەنران. لە ١٩٦٠ەکاندا پرۆسەی کارکردن لە پرۆژەی یاسادانان لە ڕێگەی پەرلەمانتار ویلی هامیلتۆن ئامادە کرا کە لە لیژنەی یاساییدا بوو، ڕاپۆرتی لەو بارەیەوە دا سەبارەت بە داخوازینامەی هەقدەستی یەکسان بۆ کاری یەکسان، دروستکردنی بۆردی بەرەنگاربوونەوەی جیاکاری لە دژی ژنان، هەروەها ڕەشنووسی داخوازینامەی لەیدی سێر سەبارەت بە دژە هەڵاواردنی سێکسی، لاپەڕەی سەوزی حکومەت لە ساڵی ١٩٧٣ تا ١٩٧٥ لەو کاتەی یەکەمین یاسای دژە هەڵاواردنی ژنان دەرچوو، هەروەها یاسای هەقدەستی یەکسان بۆ کاری یەکسان و یاسای دەرفەتی یەکسان، کەوتە کار. بە هاندانی حکومەتی بەریتانیا، وڵاتانی تری هاوبەش لە بازاڕی ئابووری ئەورووپا ڕێکەوتننامەی بەرەنگاربوونەوەی هەڵاواردنی سێکسی و جیاکاری بەرامبەر ئافرەتانیان مۆر کرد و یاسا هاودژەکانیان لابرد.

لە ئەمریکا، ڕێکخراوە نەتەوەییەکانی ژنان National Organization for Women (NOW) لە ساڵی ١٩٦٦ دامەزرێندران و ئامانجیان بەدەستهێنانی یەکسانی بوو بۆ ژنان. ئەم گروپە زۆر چالاک و کارابوون لە داواکردنی مافی یەکسانی

ئافرەتان Equal Rights Amendment (ERA. ئەم داخوازینامانە وایان دەردەبڕی» یەکسانی لە مافدا بە پێی یاسا نابێت نکۆڵی لێ بکرێت و فەرامۆش بکرێت بەهۆی جیاوازای و جیاکاری سێکسی، لە لایەن ئەمریکا و هەر وڵاتێکی ترەوە، بەڵام سازانێکی تەواوی لەسەر نەبوو کە چۆن لەو داخوازییانە تێبگەن. لایەنگرانی باوەڕیان وابوو دەبێ مامەڵەکردنی یەکسانی ئافرەتان زامن بکرێت، بەڵام رەخنەگرانی مەترسی ئەوەیان هەبوو کە ژنان لە ڕووی داراییەوە لە مافەکانیان لەگەڵ هاوسەرەکانیاندا، بێبەشبکرێن. داخوازینامەکە لە ساڵی ١٩٨٢ مرد چونکە وەک پێویست وڵاتان نەچوون بە دەنگییەوە و واژۆیان نەکرد. داخوازینامەکە چەندین کۆنگرە و کۆنفرانسی بۆ سازکرا، بەڵام لە ئاکامدا وەک پێویست بەدەنگەوەچوونی نەبوو، واژۆ نەکرا.

لە سێ دەیەی کۆتایی سەدەی بیستەمدا، ژنانی رۆژئاوا، ئازادییەکی نوێیان دۆزییەوە لە رێگەی کۆنتڕۆڵکردنی لەدایکبوونی منداڵەوە، کە بووە هۆی ئەوەی ژنان باشتر ژیانی گەورەیی خۆیان رێکبخەن و پلانی بۆ دابنێن و بتوانن لە ژیانی خێزانییش و کاروبارەکانیشیاندا بۆ پێشەوە بچن. بزوتنەوەکە لە ساڵی ١٩١٠ لە لایەن مارگرێت سانگەر کە ریفۆرمخوازێکی کۆمەڵایەتی پێشەنگ بوو لە ئەمریکا، دروست بوو، لە بەریتانیاش لە لایەن ماری ستۆپیس دەستی پێکرد.

لە ڕاپۆرتی رێکخراوی نەتەوە ەکگرتووەکانی ساڵی ٢٠٠٤، هەردوو ئەرکی وەزیفی و ئەرکی بێ بەرامبەر ئەنجامدراوی ژنان مەزەندە کرا و دەرکەوت ژنان لە پیاوان زیاتر کار دەکەن. لە ناوچە گوندنشینەکاندا لە وڵاتە هەڵبژێردراوە گەشەسەندووەکاندا ژنان ٢٠٪ زیاتر لە پیاوان کاریان دەکرد، کە دەکاتە رۆژی ١٠٢ خولەک زیاتر لە کاری پیاوان. لە وڵاتانی یەکێتی هاوبەشی ئابووری ئەوروپادا ژنان ٥٪ زیاتر لە پیاوان کاریان کردووە کە دەکاتە رۆژانە ٢٠ خولەک کاری زیاتر لە پیاو. لە بیست و یەکەمین کۆنفرانسی بزوتنەوەی ژنانی ئۆقیانووسی هێمن و وڵاتانی باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا دا کە لە ساڵی ٢٠٠١ بەسترا، خرایە ڕوو کە «لە هەموو جیهاندا ژنان ٥١٪ ی دانیشتووان پێک دەهێنن، ٦٦٪ی کارەکان دەکەن و، ١٠٪ی داهات وەردەگرن و ١٪ ی موڵکداری هی ئەوانە.

## سیداو (CEDAW)

پەیماننامەی بنبڕکردنی هەموو جۆرەکانی هەڵاواردن لە دژی ژنان کە بە سیداو ناسراوە، پەیماننامەیەکی نێونەتەوەییە و لە لایەن ئەنجومەنی گشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەرچووە، بە پەیماننامەیەکی نێونەتەوەیی سەبارەت بە مافەکانی

ژنان دادەنرێت و لە ٣ی ئەیلوولی ١٩٨١ بەرهەم هێنرا و کەوتە کار. زۆرێک لە وڵاتان پەیماننامەکەیان هەر لە رۆژی ڕاگەیاندنیەوە واژۆ کرد، هەندێکیشیان واژۆکەیان بە مەرج و پارێزەوە واژۆ کرد. ئێران، سودان، سۆماڵ، قەتەر، ناورو، پالاو، و تۆنگا و ئەمریکا واژۆی پەیماننامەی سێداویان نەکرد و پارێزیان هەڵبژارد. لە سەردەمی سەرۆکایەتی ئۆبامادا لە ئەنجومەنی پیران هانی سەرۆکی دا بۆ لابردنی پارێزی ئەمریکا بۆ واژۆکەی لەسەر سێداو. لە ٢٠٠٢ دا پێش هەڵبژاردنەکان ئەو پارێزکارییە لەسەر واژۆکە لا برا.

## زمان

زمانی بێلایەنی جێندەر، وەسفکردنی بەکارهێنانی زمانە بۆ کەمبایەخکردنی توخمی ژن و هەڵاواردنی بەهۆی رۆڵی بایۆلۆجییەوە لە سەرچاوەکاندا، بەکار براوە. بێلایەنکردنی زمان لای کەم دوو ئەجەندای پیادە دەکرد: یەکەمیان ئامانجی ئەوە بوو زمان لە ڕووی هەڵاواردنی جێندەرییەوە بێ لایەن بکاتەوە و ببێتە یەک زمانی فراوان بۆ هەردوو توخمی نێر و مێ، بەکار بێت، دووەمیان پێشنیاری ئەوەی کە جێندەر وەکو جۆر کەمتر لە زماندا ئاماژەیان پێ دەکرێ (زمانی بێلایەنی جێندەر). زمانی بێلایەنی جێندەر زۆر جار وەک زمانی ناسێکسی ناودەبرێت لە لایەن بەرگریکارانی سیاسیەکانەوە و لە لایەن بەرهەڵستکارانیشەوە وەکو زمانێکی ڕاست دەبیندرت.

## پەیوەندییە هێترۆسێکسوالەکان

لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە هاتنە نێو بازاڕی کاری ژنان ڕووی لە زیادبوون کرد و بووە هۆی گۆڕانی ڕۆڵی جێندەری لە ناوماڵ و لە شوێنەکانی کارکردندا. ئارلی روسێل هۆچایلد ی کۆمەڵناس، لە کتێبی (The Second Shift and The Time Bind) بەڵگە دەهێنێتەوە کە دوو هاوبەش، ژن و پیاو، لە هەمان کاردا هەمان کاتی کارکردنیان هەیە، بەڵام ژن هێشتاش کاتی زیاتر تەرخان دەکات بۆ کار و لەماڵەوەش کار دەکات. نووسەری فێمینیست کاثی یونگ، لە وەڵامی هۆچایڵد دا دەڵێت لە هەندێ دۆخدا، ژنان دەبێ خۆلادەن لە بەشداری یەکسانی پیاوان لە کاری ناوماڵدا.
ڕەخنەی فێمینیست لە بەشداری پیاوان بۆ سەرپەرشتی منداڵان و کاری ناوماڵ لە چینی ناوەڕاستی کۆمەڵگەکانی رۆژئاوا، لەو بیرۆکەیەوە سەرچاوە دەگرێت کە نادادپەروەرانەیە ژنان سەرپەرشتی منداڵان بکەن و کاری ناوماڵ بکەن و لە هەمان کاتیشدا لە دەرەوەی ماڵدا وەک پیاوان کار بکەن. هەندێ لە لێکۆڵینەوەکان ئامار و بەڵگەیان لە بارەی

داهاتی ئابووری پیاوان بڵاوکردۆتەوە کە هێندە نییە بتوانێ بەتەنیا خێزان پێکەوە بنێ و ئەرکی ئابووری خێزان جێبەجێ بکات.
لە دەستەواژەکانی دوبیۆس، کرستین لۆکەر، گفتوگۆی کاریگەری فێمینیزم دەکات لەسەر هەڵبژاردنی کیژۆڵە ناپێگەیشتوەکان (تەمەن ١٢ بۆ ١٨) بۆ منداڵبوون لە ناوەوەی پرۆسەی هاوسەرگیری و دەرەوەی پرۆسەکە. دەڵێت وەک سکپڕ لە دەرەوەی پرۆسەی هاوسەرگیری، لە رووە کۆمەڵایەتییەکەیەوە پەسەندکراوە، کیژانی گەنج، بە تایبەتی ژنانی گەنجی هەژار، بە رێژەیەکی زۆر گەورە سکپڕ بن، لە ساڵانی ١٩٥٠کان، بەڵام ئێستا کەمتر هۆ هەیە بۆ ئەو جۆرە لە هاوسەرگیرییە پێش دروستکردنی منداڵ، بکرێت. ڕوونکردنەوەی نووسەر لەو بارەیەوە ئەوەیە کە باری ئابووری پیاوان لاوازە و کەمتر رێپێدەری ئەو جۆرە هاوسەرگیرییەیە، هاوکات ژنانی هەژار کەمتر شانسی ئەوەیان هەیە کە پیاوێکی دارا بدۆزنەوە بۆ هاوسەرگیری کە بتوانێت بژێوی خێزان بە شێوەیەکی باش دابین بکات.
ئەگەرچی لێکۆڵینەوەکان پێشنیاری ئەوەش دەکەن، رێژەیەکی زۆری ژنان و پیاوان فێمینیزم بە بەرهەڵستکاری رۆمانسیەت دەزانن، بەڵام لێکۆڵینەوەکانی لێکۆڵەرانی هێشتا قۆناغی زانکۆ تەواونەکردوو، هەروەها لێکۆلێنەوەکانی گەورەترەکان لەوان دەڵێن فێمینیزم کاریگەرییەکی پۆزەتیڤی هەبووە لەسەر پەیوەندی تەندروستانەی ژنان و لە رووی دابینبوونی سێکسیشەوە بۆ پیاوان، هەروەها هیچ نمونەیەکی نێگەتیڤی فێمینیزم لەو بارەیەوە نابینن.

...

**تێبینی:**

١. لە ژمارەی ئایندەدا بەشی دووەم بڵاو دەبێتەوە.

٢. ئینسکیلۆپیدیای خوارەوە، سەرچاوەی ئەم بابەتەیە.

http://www.gender.cawater-info.net/knowledge_base/rubricator/feminism_e.htm

# رۆڵی  ئافرەتانی میدیاکار
# لە پێشخستنی
# رۆژنامەگەری کوردیدا




**ناسک سعید***

تەمەنی ڕۆژنامەگەریی کوردی بە بەراورد بە تەمەن و مێژووی ڕۆژنامەگەریی وڵاتانی دەوروبەری مێژوویەکی کورتی هەیە. کاتێک کە ساڵی ١٨٩٨ یەکەم ڕۆژنامەی کوردی دەرچووە توانیویەتی لەو فەزایەی سەردەمی خۆیدا کاریگەری لەسەر لایەنە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵگەی کوردی بەجێبهێڵێت. ئەم مێژووە بە بەراورد بە مێژووی نەتەوەکانی دیکە جیاوازی زۆر دەبیندرێت، بۆ نموونە تەماشا بکەین کە یەکەم ڕۆژنامەی عەرەبی ١٧٩٩ بە ناوی ‹الحوادث اليوميه› دەرچووە، یەکەم ڕۆژنامەی تورکییش لە ساڵی ١٨٣١ بە ناوی ‹تقويم الوقائع› دەرچووە، ساڵی ١٨٢٠ یەکەم ڕۆژنامەی فارسی بە ناوی ‹مريت الاحوال› دەرچووە. هاوکات کە ڕۆژنامەگەریی کوردی کە لەدوای ئەوانەوە دەستی پێکردووە بەڵام لای ئەوانیش ڕۆڵی ئافرەتی نوسەر و ڕۆژنامەنوس کەمتر دەبیندرێت ئەمەش بۆ تێگەیشتنی کۆمەڵگە دەگەرێتەوە بەتایبەت لەم ناوچەیەدا کە لەهەندێک ڕەهەندەوە لێکچون هەیە لەنێوانیاندا. بەشێوەیەکی گشتی بەشداری نوسەر و هەبوونی قەڵەمی ئافرەت بۆ سەدەی ١٩ دەگەرێتەوە، یەک لەوانە مەستورەی ئەردەڵانی کە لەنێوان ساڵانی ١٨٠٥ بۆ ١٨٤٨ ژیاوە بەیەکەم  ژنە مێژوونووس دادەنرێت کە کتێبی مێژووی ئەردەڵانی نوسیووە، لەبواری ڕۆژنامەگەریشدا نووسەرەکانی ڕۆژنامەی ژین و ژیان ئافرەت نەبوون بەڵکو نووسەرەکانی پیاو بوون بەڵام وەک هاندانێک بۆ ئافرەتان پێرەمێرد و نوسەرەکانی دیکە بە ناوی ئافرەتان وژنانەوە دەیانووسی.

چیمەن محەمەد، نوسەر و خاوەنی ماستەر لە بواری ڕاگەیاندن، لە توێژینەوەیەکیدا سەبارەت بە مێژوی ڕۆژنامەوانی ژنان ئاماژە بە یەکەم نوسەری ئافرەت دەکات لە ڕۆژنامەوانی کوردی لە عێراقدا و گەیشتوەتە ئەو دەرئەنجامەی کە یەکەم وتار لەلایەن ئافرەتەوە نوسرابێت «گوزیدە عزیز خانم» (کە بەڕێوەبەری قوتابخانەی کچان بوە لە سلێمانی ١٩٢٦ )بوە وتارەکەشی لە ژمارە ١٣ ی ڕۆژنامەی ژیان لە ٢٢ی نیسانی ١٩٢٦ و  لە لاپەڕە ١ دا نوسراوە و لەلاپەڕە ٢دا تەواوکراوە.

هەروەها رەوشەن بەدرخان کە لە ساڵانی ١٩٠٩-١٩٩٢ ژیاوە، دەتوانرێت بە یەکەم رۆژنامەنووسی ئافرەتی کورد بناسرێت لە مێژووی رۆژنامەنووسیی کوردیدا کە لە گۆڤاری هاوار، هاوکارێکی جەلادەت بەدرخان بووە. هەروەها رەحمە خان، کچی پیرەمێرد، دوای مردنی باوکی خاوەن ئیمتیازی «رۆژنامەی ژین»ی وەرگرتووە. ئەمانە وەک سەرەتا و یەکەم کەس بوون و دواتر دوای پەنجاکان و شەستەکان ئافرەتی کورد چووەتە قۆناغێکی باشتر و هەڵکشانی بەخۆیەوە بینیوە. لەم بارەیەوە روئیا تلووعی دەڵێت: «ژنانی کورد تا دەیەی پێش ساڵانی شەستەکان لە کاری نووسین و رۆژنامەگەریدا لاواز بوون، دواتر لە شەست و حەفتاکاندا ڕوویان لە هەڵکشان کردووە»، کە وردە وردە بوونەتە خاوەنی بڵاوکراوەی تایبەت بە خۆیان؛ «ژنانی ئازاد» کە بە کرمانجی ناوەڕاست و بە پیتی ئارامی لە سلێمانی دەرچووە، سەر بە لقی کوردیی ئافرەتانی شیوعیی عێراقی بووە. گۆڤاری «ژن» لە بەغدا لەلایەن رابیتەی ژنانی عێراقییەوە دەرچووە. گۆڤاری «دەنگی ئافرەت» لەلایەن یەکێتی ئافرەتانی کوردستان . ئیتر بەردەوام دەرگا کراوەتەوە بۆ دەرچوونی چەندین رۆژنامە و گۆڤاری تری ژنان.

رۆڵ و گرنگی ئافرەتانی میدیاکار یاخود هەبوونی رۆژنامەی تایبەت بە ئافرەتان توانیویەتی خزمەتێکی بەرچاو بە رۆژنامەگەری کوردی بکات و لەمەودای پێشکەوتنی راگەیاندنی کوردیدا دیار بێت.

ئەم رۆژنامانەی لەلایەن ئافرەتانی میدیاکار یاخود رێکخراوەکانی ئافرەتان و ژنانەوە دەردەچن بەردەوام توانیویانە لەبوارە جیاوازەکاندا قسەیان هەبێت بەجۆرێک گرنگیان داوە بە بابەتی کۆمەڵایەتی و هۆشیاری و پەروەردە و فێرکردن لەلایەکی دیکەوە پرسی نیشتمانی یەکێک بووە لە تەوەرە سەرەکییەکانی ناو بابەتەکانی رۆژنامەکانیان. لێرەدا ئاماژە بە یەکێک لەو رێکخراوانە دەدەین کەهەر لەسەرەتای دروستبونیەوە گرنگی بە بواری راگەیاندن داوە و کردویەتی بە میکانیزمێک بۆ گەیاندنی پەیام و روئیای رێکخراوەکە، ئەویش یەکێتی ئافرەتانی کوردستانە.

ئاشکرایە ئافرەتی کورد هەروەک لە شۆرشی چەکداری و رزگاریخوازی نەتەوەکەیدا رۆڵێکی بەرچاوی هەبووە. بەهەمان شێوەش لەبواری رۆشنفکری و کۆمەڵایەتی، هونەری و رۆژنامەگەریشدا بەشداریەکی کارایان هەبووە.

یەکێتی ئافرەتانی کورردستان هەروەک چۆن لەبوارەکانی دیکە رۆڵی سەرەکی هەیە و بۆتە رێکخراوی دایک بۆ رێکخراوەکانی دیکەی ئافرەتان بەهەمان شێوە لەبواری رۆژنامەگەرییشدا شانازییەکی مێژوویی گەورەی بەردەکەوێت کە هەر لەگەڵ دامەزراندنیدا

هەوڵیداوە لەو بوارەدا ببێتە مینبەرێک بۆ گەیاندنی پەیامی ئافرەتان بە کۆمەڵگە، بۆ زیاتر ئاشنابوون بە قۆناغەکانی کارکردنی ئەم رێکخراوە، لەو بوارەدا بەسەر دوو قۆناغی جیاواز دابەشی دەکەین کە باشتروایە بۆ خوێنەران بەپێی بەستنی کۆنگرەکانی پۆلێنی بکەین:

**قۆناغی پێش راپەرین**

**کۆنگرەی یەکەم:** لەرێکەوتی ٦-٤ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ بەشێوەی نهێنی ئەنجامدراوە و ناوی ئەم رێکخراوە لە ناوی یەکێتی ئافرەتانی پارتی دیموکراتی کوردستان گۆرا بۆ (یەکێتی ئافرەتانی کوردستان)، لەم کۆنگرەیەدا بڕیاری دەرکردنی گۆڤارێک دەدرێت بەناوی گۆڤاری (دایکایەتی نوێ) ئەمە هەنگاوێک بووە بۆ ئەوەی رێ بە بەشداری ئافرەت بدرێت لەبواری نوسیندا، بەڵام تەنها دوو ژمارەی لێ دەرچووە و سەرنوسەرەکەشی (د.کامیل بەسیر) بووە ئەو ئافرەتانەی کە نوسینیان تێدا بڵاوکردۆتەوە بەناوی خوازراوەوە بابەتەکانیان بڵاو کردۆتەوە وەک بەهێ مەعروف بەناوی (گزینگ)، ئەنجومەن زوهدی بەناوی (قەدەمخێر)، و درەخشان حەفید بەناوی (سولاڤ)، ئەمەش ئاماژەیە بۆئەوەی کە نووسین کارێکی هێندە ئاسایی نەبووە بۆ ئافرەتان لەو کاتەدا کەتەنانەت سەرنوسەرەکەشی ئافرەت نەبووە.

**کۆنگرەی دووەم:** لە٢٥ی ئەیلولی ١٩٧٠ لەبەغدا دەبەسترێت، لەم کۆنگرەیەدا هیچ بڵاوکراوەیەکی تایبەت بە ئۆرگانەکانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان نەبووە.

**کۆنگرەی سێهەم:** لە ١٣ی شوباتی ١٩٧٢ لەمەسیف سەڵاحەدین بەسترا بەڵام دوای تێکچونی رێککەوتننامەی ئاداری ١٩٧٠ و ئاوارەبوونی گەلەکەمان بۆ وڵاتی ئێران تا ماوەیەک یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لەنیوان ساڵی ١٩٧٤- ١٩٨٣ چالاکیان دەوەستێت، پاشان ١٩٨٣ دەستەیەکی باڵا لە تاراوگە بۆ راپەراندنی کارەکانی ئەم رێکخراوە دادەمەزرێت.

لەساڵی ١٩٨٦ لەبواری راگەیاندندا هەنگاوێکی گەورە دەنێن و بڵاوکراوەیەک بەناوی (دەنگی ئافرەت) بڵادەکەنەوە، گۆڤارەکە وەک لەسەری نوسراوە بووەتە (ئۆرگانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان –عێراق / لقی ئاوارە) هەر لەئاوارەییدا تا مایسی ١٩٩٠ بەردەوام بوە و ٦ ژمارەی لێ دەرچووە و لەچاپخانەی خەبات بە رۆنیۆ لەچاپدراوە و بڵاوبۆتەوە.









**لەدوای راپەڕین**

قۆناغی دووەمی مێژووی خەباتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لەدوای راپەرینەوە دەستپێدەکات و تا ئێستا بەردەوامی هەیە، و هەوڵیداوە لەگەڵ هەلومەرجی سەردەمدا خۆی بگونجێنێت.

لەساڵی ١٩٩٢ کۆنفرانسی شەهید لەیلا قاسم بەسترا بەلام دەسەڵاتی کۆنگرەی پیدراوە، لەم قۆناغەدا یەکێتی ئافرەتان خاوەنی راگەیاندراوی خۆی نەبووە بەڵام هەوڵیداوە سود لەکەناڵەکانی راگەیاندن وەربگرێت بۆ بڵاوکردنەوەی چالاکیەکانی.

کۆنگرەی چوارەم: لەرێکەوتی ٢٧ی تەمموزی ١٩٩٧ لەشاری هەولیر لەژێر دروشمی (یەکسانی) ئەنجامدرا.

لەسەردەمی ئازادی دوای راپەرین چاپەمەنی کوردی بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەی کرد، یەکێتی ئافرەتانی کوردستان دەستی کردەوە بە دەرکردنی گۆڤاری (دەنگی ئافرەت) کە پێشتر لە تاراوگە ٦ ژمارەی لێ دەرچوە، لەم قۆناغەدا گۆڤارەکە بۆتە وەرزی و ٢٦ ژمارەی لێ دەرچووە کە لەئاداری ساڵی ٢٠٠٢ کۆتا ژمارەی دەرچوە.

کۆنگرەی پێنجەم: لەریکەوتی ٢٧-٣٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠١ لەشاری هەولیر لەژێر دروشمی (ئاشتی و یەکسانی و دادوەری کۆمەڵایەتی) ئەنجامدرا. لەم کۆنگرەیەدا یەکێتی ئافرەتانی کوردستانی گۆڤاری (دەنگی نوێ) دەکاتە ئامرازێک بۆ گەیاندنی بەرنامە و کارەکانی خۆی.






کۆنگرەی شەشەم: لەرێکەوتی ١٢-١٤ی ئاداری ٢٠٠٧ لەشاری هەولێر لەژێر دروشمی (پەرەپێدانی تواناکانی ئافرەت لەپێناو بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی یەکسان) دەبەسترێت. لەم قۆناغەشدا گۆڤاری (وێ) دەردەکات و لەماوەی ئەم کۆنگرەیەدا (٣٠)ژمارەی لێ دەردەچێت.

کۆنگرەی حەوتەم: لەرێکەوتی ٤-٥ی ئابی ٢٠١٠ لەهەولیری پایتەخت لەژێر دروشمی (بەرەو کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و ئایندەیەکی پرشنگدارتر) بەسترا. لەم قۆناغەشدا و تا ساڵی ٢٠١٣ بەردەوامی دەدرێت بە دەرچوونی گۆڤاری (وێ) و (٦٥) ژمارەی لێ بڵاودەکرێتەوە، هاوکات گۆڤاری «شیکار» کە گۆڤارێکی وەرزی هزرییە و سەرنووسەرەکەی»مەهاباد قەرەداغی»یە، دەبێتە زمانحاڵی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و ئێستاش بەردەوامە. تا ئێستا ئەم گۆڤارە لە ژمارە سفرەوە تا ژمارە ٢٨ ی لێ دەرچووە.



هەر لەماوەی ئەم کۆنگرەیەدا رادیۆی هێلین بەدروشمی (دەنگێک بۆ ئێستا و هەمیشە) لەساڵی ٢٠١٣ دەست بە پەخشی خۆی دەکات و وەک یەکەم رادیۆی ئافرەتان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان دادەمەزرێت، بەڕێوەبەری ڕادیۆکە نەرمین سندی یە.
هەروەها لەم کۆنگرەیەدا گرنگی دەدرێت بە بواری میدیای ئەلیکترۆنی و ماڵپەری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان دەستی بەکارکردن کرد کە ماڵپەرێکی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و سیاسی گشتی بووە.

کۆنگرەی هەشتەم: لەرێکەوتی ٣-٤ی ئەیلولی ٢٠١٨ لە شاری هەولیر بەناوی (نیشتمان) و بەدروشمی (تواناسازی ئافرەت، جڤاکی پێشکەوتوو) بەسترا.
کاتێک مانگی ئەیلول دروست ساڵێک بەسەر چالاکیەکانی ئەم کۆنگرەیە تێپەریوە و هەر زوو هەوڵدرا نوێگەری لەکاروچالاکیەکانی خۆی بکات و بەهەنگاو و بیری نوێوە ئەجێندای کارەکانی بگەیەنیتە کۆمەڵگە. لەو روانگەوە بووە کە بیری لەدامەزراندنی تۆری میدیایی کردەوە تایبەت بە کاروچالاکیەکانی ئافرەتان و بەمەش یەکێتی ئافرەتان دەستکەوتێکی گەورەی لەبواری رۆژنامەگەریدا بۆ خۆی تۆماردەکات و دەبێتە خاوەنی یەکەمین تۆری میدیایی لەبواری ئافرەتاندا.

## بۆچی گرنگە رێکخراوەکانی ئافرەتان خاوەن دەزگایی میدیایی پیشکەوتوو بن؟

روماڵکردنی پۆزەتیڤی پرسی ئافرەت زۆر هاوکاری ئافرەتان و پرسی ئازادی و یەکسانیی جێندەری دەکات، هاوکارییان دەکات لە بەدەستهێنانی شەرعییەت لەناو رای گشتیدا و لە دروستبوونی هاوکاری وپشتگیری لەناوجەماوەردا. ئەمەش دەبێتە هۆی بەهێزبوونی ئەو بزووتنەوانە وکاریگەرییەکی پۆزەتیڤ بۆگۆڕانکاری و چاکسازیی کۆمەڵایەتی بۆ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی کۆمەڵایەتی کە تەنها بە شۆڕشی سیاسی نایەتە دی ودەبێت کاری لەسەر بکرێت. میدیای ئازاد و بەرپرس دەتوانێ ئەوکارە بکات دەتوانێت رێگرییەکانی بەردەم بەشداریی جەماوەری لەم بزووتنەوانە لابدات وهانی خەڵک بدات بۆبەشدارییەکی کاریگەرانە بۆبەرەنگاربوونەوەی دیفاکتۆی کۆمەڵایەتی. دیارە میدیا لەسەرمافی مرۆڤ وبەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی رۆلی داکۆکیکاری بینیوە، بەڵام مافی ئافرەتی لەم مافە گشتییانەی مرۆڤدا جیاکردۆتەوە.
دەبینین کە خەسڵەتی توندوتیژی دیارترین خەسڵەتە لەناوکۆمەڵگەی کوردیی، دیارە ئەمەش هۆکاری سیاسی و مێژوویی هەیە، لەم لایەنەوە نەک تەنها هەر میدیا، بەڵکو

ڕێکخراوەکانی ئافرەتان وکەسانی چالاکوانان بەگشتی دەستیان کرد بە کارکردن بۆ ئاراستەکردنی پرسی توندوتیژی ئەمە لە قۆناغێکدا زۆرگرنگ وپێویست بوو، بەڵام ئێستا کاتی بەخۆداچوونەوە وداڕشتنی ستراتیژیی نوێیە وەکو بەشێک لەم ستراتیژییە نوێیە، ئافرەتانی چالاکوان و میدیاکاران دەبێت لە گفتوگۆدابن لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندن وپێکەوە کاربکەن بۆڕاهێنانی ڕۆژنامەنووسان ودروستکردنی هۆشیاری جێندەری وداڕشتنی کۆدی میدیایی بۆ ڕوماڵکردنی پرسەکانی ئافرەتان بە گشتی وروماڵکردنی بابەتە کۆمەڵگەییەکان.

روماڵکردنی ئافرەت وەکو ئەکتەر، داهێنەر، نووسەر، چالاکوان وسیاسی و هتد، نەک تەنیا وەکو جەستە لاواز و قوربانیا باس دەکرێن بەڵکو ئەمەش پێویستی بە پێداچوونەوە بە روماڵی میدیاکان ورەخنەگرتن لە چۆنییەتی روماڵکردنەکە دەبێت؛ بۆ نموونە رەخنەگرتن لە ئەدای ڕۆژنامەنووسان و چۆنییەتی کارکردنیان چونکە جگە لە نەبوونی هۆشیاریی جێندەری جۆری رووماڵکردنی میدیایی رەنگدانەوەی تەمەڵی لەکاری میدیایی وناهۆشیارییە، میدیاکار ورۆژنامەنووسی کوردستان ناچن بەدواداچوون بکەن و تویژینەوە بۆکەیسەکان بکەن لێکدانەوە وراڤەکاری بکەن. ئەوان تەنها لە زاری کەسێکەوە یا لەرێگای ئینتەرنێتەوە هەواڵەکە وەردەگرن و دەیگوازنەوە وزۆرجاریش توندوتیژییەکی پاسیڤ وناڕاستەوخۆ لەسەر سایکۆلۆژیی خوێنەر و گوێگر وبینەر بەرهەم دێننەوە.

بۆئەوەی روماڵێکی دروست و باش ئەنجام بدرێت دەبێت ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و ژنان خۆیان گرنگی زیاتر بە دەزگا میدیایەکانی خۆیان بدەن و بنکۆڵکاری ڕووداو و پرسە جیاوازەکان بکەن بۆئەوەی لەبری ئەوان هیچ دەزگایەک ئەو کارە نەکات هەتا رووماڵیکی خراپ لەسەر پرس و ئەدای ئافرەتان بەئەنجام نەگەیەنن. لەهەمان کاتدا بەشداری کارای ڕاگەیاندنەکانیان دەبێتە فاکتەری زیادبوونی ڕۆژنامەنوسی مێینە لە ناو ڕاگەیاندندا و ئەو بۆشاییە گەورەی لە یەکسانی جێندەری هەیە دەتوانرێت پڕ بکرێتەوە و ئافرەتانیش ببنە ئەستێرەی میدیای کوردی.

بوونی ڕۆژنامە وبڵاوکراوەی تایبەت بە ئافرەتان زۆرگرنگە بەدڵنیاییەوە ئەو بڵاوکراوانەش بەتایبەت لەدوای ڕاپەرینەوە ڕۆڵی گەورەیان هەبوو لەئیبرازکردنی پرسی ئافرەت وقسەکردن لەسەر بابەتە جێندەرییە هەستیارەکان ئەمەش لەبوێری وئازایەتیی ئەو ئافرەتانەوە دێت کە چاو نەترسانە کاریان لەسەر ئەو پرسانە کرد و لە بڵاوکراوەکاندا بڵاویان کردەوە. بێگومان بڵاکراوەکانی ئافرەتانیش لەو قۆناغەدا لەئاستێکی زۆر

پێشکەوتوو نەبوون بەهەمان شێوەی بڵاوکراوەکانی دیکە بوون بەڵام لەم قۆناغەدا دەبێت هەروەک چۆن میدیا سەرەکییەکان ستراتیژی خۆیان گۆڕی دەبێت ئەوانیش هەوڵ بدەن پلان و روئیای نوێ بخەنە ناو کاری میدیای خۆیانەوە هەتا لەگەڵ پێشکەوتنی رەوتی کۆمەڵگە ئەوانیش پێش بکەون.




د.نەزەند بەگیخانی لەئەنجامی توێژینەوەیەکیان کە لەگەڵ سەنتەری جێندەر وتوندوتیژیی زانکۆی سلێمانی ئەنجامیانداوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە میدیا نەیتوانیوە بەشێوەیەکی بەرپرسانە مامەڵە لەگەل پرسە جێندەرییەکان وبابەتە هەستیارە کۆمەڵایەتییەکان بکات. کەواتە نەیتوانیوە ببێتە هاوکارێکی بێلایەن وبەهێزی بزووتنەوەی ئافرەتان و ژنان لە شکاندنی تابوەکان ودروستکردنی بیروڕای پۆزەتیڤ دەربارەی پرسی ئافرەتان لەناو رای گشتیدا. ئەوە جگە لەوەی کە میدیایەکی جەماوەریمان هەیە کە بۆ بەدەستهێنانی جەماوەر وکلیکی زۆر ولایک و شێیرکردن، زیاتر فۆکەسی خستۆتە سەر جەستەی ئافرەت وەکو کاڵا، هەروەها لە جیاتی گرنگیدان بە کار وچالاکی وداهێنانی ئافرەتی کورد بەشێوەیەکی مەوزوعی، میدیا زیاتر گرنگی داوە بە بارزکردنی لایەنە نێگەتیڤەکانی ئافرەتان و بارزکردنی ‹‹لاوازی›› و ‹‹بێدەسەڵاتی›› و دابەشبوونییان، ئەمەش واتە بەرهەمهێنانەوەی بەها تەقلیدییەکان، بەرهەمهێنانەوەی بیروباوەڕی باو ونەشیاو دەربارەی ژن لەناو رای گشتیدا.

میدیا دەبوایە هەرلەسەرەتاوە ببێتە لایەنگیریی بزووتنەوەی ئافرەتان چونکە ئەوان پێویستییان بە پشتگیریی میدیا هەبووە؛ ئەو بزووتنەوەیە مێژوویەکی دوورودرێژی نییە ولە رووی سیاسی وکۆمەڵایەتییەوە خاوەنی پشتگیری و بنەمایەکی بەهێز نییە و تەحەدای بەها ونۆرمە کولتورییەکان دەکات ئەو بەهایانەی بایەخییان هەیە لەناو رای

گشتی، واتە تەحەددای دیفاکتۆی کۆمەڵایەتی دەکات (بۆ نموونە وەک چەمکی شەرەف وئازادیی ژن و پرسی یەکسانیی جێندەری) ئەوە لە دۆخێکی هەستیاردایە و جەماوەری نییە ولەناو خەڵک دژایەتیش دەکرێت. بۆیە پێویستی بە هاوکاریی میدیا هەیە بۆئەوەی لەناو رای گشتی جێی خۆی بکاتەوە وکەمتر بەرەورووی تانە و تۆمەتباری ببێتەوە وبتوانێ گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی بەرپا بکات. بەلام بەداخەوە میدیا نەک هەرنەیتوانیوە هاوکاریی ئافرەتان ومافەکانیان بێت، بەڵکو لە زۆر حالەتدا بۆتە هۆکاری دروستبوونی دژایەتی ودوژمنکاری لەناو رای گشتی بۆپرسی ئافرەتان، چونکە رومالّکردنی نەرێنی ودووبارەکردنەوەی بەردەوامی دەرخستنی توندوتیژی دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەوپرسە لەناو رای گشتیدا بە خراپی وێنابکرێ، بۆئەوەی ئەو حالاتانە روو نەدەن و باشتر پرسی ئافرەت گفتوگۆی لەسەر بکریت زەرورییەتی رێکخراوەکانە خۆیان خاوەن میدیای سەربەخۆ بن و لەلایەن خۆیانەوە پشتگیری بکرێن بۆئەوەی سەرجەم بابەتەکان وەک خۆیان بگەنە خەڵک و رای گشتی بەدروستی تێبگەیەنن لەسەر پرسە هەمە چەشنەکانیان.

**بۆ ئەم بابەتە سود لەم سەرچاوانە وەرگیراون:**


- ئافرەتیزم (مێژووی تێکۆشان بۆ مافی یەکسان لەباشووری کوردستان)- مەهاباد قەرەداغی.
- ژن لە راگەیاندنی کوردیدا- د. نەزاکەت حسێن گۆڤاری ژن و رۆژنامەوانی کوردی لە عێراقدا لەنێوان سالآنی (١٩١٤-١٩٣٨)- چیمەن محەمەد
- وێنەی ژن لەناو میدیا لەکوردستان ... د. نەزەند بەگیخانی

لە پێناو مافی یەکسان هەشت ساڵ کۆششی بێوچان- د. ڤیان سلێمان.



* ناسک سەعید/ ئەندامی سکرتاریەت و بەرپرسی راگەیاندن و پەیوەندییەکانی (ی.ئا.ک)ە.



# کوردەواری بەدەم گۆڕانەوە لە گێڕانەوەی (خەزنەدار)دا

حەمەسەعید حەسەن

د. مارف خەزنەدار (١٩٣٠- ٢٠١٠) لە بواری چیرۆکدا سێ کتێبی بڵاو کردووەتەوە: ئەڵەمان کوردی (١٩٦٩ بەغدا) (١) کە بریتییە لە حەڤدە کورتەچیرۆک، لە نێوان ساڵانی ١٩٦٠ و ١٩٦٨دا نووسیونی. بووکەشووشە (١٩٦٩ بەغدا) (٢) درێژترین کورتەچیرۆکی نووسەرە، بەهاری ١٩٦٤ لە لینینگراد نووسیویەتی و بەرەو ڕۆژ (٢٠٠٦ سلێمانی) (٣) کە پێک هاتووە لە کۆچیرۆکی ئەڵەمان کوردی، بووکەشووشە و شازدە چیرۆکی دیکە کە یەکێکیان: (لە پێناوی دڵپاکیدا،) ١٩٥٢ نووسراوە (*) و ئەوانی دیکەیان لە نێوان ساڵانی ١٩٦٥ و ١٩٨٤دا نووسراون. چونکە لە سەرەتای (بەرەو ڕۆژ)دا دەڵێت: (ئەم چیرۆکانە بەشی زۆری بەرهەمی لەم بابەتەمن،) کەواتە هەمووی نین و بێجگە لەم سی و چوار چیرۆکە، هی دیکەیشی هەیە. (**)

د. مارف خەزنەدار هەر لە ئایاری (١٩٦٠)ەوە تا دێسەمبەری ١٩٨٤ کە دەکاتە چارەکە سەدەیەک، بە هەمان شێواز و تەکنیکگەل نووسیویەتی و هێندە ڕاستگۆیانە تاکی کورد و کۆمەڵی کوردەواریی بەسەر کردووەتەوە، دەکرێت وەک بەڵگەنامەی کۆمەڵایەتی سەرنجی چیرۆکەکانی بدرێت و هەندێک جار هێندەی چیرۆک بوار بدات، کەڵکی لە دیرۆکیش وەرگرتووە. ئەوەیش بۆ خۆی جێی سەرنجە، هەرچەندە د. مارف زۆربەی چیرۆکەکانی لە هەندەران نووسیون، وەلێ شوێنی ڕووداوەکان کوردستانە، ئەم تێبینییە هەر دوو چیرۆکی (بووکەشووشە) و (ئێوە قارەمانن) ناگرێتەوە، کە لە یەکەمیاندا شوێن (لینینگراد)ی بە سوپای هیتلەر گەمارۆدراوە و لە دووەمیشیاندا هەرچەندە شوێن هەر ڕووسیایە، وەلێ بیری گێڕەرەوە کە خودی نووسەرە، هەر لە کوردستانە. ئێوە قارەمانن، ناوەڕۆکێکی هێندە ئینساندۆستانەی دەوڵەمەندی هەیە، شیاوی ئەوەیە وەک نموونەی چیرۆکی کوردی، بە گەلان بناسێنرێت.

ئەوە زادەی تامەزرۆیی بووە بۆ نیشتمان کە چیرۆکەکان لە غەریبی نووسراون و باسی زێدی نووسەر دەکەن. ئەوە وەک ڕێسا وایە، نووسەر کە هەست بە نامۆیی دەکات، دووچاری گرژییەکی دەروونی دەبێت و بۆ ڕەواندنەوەی گرژییەکە، غەیری نووسین هیچ نوایەکی دیکەی پێ شک نایەت، هانای بۆ ببات. تۆماس مان دەڵێت: (ئەگەر ڕووداوێک لای کەم پێنج ساڵی بە سەردا تێنەپەڕیبێت، مەیکە بە بابەتی چیرۆک! چونکە خەڵکی وا ڕاهاتوون کە باسی ئێستایان بۆ بکەیت، بڕوات پێ ناکەن.) ڕەنگە د. مارف وێڕای نۆستالژیا بۆ وڵات، ئەو مۆچیارییەی تۆماس مانیشی ڕەچاو کردبێت. ئەمانە بێجگە لەوەی تاراوگە وێستگەیەکی بەپیتە بۆ داهێنان، ئاخر هەمیشە سەفەر ئاسۆی دیتنمان بەرینتر و ڕوونتر دەکات. ئاخۆ د. مارف بەر لەوەی دەست بداتە نووسینی کورتەچیرۆک، هیچی لە بارەی تەکنیکی نووسینی ئەو ژانرە ئەدەبییەوە، خوێندووەتەوە؟ پێ دەچێت ئەویش وەک یوسف ئیدریس، پشتی هەر بە سەلیقەی خۆی قایم بووبێت و وای بۆ چووبێت کە شارەزایی لە بواری تیۆریدا، نابێتە هەوێنی لە دایکبوونی داهێنەر.(٤)

شێوازی چنینی چیرۆک لای د. خەزنەدار، بە گشتی لە (سەرەتا، گرێ و کۆتایی)دا، بەو شێوەیەی بە دوای یەکدا دێن، خۆی دەبینێتەوە، نە کات پاش و پێش دەخات، نە یاری بە شوێن دەکات. ئەم سەرنجە بۆ (پێشوازیی خاوەنشکۆ) دروست نییە، ئاخر لەو چیرۆکەدا، لە ناوەڕاستی ڕووداوەکەوە، دەست بە گێڕانەوە دەکات. د. مارف چیرۆک بەو شێوازە دەنووسێت کە تێیدا گێڕانەوە، سنووری لۆگیک نابەزێنێت، لای ئەو چیرۆک زادەی واقیعە ئەفسانەی تێکەڵ نابێت. نزیکەی هەمیشە گێڕەرەوە، چیرۆکبێژی هەمووشتزانە، کەسی یەکەمی بگۆیە و کارەکتەرە سەرەکییەکەی چیرۆکەکەیە. تەکنیکی (مۆنۆلۆگ)یشی بەکار هێناوە، وەلێ نەک بەو جۆرەی لە چیرۆکی شەپۆلی هۆشدا باوە، ئاخر لە مۆنۆلۆگی ناوەکیدا کە تەکنیکی زاڵی چیرۆکی شەپۆلی هۆشە، کەسی سێیەم لە نێوان گێڕەرەوە و وەرگردا نییە، بۆیە ئەو جۆرە گێڕانەوەیە چونکە لە ناخی کارەکتەرەوە خۆڕسکانە هەڵدەقوڵێت، زێتر جێی متمانەی خوێنەرە.

ئەگەر چیرۆک دوو جۆری هەبێت، یەکێکیان وەک ئەوانەی گی دی مۆپاسان کە بە خاڵێک کۆتاییان دەهات و ئەوەی تریان وەک چیرۆکەکانی چیخۆف کە کۆتاییەکی

کراوەیان هەبوو، ئەوا نزیکەی هەموو کارەکانی د. خەزنەدار سەر بە جۆری یەکەمیانە. گێڕانەوە لە کن ئەو، پشت بە بیۆگرافیای نووسەر دەبەستێت. بەرهەمەکانی بازنەی ڕیالیزم جێ ناهێڵن، ئیدی هەر لە ڕیالیزمی بێ کەنارەوە، تا ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە و تەنانەت شۆڕشگێرانەیش. لە فۆرمێکی هونەریدا، بایەخ بە چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و چینایەتی دەدات، خەباتی جووتیاران و کرێکاران بە هێند وەردەگرێت و بە گژ دابونەریتی نامرۆڤانەدا دەچێتەوە.

لە چیرۆکی د. مارفدا، گرژییەک هەیە کە ئێمەی خوێنەر بە نیگەرانی ڕادەگرێت و ناچارمان دەکات، دوای ڕووداوەکە بکەوین، تا بزانین بە کوێ دەگات. لە چیرۆکی ئەودا لە دەنگی گێڕەرەوەدا، هۆشیارییەکی چڕ هەیە کە باس لە تەنیایی ئینسان دەکات. کێ لەو کیژۆڵەیە تەنیاترە کە گوندەکەیان کاول دەکرێت و کەسوکاری دەکوژرێن؟ کێ لە ئەڵەمان کوردی تەنیاترە کە لە وڵاتێکی دواکەوتووی ژێردەستەدا، ئازار بە ئاوەزی گەییشتووە؟ کێ لەوانە تەنیاترە کە لە سایەی جەنگدا لە برساندا دەمرن؟ کێ لە قارەمانەکانی چیخۆف تەنیاترە؟ ببوورن گوتم قارەمان! یەکێک لە مەرجەکانی کورتەچیرۆکی سەرکەوتوو، ئەوەیە (قارەمان)ی تێدا نەبێت، ئەوە نییە لای مۆپاسان، ژنێک کە لە ناچارییەوە سێکس دەفرۆشێت، لای تۆرگنێڤ، کۆیلە، لای چیخۆف، کارمەندێکی هەژار، دەمرێت و کەسێکی دەست ناکەوێت، ڕازی خۆی بۆ بدرکێنێت و لای د. مارفیش، قوتابییەکی کلۆڵە کە لەبەر دەستی بەڕێوەبەرێکی دڵڕەقدا؟ (٥)

چیرۆکی کورت هەیە، هەر لەو شیعرە ناسکانە دەچێت کە دەکەونە خانەی لیریکەوە و هیچ دەستتێوەردانێکیان پێوە دیار نییە، هەیە لە سەرگوتاری ئۆرگانی حیزبێکی نەریتخوازەوە نزیکترە وەک لە ئەدەب. بەرهەمی د. مارف نە لەمیان دەچێت و نە لەویان، ئاخر ئەو هەم ئازادی بە کارەکتەرەکانی دەبەخشێت و هەم پلانیش بۆ بونیاد و ڕەوتی کورتەچیرۆکەکانی دادەڕێژێت. چیرۆکنووس هەیە کە دەست بە نووسین دەکات، دەگاتە جێیەک بۆ خۆیشی سەرپرایزە، هەیشە پێشەکی چوارچێوەی تەلاری چیرۆکەکەی ڕۆ ناوە، تووشی میوانی ناوەخت و ڕووداوی لەناکاو نابێت. لە نێوان ئەم دوو شێوازی نووسینەدا، د. مارف لە دووەمیانەوە نزیکترە.

شوێن لای د. خەزنەدار جێگەی بایەخە، بەڵام شوێن بە مانای شاری جەنجاڵ و باڵاخانەی بەرز نا، بەو مانایەی کە لە دیرۆکێکی تەژی لە ململانێ و ڕەسەنایەتی پێک هاتووە. لە چیرۆکدا گرنگ ئەوە نییە، ئەوەی باسی دەکەین، ڕووپەلێک بێت لە دیرۆک، گرنگ ئەوەیە لە ڕووداو بچێت. د. مارف نە ڕووداوی ڕاستەقینە دەنووسێتەوە، نە مێژوو تۆمار دەکات، بەڵکوو ئیلهامیان لێ وەردەگرێت و دەیانکاتە پاڵپشت بۆ چیرۆکەکانی. گێڕانەوەی دیرۆک لای د. مارف زانست نییە، هونەرە، هونەر بەو مانایەی کاتێک سەرگەرمی گێڕانەوەی ڕووداوێکی مێژووییە، کارەکتەرەکانی زادەی خەیاڵن، وەک لە (بووکەشووشە)دا هەستی پێ دەکەین و پێ دەچێت لەو بوارەدا، سوودیشی لە ئەزموونی (واڵتەر سکۆت)ی ئینگلیز و (ئەلیکسەندەر دۆماس)ی فەرەنسایی وەرگرتبێت. ڕەسەنایەتییش لە کن ئەو، زادەی بەسەرکردنەوەیەکی ڕاستگۆیانەی کولتووری کوردەوارییە، بە لایەنە تاریک و ڕۆشنەکانییەوە. لە چیرۆکیدا (سەفەر)یش ئامادەییەکی زۆری هەیە، ئیدی سەفەری جووتیارێک بێت، لە گوندێکەوە بۆ شار، وەک لە (دەروێش کاکەڵڵا)دا وێنەی کێشاوە، یان هی تێکۆشەرێک بێت، لە بەغداوە بێت بۆ هەولێر، وەک لە (سەرینەبۆر)دا تۆماری کردووە، یان هی خوێندکارێک بێت لە بەرلینەوە بۆ مۆسکۆ، وەک لە (ئێوە قارەمانن) دا ژیانی پێ بەخشیوە.

لە (بووکەشووشە)دا، دوو چیرۆکبێژ هەیە: خودی نووسەر کە پشتی بە بیۆگرافیای خۆی بەستووە و کچەی هاوڕێشی کە بیرەوەرییە تاڵەکانی سەروەختی دووەمین جەنگی دنیاگرەوەی خۆی دەگێڕێتەوە. ڕۆمانی کورت لە بیستهەزار وشەیەک پێک دێت، بووکەشووشە کە درێژترین چیرۆکی د. مارفە، وەک قەوارە هێندە نییە کە بە ڕۆمانێکی کورتی لە قەڵەمی بدەین. جیاوازییەکی دیکەی نێوان چیرۆکی کورت و کورتەڕۆمان ئەوەیە، یەکەمیان باسی (ئەزموون)ێک و دووەمیان باسی (ئەزمە)یەک (***) دەکات، بووکەشووشە بەم پێوانەیەیش، چونکە باسی ئەزموونی منداڵێکی لە ترسی جەنگ هەڵاتوو دەکات، هەر دەکەوێتە خانەی کورتەچیرۆکەوە. (پیرەمێرد و زەریا)ی ئەرنست هەمەنگوای، لەسەر ئاستی دنیا، یەکێکە لە کورتەڕۆمانە هەر بەناوبانگەکان. کورتە ڕۆمان چونکە سوود لە ڕەگەزەکانی کورتەچیرۆک و ڕۆمانیش وەردەگرێت، بۆیە خاوەنی جۆرە شیعریبوونێکی تایبەت بە خۆیەتی.

بەشێکی گرنگ لە چیرۆکەکانی د. مارف بە هەق نموونەی جوانی (ئەدەبی بەرەنگاربوونەوە)ن، وەک: بۆمبا و قوتابخانە، تفەنگ و دەمانچەی شکاو. لە یەکەمیاندا گوندێکی کوردستان خاپوور دەکرێت و خەڵکەکەی دەکوژرێن. لە دووەمیاندا سەروەختی شۆڕشە، بۆ پێشمەرگەی ماسی، هەم دێهات و هەم شار، ڕۆڵی ئاو دەبینن. لایەنی هەرە جوانی ئەو دوو چیرۆکە ئەوەیە، چیرۆکنووسی دوورەوەتەن، هێندە بە سەر بابەتەکەیدا زاڵە، هەر دەڵێیت، لەناو ڕووداوەکانی شۆڕشدا ژیاوە و کەسێکی وریا کە بە درێژایی شۆڕشی ئەیلوول پێشمەرگە بووبێت، غەفڵەتێک لەو دوو چیرۆکەدا نابینێتەوە.

لە (خەنجەر و قەڵەم کامەیان؟)دا، خوێندکارێکی کورد خەو بەوەوە دەبینێت، زانکۆ لە شارەکانی کوردستاندا هەبێت و لەژێر گوشاردا زانکۆی بەغدا جێ دەهێڵێت و دەبێت بە پێشمەرگە. لەم چیرۆکەدا بۆ ڕستەی شیعری بگەڕێین نائومێد نابین: (زێی گەورە لەبەر تیشکی زەردەی خۆرئاوادا، وەکوو زنجیری زێڕ لەناو تەمومژدا دەلەرییەوە.) (****) نێرگزفرۆش، وێڕای ئەوەی جیاوازیی چینایەتی فەرامۆش ناکات، چیرۆکێکە سەر بە ئەدەبی بەرگری، پشتی بە دیرۆک قایمە و دەمانباتەوە بۆ کن بەردەقارەمان کە سیمبۆلێکە بۆ بەرەنگاربوونەوە. (*****) لە چیرۆکی (ئەمەیە ئەنجامی تاوانبار) دا، بۆ چاوترساندنی خەڵک لە ناوەندی شاردا، تەرمی سێ پێشمەرگە فڕێ دەدرێت. ئەوە جێی سەرنجە هەموو ئەو چیرۆکانەی سەر بە ئەدەبی بەرگرین، لەدوورەوڵاتی، لە ناوەڕاستی ساڵانی شەستی، سەدەی ڕابردوودا نووسراون.

ڕەنگە هەڵە نەبم، ئەگەر بڵێم کورتەچیرۆکنووس هاوزەمان پێویستە شاعیریش بێت، ئاخر پێویستی بەوەیە توانای ڕاوکردنی چرکەساتە تیژتێپەڕەکانی هەبێت، کورتبڕییەکی چڕ ڕەچاو بکات و تاقە وشەیەک بە خەسار نەدات. بووکەشووشە یەکێکە لەو چیرۆکانەی د. مارف کە تێیدا هەست بە هەبوونی زمانێکی شیعری دەکەین: (شەپۆلی قژی درێژ لەسەر سینگە نەرمونۆڵەکەی شڵپوهوڕی بوو.) یان: (دڵۆپە وردەکانی ئارەقە، بە شەوقی چراکە وەکوو مرواری دەدرەوشانەوە.) نەک لە کورتەچیرۆک تەنانەت لە ڕۆمانی کوردیشدا، بە دەگمەن تووشی ڕستەیەک دێین، بە درێژایی تەمەنمان لە هەواری بیرەوەریماندا بمێنێتەوە، ڕستەیەکی جوانی لە چەشنی ئەمەی دۆکتۆر مارف لەسەر

زاری کچەی قارەمانی بووکەشووشەوە دەیڵێت: (ئەگەر بە منداڵی مەشقی ڕۆییشتن نەکەین، ڕەنگە بە درێژایی ژیانمان فێری ڕۆییشتن نەبین.) بووکەشووشە یەکێکە لەو چیرۆکە دەگمەنانەی کە دەیخوێنینەوە، بە جۆرێک دیلمان دەکات، بە تەواوبوونی هەست بە نیگەرانی دەکەین و پێمان خۆشە هەر درێژەی هەبێت.

د. مارف لە بازنەی گوند و پێوەندییە فیودالییەکاندا گیری نەخواردووە، چیرۆکی هێناوەتە ناو جەرگەی شارەوە و خەباتی نهێنیی تێکۆشەران و خۆپیشاندانی خەڵکی داوەتە بەر ڕووناکی. کارەکتەر لای ئەو هەر پۆزەتیڤ نییە، ڕێ دەکەوێت تەنانەت کەسانی خۆفرۆشیش بن، چیرۆکی (ئیشەکە ناکا) کۆتاییەکی سەرنجڕاکێشی هەیە، کاتێک پۆلیسێک هەست بە ئازاری ویژدان دەکات و بڕیار دەدات، دەستبەرداری ئیشەکەی ببێت. گۆڕانی کارەکتەر لای د. مارف، وەک هەڵتۆقینی قارچک لەناکاو ڕوو نادات، زەوینەی بۆ خۆش دەکرێت و جێی باوەڕی خوێنەرە، لە چیرۆکی ئەودا نە ڕێکەوت ڕۆڵی کاربڕ وازی دەکات، نە کۆتایی دەبێتە مایەی حەپەسانی خوێنەر. لە (دایکێتی) دا، ئایشەخانی قارەمانی چیرۆکەکە، دێتە خەوی چیرۆکنووسەکەوە، پێم وایە پێش د. مارف، هیچ چیرۆکنووسێکی دیکەی کورد، بیری لەوە نەکردووەتەوە کە دەکرێت قارەمانی چیرۆک هەست بکات غەدری لێ کراوە و خەو لە چیرۆکنووسەکە تاڵ بکات.

ئەوە جێی سەرنجە کە لای د. خەزنەدار گەلەک جار گێڕەرەوەی هەمووشتزان قوتابییەکی قۆناغی سەرەتاییە، کە خودی نووسەرە و سەرقاڵی نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی خۆیەتی. کە شوێنی ڕووداو هەولێر دەبێت، کارەکتەرەکان بە دیالێکتی هەولێر دەپەیڤن، وەلێ گێڕانەوە بە کوردییە، نەک بە شێوەزاری ناوچەیەک. کارەکتەرگەلی چیرۆکەکانی د. مارف سەر بە زۆربەی چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەوارین، ئیدی هەر لە ئاغا، مەلا، خەفیە، قوتابی، پێشمەرگە، خەباتگێڕی ناو شار، کارمەندی میری و دەرۆزەکەرەوە تا بە چیرۆکنووسیش دەگات. گێڕەرەوە لە (دڵ و نەتەوە)دا کە کارەکتەری سەرەکیی چیرۆکەکەیشە، قوتابییەکی مێردمنداڵی هەولێرییە، دەکەوێتە داوی عیشقی کیژۆڵەیەکی قەڵاتییەوە و پشت بە بیۆگرافیا دەبەستێت و خەیاڵی شاعیرانەی نووسەر، بەرگێکی ڕۆمانتیکی بە بەر چیرۆکەکەدا کردووە. پێم وایە مەسەلەی هاتنەوەی بابی کیژۆڵەکە لە

حەج، کە هێندە بایەخی پێ دراوە و وەک چیرۆکێک وایە لە ناو چیرۆکەکەدا، پاژنەی ئاخیلی ئەو چیرۆکە جوانەیە.

لە ساڵی ١٩٧٣دا، دڵشاد مەریوانی لە نامیلکەیەکی چل لاپەڕەیی قەوارە گچکەدا، کە ناوی لێ دەنێت: (پێشوازیی خاوەنشکۆ و دوو چیرۆکنووس،) (٦) هەڵسەنگاندنێک بۆ هەردوو چیرۆکی (پێشوازیی خاوەنشکۆ)ی دۆکتۆر مارف خەزنەدار و (پێشوازی)ی (مەحەممەد مەولوود مەم) دەکات، ئەو دوو چیرۆکە هەمان ڕووداو، سەردانی فەیسەڵی دووەمی پاشای عێراق بۆ هەولێر، بەسەر دەکەنەوە. هەڵسەنگاندنەکەی مەریوانی کە لە قازانجی چیرۆکەکەی خەزنەدار کۆتایی دێت، بریتییە لە هەندێک سەرنج و تێبینی سەرپێیی و ڕەنگە نەکەونە نێو خانەی ڕەخنەی ئەدەبییەوە، ئاخر ئەگەر پێمان وابێت، مێژووی ئەدەب، مێژووی فۆرمە ئەدەبییەکانە یان جیرار جێنییە گوتەنی: دیرۆکی ئەدەب، دیرۆکی کۆدە ئەدەبییەکانە، ئەوا دڵشاد نە باس لە فۆرمی ئەو دوو چیرۆکە دەکات، نە لە هەوڵی لێکدانەوەی هیچ کۆدێکدایە.

بە پێچەوانەی مەریوانییەوە کە بە چیرۆکێکی سەرکەوتووی لە قەڵەم داوە، پێشوازیی خاوەنشکۆ لە کن عەبدولسەمەد خانەقا (کارێکە هەڵگری گەلەک خەوشە و تەژییە لە زێدەڕۆیی.) (٧) یەکێک لە خەوشەکانی ئەو چیرۆکە ڕەنگە ئەوە بێت کە زێدەڕۆیی لە خراپ نیشاندانی بەڕێوەبەری قوتابخانەکەدا کراوە، ئاخر وەک جەللادێکی سەردەمی بەعس، لەوانەی ئیشیان ئەشکەنجەدانی خەباتگێڕان بوو، وێنەی کێشراوە. یەکێک لە پەیامەکانی ئەو چیرۆکە لەوەدا چڕ دەبێتەوە کە: لە هەر شوێنێک مامۆستا لە قوتابی بدات، لەوێ شتێک نییە ناوی ئازادی یان دیمۆکراسی بێت. لایەنی هەرە جوانی ئەم چیرۆکە ئەوەیە، نووسەر هونەرمەندانە بە ناخی کارەکتەرە سەرەکییەکەیدا کە خودی چیرۆکبێژە و قوتابییەکی دوا ساڵی سەرەتاییە، ڕۆ چووە و لێ گەڕاوە خۆڕسکانە قسەی دڵی خۆی بکات.

(عومەر مەعرووف بەرزنجی) پێی وایە، چیرۆکەکانی دۆکتۆر مارف خەزنەدار واقیعین، ژیانی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری بەسەر دەکەنەوە و کەلەپووری

نەتەوایەتی فەرامۆش ناکەن، وەلێ لە ڕوانگەی ئەو باسکارەوە، وەسفی درێژ، لایەنی لاوازی هەندێک لە چیرۆکەکانی خەزنەدارە، ئاخر چیرۆکی کورت لەبری وەسفی درێژ، با وەسفەکە هونەرمەندانەیش بێت، هانا بۆ بە چڕی نووسین و کورتبڕی دەبات.(٨) خەوشی چیرۆکی دەروێش کاکەڵڵا لە کن بەرزنجی ئەوەیە بە وەسفێکی درێژ دەستپێ دەکات، کەچی خانەقا هەمان چیرۆک بە نموونەیی لە قەڵەم دەدات و پێی وایە: (تابلۆیەکی هونەرییە و لەسەر عەرشی ڕەسەنایەتی ڕۆ نیشتووە.) لەو چیرۆکەدا کە نوستالژیایە بۆ ڕابردووی پاک و باسی پێوەندیی نێوان گوند و شار دەکات، د. مارف شارەزایانە ناخی منداڵیشی خوێندووەتەوە.

لە ڕوانگەی (ڕەئووف حەسەن)ەوە زەمان لە چیرۆکی (دڵداری قەدەغە نییە)ی د. مارف خەزنەداردا، درێژە، ئەوەیش لەگەڵ هونەری کورتەچیرۆکدا ناتەبایە کە پێویستە ڕووداوەکانی وەختێکی کورتیان پێ بچێت.(٩) دەشێت جوانترین لایەنی هونەریی ئەو چیرۆکە، مەنەلۆگەکەی کاکەسوور بێت، ئەو وەختەی چاوەڕێی عەیشان دەکات و دیالۆگەکانیش هێندە لێزانانە داڕێژراون، ڕەنگە وشەیەکی زیادیان تێدا نەبێت و تەواو لە قسەی کارەکتەرەکانیش دەچن. د. خەزنەدار کارەکتەرەکانی ئەم چیرۆکەی لە گۆڕاندا وێنە کێشاوە، گۆڕانێک کە بە هۆی هەلومەرجی نوێوە دێتە ئاراوە و جێی بڕوای خوێنەرە. لە هەر چیرۆکێکی د. مارف ڕابمێنین، پەیامێکی پێیە و شتێکمان پێ دەڵێت، شتێک کە بە چیرۆک نەبێت، بە هیچ ڕێگەیەکی دیکە ناگوترێت، ئاخر (چیرۆک ئامرازێکە بۆ گوتنی ئەو شتانەی بە شێوازی تر نایەنە گوتن.) بیری د. مارف هێندە فراوان و ئاسۆی بەردەمی هێندە ڕوون بووە، توانیەیەتی کۆمەڵگەی کوردەواری بە دەم گۆڕان و گەشەکردنەوە، لە چیرۆکەکانیدا جێ بکاتەوە.

وەک عەبدولسەمەد خانەقایش ئاماژەی بۆ کردووە، ئەوە سەیر نییە کە خەڵکی ساکاری سەر بە گەلێکی بندەستی بێ دۆست، دوژمنی دوژمنیان بە دۆست بزانن.(١٠) بۆ ئەڵەمان کوردی کە کەسایەتییەکی ڕاستەقینەی نەک هەر ساویلکە، تەنانەت شێتۆکەیش بووە، ئاساییە لە دژی ئینگلیز، سەروەختی دووەمین جەنگی جیهانگرەوە، لایەنی ئەڵمانیا بگرێت. ئەڵەمان کوردی کە لە ئایاری ١٩٦٠دا نووسیویەتی و دەستپێکی چیرۆکی د.

مارفە و هەمان ناوی لە یەکەمین کۆچیرۆکیشی ناوە، دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبووە. ئەو کارە هێندە هونەرییە، ڕەنگە ئەگەر بڵێم هەموو ڕەگەز و مەرجەکانی چیرۆکی سەرکەوتووی تێدایە و دەشێت بە مەبەستی فێربوونی چیرۆکنووسین، وەک دەرس بخوێنرێت، لە ڕاستی لام نەدابێت. ئەگەر ئەڵەمان کوردی خەوشێکی هونەری تێدابێت، ئەوەیە نووسەر لە کۆتاییدا دەڵێت: (نە ئەڵەمان کوردی نازی بوو، نە خەڵکەکە، تەنیا ئەوەبوو ئینگلیزیان خۆش نەدەویست.) بریا لێ گەڕابا، خوێنەر خۆی بەو ئەنجامە گەییشتبا.

د. مارف زەبروزەنگ و بابسالاری دەداتە بەر ڕەخنە و ڕووناکی دەخاتە سەر ئەو کارەساتانەی کە بە هۆی جەنگەوە، تووشی ئینسان دێن و لێزانانە بەرگی چیرۆک دەکاتە بەر خەباتی نهێنیی ناو شار و خەباتی پێشمەرگەیش کە زێتر لە شەڕی پارتیزانیدا خۆی دەنوێنێت، فەرامۆش ناکات. خوێندن بە زمانی کوردی، هێندە جێی بایەخی د. خەزنەدارە، تا ئەو ئاستەی هەندێک جار ئەو بایەخپێدانە زۆرە، بە زیان لەسەر لایەنی هونەریی چیرۆکی دەکەوێت. (شیر دا لۆ داپیر دا) کە چیرۆکێکی زۆر کورتە و زەمان تێیدا دەیان ساڵە، زادەی ژیاننامەی نووسەرە، بە جێیاوی کەسی یەکەم نووسراوە و گێڕەرەوە وەک شاگردێکی مارکس، خەون بە بەهەشتی سەر زەوییەوە دەبینێت. د. مارف کە ویستوویەتی ئەدەبی گاڵتەجاڕی بنووسێت، جێدەستی هەر لە هی مامۆستایەکی ئەو بوارە دەچێت، وەک بە هەردوو چیرۆکی: (کورد تەڵاقی ناکەوێ) و (ئەحە کەچەڵ ...)ەوە دیارە. لە (جاشولکەکەم)دا کە سەرهەڵدانی ئۆتۆمۆبیل کۆتایی بە کاروان و کاروانچییەتی دەهێنێت، هەر لەوە دەچێت بۆ نووسینی ئەو کورتەچیرۆکەی، ئیلهامی لە دۆن کیخۆتەی (سێرڤانتس)ەوە وەرگرتبێت.

د. مارف خەزنەدار هەرچەندە بە پلەی یەکەم باسکارێکی ئەکادیمیکە، بەڵام هەر زوو دەرک بە بەهای بڵند و بە ڕۆڵی کاریگەری هونەری گێڕانەوە دەکات و لەو بوارەیشدا خەزێنەیەکی تەژی لە (زێڕەچیرۆک)مان بۆ جێ دەهێڵێت، کە بە هەق زایەڵەی هاواری خەڵکی کوردستانە لە پێناوی ئازادیدا و هەڵگری پەیامی قوربانییەکانی دەستی چەوساندنەوەیە، پەیامێک هانمان دەدات بە گژ ئەوانەدا بچینەوە، کە گەمە بە

ژیانی کەسانی دیکە دەکەن و هەوڵ دەدەن لە ڕێی ترس و تۆقاندنەوە، وامان لێ بکەن بە پیرۆزیان بزانین.

*

(١) د. مارف خەزنەدار، ئەڵەمان کوردی، چاپخانەی ئەسعەد ١٩٦٩ بەغدا.
(٢) د. مارف خەزنەدار، بووکەشووشە، چاپخانەی ئەسعەد ١٩٦٩ بەغدا.
(٣) د. مارف خەزنەدار، بەرەو ڕۆژ، کتێبفرۆشی سۆران، چاپخانەی سیما ٢٠٠٦ سلێمانی.
(٤) د. عبدالعزیز السبیل، مفهوم القصة القصیرة بین اراء النقاد و رؤی المبدعین.
(٥) أنی إنرایت، القصة القصیرة الإیرلندیە فی العصر الحدیث، ترجمة: سامیة العطوط.
(٦) دڵشاد مەریوانی، پێشوازیی خاوەنشکۆ و دوو چیرۆکنووس، چاپخانەی ڕاپەڕین ١٩٧٣ سلێمانی.
(٧) عبدالصمد خانقاه، مجموعة أقاصیص کردیة لمعروف خزندار، ص ٧٨ - ٩٣ الثقافة الجدیدة، عدد ١٤ حزیران ١٩٧٠ بغداد.
(٨) عومەر مەعرووف بەرزنجی، لێکۆڵینەوە و بیبلیۆگرافیای چیرۆکی کوردی (١٩٢٥ – ١٩٦٩) لاپەڕەکانی ١٤٦ تا ١٤٨ چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ١٩٧٨ بەغدا.
(٩) ڕەئووف حەسەن، کرێکار و چیرۆکی کوردی، ل٥٢ چاپخانەی عەلاء ١٩٨٢ بەغدا.
(١٠) عبدالصمد خانقاه، مجموعة أقاصیص کردیة لمعروف خزندار، ص ٧٨ – ٩٣ الثقافة الجدیدة، عدد ١٤ حزیران ١٩٧٠ بغداد.
(*) لە پێناوی دڵپاکیدا کە د. مارف لە ٤ی نۆڤەمبەری ١٩٥٢دا نووسیویەتی و لە کۆچیرۆکی بەرەو ڕۆژدا بڵاوی کردووەتەوە، زێتر لە پەخشانێکی هونەری دەچێت وەک لە کورتەچیرۆک، باس لە بولبولێک دەکات کە لە پێناوی ژیاندنەوەی گوڵێکدا، گیانی خۆی دەبەخشێت.
(**) ڕەنگە د. مارف لە ناوەڕۆکی (ئەڵەمان کوردی جارێکی تر زیندوو دەبێتەوە،) پەشیمان بووبێتەوە، ئەگەر نا سەروەختی کۆکردنەوەی چیرۆکەکانی لە دووتوێی بەرگێکدا، ئەو چیرۆکەی فەرامۆش نەدەکرد. د. مارف خەزنەدار، ئەڵەمان کوردی جارێکی تر زیندوو دەبێتەوە، لاپەڕەکانی ٧٥ تا ٨٠ی چیرۆکی هەڵبژاردەی ڕۆژی کوردستان ١٩٧٦ بەغدا. وێڕای ئەو چیرۆکانەی ئاماژەم بۆ کردن، د. مارف خەزنەدار چیرۆکێکی دیکەی هەیە، ناوی لێ ناوە، سڤێتلانە، کە لە دووی کانوونی یەکەمی ١٩٦٧دا لە لینینگراد نووسیویەتی و بۆ یەکەم جار ٥یی ٦ی ٢٠٠٩لە (ڕامان)ی ژمارە (١٤٥)دا بڵاوی کردووەتەوە. تایبەتمەندییەکانی ئەم چیرۆکەی بە بەراورد لەگەڵ ئەوانەی دیکەیدا، لەم خاڵانەدا چڕ دەبێتەوە: کارەکتەرەکان خەڵکی ڕووسیان، ڕووداوەکان لەوێ ڕوویان داوە و هیچ هێمایەکیش بۆ ئەوە نییە، نووسەرەکەی کورد بێت. سڤێتلانە کە ناوی ژنێکی جوانە و بە مانای ڕووناک دێت، چ وەک سەرەتا، چ وەک گەشەسەندنی ڕووداوەکان و چ وەک کۆتایی، یەکێکە لە چیرۆکە هەرە جوانەکانی

نووسەر. (نەمزانیبوو، د. مارف ئەم چیرۆکەیشی هەیە، سوپاس بۆ کاک سەباح ڕەنجدەر کە دوای بڵاوبوونەوەی باسەکەم، ئاگاداری کردمەوە.)

(***)crisisتەنگانە :

(****) بە شەو چەمی گەوهەربەندی پشتوێنت

لێم ئەبێتە ئاوێنەی باڵانوێنت. شیعری مۆسکۆی جوان، دیوانی گۆران، ل٣٠٤ کۆڕی زانیاری کورد ١٩٨٠ بەغدا.

(*****) کە شێخ مەحموودی حەفید (١٨٨١- ١٩٥٦) لە دەربەندی بازیان، لە ٩ی حوزەیرانی ١٩١٩دا، ڕێ لە لەشکری ئینگلیز دەگرێت، لە پاڵ گاشەبەردێکدا بە برینداری بە دیل دەگیرێت، ئیدی ئەو بەردە ناوی وەک بەردەقارەمان، دەچێتە نێو دیرۆکی کوردەوە.



# کلتۆرێ توندوتیژیێ د جڤاکێ کوردیدا

د. عارف حیتۆ

## پێشگۆتن

پشتی هلوەشیانا رژێما عێراقێ و سەرهەلدانا هەڤرکی یێن تەپەسەرکری یێن مەسەبی و رامیاری یێن جوداجودا، دیاردا توندوتیژیێ ب ئاشکرایی کەفتە ناڤ بەحس و ڤەکۆلینێن جڤاکی. ژ لایەکێ دیڤە ژی، گرنگی پێدانا مجد یا نەتەوێن ئێکگرتی، ئەڤ بابەتە ل سەر ئاستێن سیاسی و دەستەلاتێ ژی گەرمتر لێ کر. ئوو وەکو هەولدانەک ژبۆ مەدەنیکرنا جڤاکێ کوردەواریێ، پرانی یا گۆتارێن رەوشەنبیری و سیاسی یێن جڤاکی ژی بەر ب سەمتا نەهێشتنا توندوتیژییێڤە دچن. ژ ئەگەرێ ڤان فاکتەرێن ژێگۆتی، بابەتێ توندوتیژیێ بوویە پشکەک ژ بەرنامە یێن هەر چوار دەستەلاتێن تەشریعی و تەنفیزی و قەزایی و راگەهاندنێ ژی. پارتێن جوداجودا و هەڤرک د کریارا هەلبژارتناندا ڤی بابەتی ژبۆ ب دەستڤە ئینانا دەنگێن دەنگدەران بکار دئینن، چونکو پرانی یا خەلکی ژ لایێ رەفتارا جڤاکی و تیۆریڤە دژی توندوتیژییێنە و هەمی ل سەر نەهێشتنا ڤێ دیاردێ پێک دهێن و بەرنامەیێن خوە ل سەر شەنگستێ نەتوندوتیژیێ دادنێن.

لێ سەرەرای ڤان هەولدانێن بەردەوامێن دەستەلاتدار و دەنگدەرێن هەچکوهەیی د جڤاکیدا، توندوتیژی هەر یا بەردەوامە! ئەڤە ژی رامانا وێ ئەوە کو توندوتیژی دیاردەیەکا جڤاکییە و د پرانی یا جڤاکێن جیهانێدا هەبوویە و هەیە. ئەگەر دیرۆکا هەر نەتەوەکی یان جڤاکەکی ژ جڤاکێن جیهانێ بخوینین، دێ کۆمەکا کریار و بۆیەرێن توندوتیژی و خویناوی و رەفتارێن دوژمنکاریێ د پێڤاژۆیا وەرارا وێدا بینین، چونکو ئەڤ رەفتارە د ناڤ پێکهاتەیێ کەساتی یا مرۆڤی و مرۆڤانتییێدا جهگیرن (١). هەرچەندە د. حامد عبدالسلام زهران د کتێبەکا خوەدا (علم النفس الاجتماعي)، ددەتە خویاکرن کو «هندەک عەشیرەتێن مینا عەشیرەتا ئەرابیش ل گینیا نوو هەنە، ب تەناهی و هەڤالینی دژین و د چ بۆیەراندا توندوتیژیێ بکار نا ئینن، ئوو د هندەک عەشیرەتێن دیدا ژی ئەگەر دوو کەس لێککەفتن، هەر ئێک دێ دارەکی راکەت و ل بەرەکی دەت، ئەوێ دارێ وی بەری یێ دی دشکێت ئەو یێ سەرکەفتییە و هەر ئێک دێ چیتە مالا خوە.» (٢)

لێ ئەڤ ڤەکۆلینە وێ هزرێ لانادەت کو توندوتیژی ب شێوازێن خوە یێن هەمەجۆرڤە،

ژ دەسپێکا ژیانێ هەبوویە. ڕەهوریشالێن ڤێ دیاردێ ژی د کووراتی یا جەرگێ دیرۆکێدا هەیە و هندەک ڤەکۆلەر ڤێ دیاردێ ڤەدگەریننەڤە سەردەمێ سەرەتاییێ ژیانێ ل سەر عەردی دەمێ قابیلێ کورێ ئادەمی هابیلێ برایێ خوە کوشتی (٣)، ئوو ژ وی سەردەمی وەرە و هەتا نهۆ کریارا توندوتیژیێ د ناڤبەرا مرۆڤاندا بەردەوامە هەتاکو بوویە پشکەک ژ رەفتار و کەساتی یا جڤاکی یا مرۆڤی. ئوو کەساتی یا جڤاکی یا مرۆڤی ژ سێگۆشەیا (هزر و دلینی و رەفتارێ) پێک دهێت کو هزر دگەل رەفتارێ و رەفتار دگەل دلینیێ و دلینی دگەل هزرێ دگونجیت. هەر پێشێلبوونەکا ددلینیێ یان رەفتارێ یان هزرێدا پەیدا ببیت، ب ئاوایەکێ ئۆتۆماتیکی کار دکەتە سەر چوکلێن دی یێن سێگۆشێ (٤). ئوو چونکو کریارا توندوتیژیێ پشکەکە ژ رەفتارا مرۆڤی، بێگۆمانە کو دێ کارکەتە سەر هزرێ و دلینیێ ژی هەتاکو دبیتە پشکەک ژ پێکهاتەیێ کەساتی یا مرۆڤی. ئەڤجا نە کارەکێ هێسانە کو ب بڕیارەکێ یان یاسایەکێ یان هەوەکا هشیارکرن و رەوشەنبیرکرنێ، ئەڤ پێکهاتەیە بهێتە گوهارتن. هەرچەندە ڤان هەولدانان رۆلەکێ کاریگەر د ستراتیژی یا ئاییندەییدا هەیە، لێ دەملدەست ئەنجام و ڤەرێژ خویا نا بن.

ژبۆ ڤێ مەرەمێ ژی، گەلەک ژ نڤیسەر و ڤەکۆلەرێن جڤاکی و دەروونی هەولداینە و هەولددەن کو ل گورەی دیتن و بوچوونێن خوە، ڤێ دیاردە یا ترسناک و نە مرۆڤانی شرۆڤە بکەن، بەلکو رێکێ لێ بگرن یان هندەک شۆنگرێن دی یێن پتر نێزیکی مرۆڤانیێ بۆ بدانن. لێ پرسیارا هەرە گرنگ، ئەوا د مەژیێ هەمی ڤەکۆلەراندا د لڤیت ئەوە؛ کا ئەرێ ئەڤ دیاردە پشکەکە ژ سروشتێ مرۆڤی؟ یان ژی فیترەیەکا ڤەشارتییە دناڤ رەسەناتی یا غەریزە یێن مرۆڤیدا؟

گەلەک دید و بوچوونێن جوداجودا د ڤی واریدا هەنە، هندەک هزر دکەن کو توندوتیژی غەریزەیە و ل دەڤ هەمی، یان پرانی یا مرۆڤان هەیە. هندەکێن دی هەنە دبێژن کو ساخلەتەکێ وەرگرتییە و ژ رەوشا جڤاکی و دەردۆران د هێتە ڤەگرتن. رەهوریشالێن ڤێ تێڤەلی یا بیروبوچوونێن دەربارەی توندوتیژیێ، ڤەدگەرنەڤە سەردەمێ رێنیسانسێ و هەڤرکی و تێڤەلی یێن د ناڤبەرا زانا و پسپۆراندا دەربارەی وێ چەندێ کا نە باشی و نە جوامێری یا کەساتی یا مرۆڤی بەرکارێ جڤاکییە یان ژی ژ ئەگەرێ پێکهاتە یا غەریزەیی یا مرۆڤی پەیدا دبیت؟

ئەڤ هەردوو تێگەهە؛ غەریزەیی یا توندوتیژیێ (لورانتس)، ئوو ڤەگرتن و جڤاکی یا وێ (سکانەر)، بو ماوەیەکی درێژ ب هەڤتەریبی دناڤ جڤاکیدا یا باو بوو، هەتاکو دەسپێکا سەدەیێ بۆری کو دەسکەفتێن شرۆڤەکاری یا دەروونی یا کەسۆکی (فروید)

و شرۆڤەکاری یا دەروونی یا ئەزمۆنگەری (یونگ و فرۆم)، ئەڤ هەڤرکییە ئێکلا کری. ئوو ڤان خواندنگەهێن شرۆڤەکاری یا دەروونی ب ئەزمۆن خویا کرییە کو توندوتیژی د بنەکۆکا خوەدا دوو جۆرن (٥):

١. توندوتیژی یا بەرگریێ: کو توندوتیژییەکا غەریزەیی یە، مەرەم ژێ بەرگری و پاراستنا جۆرێ خوەیە. ئەڤ توندوتیژییە د ناڤ مرۆڤ و ئاژەلاندا ب وەکهەڤی هەیە.

٢. توندوتیژی یا وێرانکەر (حەزا وێرانکرنێ): ئەڤ جۆری توندوتیژیێ تنێ ل دەڤ مرۆڤان هەیە، ساخلەتێن سادیزمی و حەزا مرن و کوشتنێ ب ئاشکرایی تێدا خویا دبن. ئەڤ جۆرێ دووێ نە یێ غەریزەیی یە و چ مەرەمێن بەرگریێ یان پاراستنا جۆرێ خوەیی تێدا نینن. لێ بەروڤاژی ڤێ چەندێ، حەزا نە هێلان و وێرانکرنا یێ بەرانبەرە. دبیت ئەڤ جۆرێ توندوتیژیێ دناڤ مرۆڤیدا یێ ڤەشارتی بیت و دبیت ژی ب ئاشکرایی د رەفتارێن رۆژانە دا دەرکەڤیت. ئەڤ جۆرە ب هندەک فاکتۆرین کلتۆری و رەوشەنبیریڤە گرێدایە و پێ د هێتە ئازراندن و د شیاندایە کو ب ئاکامێن دەرەکیڤە بهێتە ئاراستە کرن.

ڤەکۆلەر (سمیر التقی) (٦) ددەتە خویاکرن کو توندوتیژی یا ئاژەلی غەریزەیی یە و ژبۆ بەرەڤانی و پاراستنا مانا خوە، توندوتیژیێ دکەت. لێ د هندەک ئاژەلێن گوشتخۆردا ئەڤ توندوتیژییە د بیتە حەزا لفکرنێ (الافتراس) و کوشتنا یێ بەرانبەر، ئەڤ جۆرێ توندوتیژیێ یێ بێ کەرب و کینە و حەز و ئالۆزی ب گەهشتنا مەرەمێ نامینیت. ئانکو هەردەمێ نێچیرا خوە کر (گیاندارێ بەرانبەر کوشت) دێ خۆت و تێر بیت و چ شێواز و ساخلەتێن توندوتیژیێ ل دەڤ نامینن. گەلەک ڤەکۆلینان خویا کرییە کو ئەگەر ئاژەلەکێ هۆڤ (کووڤی) بکەفتە خەفکێ یان د رەوشەکا نە سروشتێدا بیت، دوور نینە هندەک مەیلێن توندوتیژیێ ل دەڤ پەیدا ببن. لێ ل دەڤ مرۆڤی (کو د بنەرەتدا گیاندارەکێ نە گوشتخۆرە) توندوتیژی یا وی یا وێرانکەرە و دبیت ژبۆ بەرەڤانیێ بیت و گەلەک جاران ژی خۆشیێ ژ وێرانکرنا یێ بەرانبەر د بینیت.

خەلکێ هەچکوهەیی وەسا هزر دکەت کو چەند مرۆڤ یێ پاشکەفتیتر و دەسپێکی تر بیت هۆڤتر و توندترە. لێ ڤەکۆلینێن زانستی خویا کرییە کو ئەو مرۆڤێن ٩٩٪ ژ ژیانا خوە ب نێچیریڤە بۆراندین، هەر ژبەری پێنجی هزار سالان و هەتا نهۆ، چ جاران ژبۆ خۆشیێ کوشتن نەکرییە، نە یێ توندوتیژ و وێرانکەر بوویە، چ جاران قوربانیێ خوە نە ڤەکوشتییە یان تەشویه نە کرییە، ئەگەر ژبۆ مەرەمێن خوارنێ و بکارئینانا مفادارا چەرمێ وان نەبوو بیت. هەروەسا هاتییە خویا کرن کو د سەردەمێ نێچیریدا، مرۆڤ ل بەرانبەری ئێکودوو نە دوژمنکار بووینە و هەردەم نێچیر دناڤبەرا خوەدا لێکڤە کرینە.

د وی سەردەمیدا جڤاکێ مرۆڤانییێ یێ تەنا و ئێمن بوو، خۆ شکەفتێن خوە ژی ل دژی هێرشێن مرۆڤی شویرهە نە دکرن. ئەڤ خۆپاراستنە ژ هێرشێن مرۆڤی دگەل سەردەمێ کشتوکالێی و زالبوونا باوکسالارێی (ل شوینا دایکسالارێیی) دەرکەفتینە، ئانکو دگەل پێشکەفتا مرۆڤی دیاردا توندوتیژییێ ژی یا دەرکەفتی.

پرانی یا زانا و بسپۆرێن دەروونی ل سەر وێ چەندێ پێک د هێن کو پالێنەرێن پێکهاتەییێ کەساتی یا رەوشەنبیر ل سەر شەنگستێ فاکتەرێ ئازادی یا کەسۆکی و کاملانی یا خوەییێ مرۆڤی رادوەستیت. هەروەسا تاقیکرنێن د بیاڤێ دەروونزانی یا ئەزمۆنگەریدا ژی، خویا کرییە کو داکەفتن و پاشڤەبرن و تەپەسەرکرنا ئازادی یا کەسۆکی دبیتە ژێدەر و بنەکۆکا توندوتیژی و هاڤیبوونێ. ب ڤێ چەندێ، ئەم د کارین بێژین کو توندوتیژی نە پشکەکا سروشتێ مروڤانییێیە. لێ ساخلەتەکا جڤاکییە پشکدارییێ د رێباز و ئاراستەیا شەهرستانییێدا دکەت و دگەل شەهرستانییێ گەشە و وەرارێ دکەت. زانا یێن دەروونی و جڤاکی وەسا هزر دکەن کو کاودانێن جڤاکی یێن دەردۆر (داکەفتنا جڤاکی) و کلتۆری ب درێژاهی یا قۆناغێن هەمەجۆرێن ژیانێ (سەربۆرێن توندوتیژی و ئەشکەنجەدان و خەباتا دگەل دیاردە یێن سروشتی ژبۆ مانێ)، گرنگترین فاکتەرین رێخۆشکەرێن فێربوون و ڤەگرتنا ڤێ دیاردێنە. ئەو ب خوە مرۆڤ ب دەردۆرا خوەڤە یێ گرێدایە و ل گورەی عورف و عەدەت و بەها یێن جڤاکی یێن هەیی و دەردۆران و سیستەمێ پەروەردەییێ خێزانێ رەفتارێ دکەت (٧). ب ڤێ چەندێ ژی بۆ مە خویا دبیت کو توندوتیژی دناڤ پێکهاتە یا کەساتییێدا هەیە و کەساتی ژی بەرکارێ کلتۆرێ هەییێ جڤاکییە. ب کورتی توندوتیژی کریارەکە مرۆڤ ژ رەوشەنبیری و کلتۆرێ خوە یێ دەردۆر وەردەگریت.

## کلتۆرێ توندوتیژیێ یان توندوتیژی یا کلتۆری

لە کۆمەڵگا ناپێشکەتوو و نادادپەروەرەکاندا، نادپەروەری بەرامبەر هەموو شتێک دەکرێت نەک تەنها بەرامبەر بە مرۆڤەکان، بەرامبەر بە ژینگە و زانست و هونەر و جوانی و ئاوو وزەی کارەبا و خوێندن و فێرکردن و تەندروستی و هێزی مرۆیی و ئاژەڵ و باڵندەکان و گژوگیاکان و خاک و نەتەوەو هەموو شتێک. بۆیە لەم شوێنانەدا هۆشەکان لە گەشەی بەردەوام بەتاڵدەکرێنەوەو بێباکانە جیهانێک دروست دەکرێت کە تام و بۆنێکی زۆر ناخۆشی هەبێت. لە چەندین ماوەی حیاوازدا ریپۆرتەکانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەوە دەخەنەڕوو کە دوای ئەوەندەساڵی دیکە هەوڵدەدرێت رێژەی نەخوێندەواری دابەزێت بۆ زۆر کەمتر، کەچی لەلایەکی دیکەوە ناکۆکی سیاسی و ئابوری و هەڵگیرسانی جەنگی ئابوری و سەربازی لەناکاو رێژەی نەخوێندەواری و نەهامەتیەکان بۆ کۆمەڵێکی زۆری مرۆڤەکان بەرزدەکاتەوە، هەروەها ژمارەی نەخۆشیەکان چەندین ئەوەندەی دیکە بەرزدەبنەوە، هەروەها مرۆڤە دەربەدەربووەکان و بێ جێگایی و بێ دەرامەتی دەبێتەوە بە ژیانی ئێستاو دوارۆژی ژمارەیەک خەڵک. ئەوەی کە باسم کرد لە نموونەی ژیانکردنی دژ بە ئاڕاستەی دروستبوونی گەشەی بەردەوام لە زهنیەتی تاکدا تابلۆی تەواوی بەشێکی سەرەکی رۆژهەڵاتی ناوەراست و بەشێکی کیشوەری ئەفریقیایە.

شتێکی سەیرو باوەڕپێنەکراوە کە جوتیار هەبێ لەکارەکەی خۆیدا زۆر بەتواناو کارامەبێ و ئارەزوومەندی کاری کشتوکاڵیشی هەبێ و ئاوو سەرچاوەی بەروبومیش ئامادە بێ بەڵام بارودۆخ و سیاسەتی وێرانکارانە رێگەی پێنەدات کارە کشتوکاڵیەکەی ئەنجام بدات و نانی رۆژانەیان نەبێت بیخۆن. کە هەزاران نموونەی وەک ئەم جوتیارە لە چەند وڵاتێکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەن، هەروەها لە پارچەکانی کوردستاندا، بەڵام سەیردەکەی نموونەی لەم شێوە لە هیچ شوێنێک کە دادپەروەری لێی هەبێت بوونی نیە. ئەم جۆرە نموونانە لە وتارنوسینێکدا شتێکی زۆر سادەیە بەڵام لەنێو واقیعی ژیاندا کارەساتێکی گەورەیە، بەڵکو لە وڵاتانی پێشکەوتوو و دادپەروەردا تەنها ئەو کەسە نانی دەست ناکەوێت کە خۆی نایەوێت دەستی کەوێت و یان بە کورتی و بە کوردی ئەوانەن کە تەمبەڵن. لە جیهانی گلۆبالیزمی ئەمڕۆژگارەدا نادادپەروەری بەشێکی زۆرو گرنگی ئەم جیهانەی کۆنترۆڵکردووەو بێ ئەوەی دادپەروەری هەبێت سستمی دامەزراوەیی دروست نابێت و جێگەی خۆی ناگرێت و زۆربەی تاکەکان کە چینی هەژارو ناوەڕاست پێکدێنن دەبنە مرۆڤی بەتاڵبووەوە لە گەشەکردن و دەبنە بارگرانی بەسەر خۆیان و نەوەکانیان. لەوانەیە لە بەرزترین ئاستەکانی بێهیوابوونی مرۆڤـ ئەو کاتەبێ کە مرۆڤـ خۆی لێدەبێتە بەڵا، بۆئەوەش فاکتەرەکان گەلێک زۆرن بەڵام لە وڵات و سستمی نادادپەروەریدا زۆر لەوانەی کە لەخۆیان بەڵان، پێشتر ئارەزوومەندی ژیانکردن و هیوای زۆریان هەبووە، ئەگەر نادادپەوەری بەڕادەیەکی فراوان لەنێو خێزانێکیشدا بوونی هەبێت، ئەوا کاریگەرێتی نێگەتیڤانەی ئەمە دەبێتە بەڵا بەسەر هەموو خێزانەکەوە، خێزان وڵاتێکی زۆر بچوکە و وڵات خێزانێکی زۆر فراوان و گەورەیە. نا دادپەروەری مرۆڤەکان زویر دەکات، لە دامەزراوەی میریدا بوونی نادادپەروەری هەندێک لە فەرمانبەرەکان زویر دەکات، بوونی نادادپەروەری لە کۆمپانیادا هەندێک لە کارکەرەکانی کۆمپانیاکە زویر دەکات کە دواجار هەموو ئەم زویربوونانە کاریگەری نەرێنی دەکاتەسەر ئەو دامەزراوەو بەمەش بەرهەمهێنان لەسەر رێگەی راستی خۆیدا لادەدات، و ئیتر سستمی کارکردن بەرەو لاوازی دەڕوات، کە زۆر جاران هەبووە هۆکاری پوکانەوەو ئیفلاسبوونی کۆمپانیایەک نادادپەروەری بووە کە لە کۆمپانیاکەدا پەنگی خواردۆتەوەو بەش و کارە هەستیارەکانی کۆمپانیاکەی کۆنترۆڵکردووە. دەبێ باش ئەوە بزانین کە نادادپەروەری لە وڵاتدا زویربوونی بەشی زۆربەی هاوڵاتیەکانی لێدەکەوێتەوەو بەتێپەڕبوونی کات و بەردەوامبوون لەسەر پیادەکردنی نادادپەروەری لەلایەن بەرێوەبەرانی وڵاتەوە کاردەگاتە ئەوەی کە بەشێکی زۆری تاکەکانی کۆمەڵگا هەستی نیشتمانیان نەمێنێت و حەزو ئارەزووی تەواویان بچێتەسەر کۆچکردن بۆ وڵاتانی دیکە کە دادپەروەری تێیاندا هەبێت

دۆخی ئابوری تێیاندا باش و جێگیر بێت. لەئاکامدا تیشک خستنە سەر چەندین حاڵەتی پڕ لە مەترسی بەرئەنجامی نادادپەروەری لە وڵاتدا، وڵات دوچاری زیانلێکەوتنێکی زۆر دەبێتەوە کەوا ئەمە مەترسیە بۆسەر ستراتیژیەتی بەڕێوەبردنی دەوڵەت.
هەندێک لە لێتۆژان گلۆبالیزم پێناسەدەکەن بە «گلۆبالیزمی هەژاری و برسێتی، گلۆبالیزمی توندوتیژی و ململانێ، گلۆبالیزمی هەڕەشە و مەترسیەکان» ئەمە بۆ ڕێژەی ٧٥٪ ی دانیشتوانی گۆی زەوی ڕاستە بەڵام بۆ ٢٥٪ دانیشتوانی گۆی زەوی ڕاست نیە، لەبەرئەوەی مەرج نیە لەهەر شوێنێک و لەهەر کاتێکدا پێوانەکردنی نادادپەروەریەکان وەک یەک لێکدانەوەی بۆ بکرێت، بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە ئەم جیهانگیریەی کە ئێستا ئابوری و سیاسەتی جیهانی پێ بەڕێوە دەچێت کار بۆ بەرژەوەندیەکان دەکات و مۆدێلێکە لە بەرژەوەندخوازی باڵا. نادادپەروەری بەرمبەر بە ژینگە و ئەوەی ئێستا لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا ڕوودەدات ئاراستەکەی جیاوازە لە ئاڕاستەی پرنسیپەکانی پاراستنی ژینگەی گۆی زەوی، پاراستنی ژینگەی جیهان پێویستی بە مۆدێلێک لە سیاسەتی نێو دەوڵەتی هەیە جیاوازی زۆرە لەوەی ئێستا، مەبەستم لە سیاسەتی نێودەوڵەتی گشت تەوەرەکانە «ئابوری، رامیاری، کۆمەڵایەتی».

**گرنگیەتی دیراسەکردنی گەشەپێدانی مرۆیی:**
گرنگیەتی دیراسەکردنی ئەم بابەتە بە نوێگەرێتی بابەتەکەوە پەیوەستە، کە دەربڕینی «گەشەی بەردەوامی مرۆیی» لە وتاری سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی لەسەر کۆی ئاستی جیهان لە سەرەتای ساڵانی نەوەدەکانەوە حیسابی بۆ کراوە، هەروەها بوو بە جێگەی تێڕوانینی بڕیاردەران و حکومەتەکان و ئەو کەسانەی بە کاری کۆمەڵگای مەدەنی و کاروباری ناوخۆوە خەریکن، تاکو ئێستاش گفتوگۆ سەبارەت بە ماهیەت و پێکهاتەو شێوازی پێوانەکردن و پێداویستیەکانی جێبەجێکردنی بەردەوامە و لێکۆڵینەوەی لەبارەوە دەکرێت..
بابەتی دیراسەکردنی «گەشەی بەردەوامی مرۆیی» وادەکات کە خودی مرۆڤ بابەتی سەرەکی کرداری گەشەپێدان بێت، هەروەها تەوەری گۆڕانکاری سیاسی و ئابوری بێت، هەروەها وادەکات کە گەشەپێدان ئامانجێکی ڕاستەوخۆی هەبێت لە وەدیهێنانی ڕێزگرتنی مرۆڤ و لەلایەکی دیکە ڕێزگرتنی ژینگە و دەوروبەر لەلایەن مرۆڤەوە، کەواتە کارکردن بۆ هێنانەدی گەشەی بەردەوامی مرۆیی واتا پاراستنی هێزو توانای مرۆڤ لە نەوە دوای نەوە، ئەوەش بەبێ پاراستنی سروشت و ژینگە هەرگیز نایەتەدی، بەمەش بازنەی گەشەپێدان تەواو دەبێت لەنێوان ژینگە و مرۆڤدا، کە ئەمەیە ئامانجی گەشەپێدان

لە ژیانی مرۆڤایەتیدا. یەکێک لە هەڵە زۆر گەورەکان لە وڵاتانی نا گەشەکردوو و لە جیهانی سێیەمدا ئەوەیە پەیوەستی زانستیانەی نێوان گەشەکردنی ئابوری و گەشەی مرۆیی کاری بۆنەکراوەو تێگەیشتن بەتایبەت لەنێوەندەکانی بڕیاردا زۆر کەمەو نەبوەتە ئاراستەی کارکردن. بەو پێیەی کە گەشەی بەردەوامی ئابوری هۆکاری هاتنەدی گەشەی بەردەوامی مرۆییە.

زۆر لە قەیرانەکان هۆکارن بۆ هێنانەدی ململانێی زۆر لە جیهاندا وەک قەیرانی هەژاری، پیسبوونی ژینگە، شوێنی نیشتەجێبوون، کەمی ئاو، کێشەکانی بەردەم پێشکەوتنە تەکنەلۆژیەکان، نەخوێندەواری، مەرجەکانی بازرگانی نێو دەوڵەتی نا هاوسەنگ و ... هتد. کە هەندێک چینی نێو کۆمەڵگا بەشێوەیەکی کاریگەر دوچاری قەیرانە یەک لەدوای یەکە دروستکراوەکان دەکرێنەوە، کە جیاوازی رەنگی پێست کارێکی ئێجگار ناڕەوایە کاتێک دەکرێتە بابەتێکی گەورەی جیاوازی پێکردن، یاخود جیاوازی نەتەوەیی، کە لێرەدا با ئاماژە بکەم بە کاریگەرێتی نادادپەروەری نەتەوەیی، کە بە درێژایی مێژووی زیاتر لە ١٠٠ ساڵی رابردوو کە بەرامبەر نەتەوەی کورد کراوەو بەردەوامیشە، کە لەلایەن هەریەک لە نەتەوەکانی تورک و فارس و عەرەب، راستەوخۆ کاریگەری لەڕادەبەدەری بۆسەر «گەشەپێدانی مرۆیی کورد»ی دا هەبووەو دەیبێت، واتا سەرکوتکردنەکان کە دژ بە دادپەروەری و گەشەپێدانی بەردەوامی مرۆیی بەکارهێنراون راستەوخۆ کاریگەرێتی نەرێنی زۆری لەسەر پەرەپێدانی مێشکی مرۆڤدا داناوە، من لێرەدا وەک چوارچێوەیەکی گشتی باس لەم بابەتە هەستیارە دەکەم، بەڵام هەردەم رۆژهەڵاتی ناوەند لەبەشی هەرەپێشەوەی ئەم قەیرانە مرۆییەدایە. ئەمە بووەتە کلتورو سیمای گشتی ئەم دەڤەرە واتا مرۆڤایەتی کە پرسێکی ئێجگار گەورەیە و بریتییە لە ماهیەتی یەکە یەکەی مرۆڤەکان، لەم ناوچەیەدا بۆ شت و مەبەستی زۆر بچوک گۆڕدراوەو نەوە یەک لەدوای یەکەکانی فێری ئەم کلتورە پڕ ئێشە کراون کە ئاراستەی ئەم نەهامەتیە بەتەواوی پێچەوانەی ئاڕاستەی داهێنانەکانە بۆیە بەشێکی گەورەی رۆژهەڵاتی ناوەراست لەنێو دیاردەی بەردەوامی شەڕو ئاژاوە دروستکراوەکاندا کات بەرێدەکات و بەشێکی خەڵکەکەی بونەتە خۆڵەمێشی ئەم ئاگرە بەردەوامەی سەردەمی گلۆبالیزمی ئابووری.

## خەسڵەتەکانی گەشەی بەردەوام:

بەپێی پێناسەی تەسکی ئابوری بۆ گەشەپێدان بەرزبونەوەی داهاتی دەوڵەت تاکە پێوەرە بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵگا لە وڵاتانی هەژار و دەوڵەمەند وەکویەک. لەبەرئەوە تا ساڵانی سی و چلەکانی سەدەی بیست، گرنگیدان بە گەشەپێدانی بەردەوام لەلایەن

هەر دەوڵەتێکەوە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ ی سەدەی رابردوو، داهاتی دەوڵەت پێوەری گەشەپێدانی بەردەوام بوو. کە دادپەروەری لە دابەشکردنی داهاتی دەوڵەت، چالاکیە نێگەتیڤەکانی مرۆڤـ لەسەر ژینگەکەی و نا یەکسانی لەنێوان رەگەزی نێرو مێ و نەتەوە بچوکەکان لەنێو دەوڵەتدا و رێژەی نەخوێندەواری و کاریگەرێتی لەسەر بەرەودواوەچونی دەوڵەت لە ململانێی پێشکەوتندا بەتەواوی پشتگوێ خرابوون. کە زۆربەی جاران فاکتەرە نا ئابوریەکان بە فاکتەری بێهێز و لاوەکی دەژمێردران، وەک رێژەی فێرکردنی گەورەکان و خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان و نیشتەجێکردن.
لە ئەنجامی رەخنە لەسەر پێوەری گەشەپێدان بە مانا تەقلیدیەکەی هەروەها سەرەڕای جیاوازی لە لێکدانەوەی مانای «گەشەپێدان» کەچی رایەکی یەکانگیری لەنێوان ئابوری ناساندا بۆ دووبارە داڕشتنەوەی پێناسەی «گەشەپێدانی ئابوری» لەبارەی خەسڵەتە سەرەکیەکانیدا هەیە، کەوا ئەوەش رۆلی لە دۆزینەوەی تێگەیشتن لە «گەشەپێدان بە گشتی» دا هەبووە، هەروەها تێگەیشتنەکانی کە یارمەتیدەربوینە بۆ دۆزینەوەی تێگەیشتن لە پێداویستیە سەرەکیەکان هەروەها سامانە مرۆییەکان و دادپەروەری و دابەشکردن و ... تاد. ئەم خەسڵەتە سەرەکیانە بۆ کرداری گەشەپێدان کەلەسەریان رێکەوتن ئەمانەی خوارەوەن:

١. زیادکردنی داهاتی نەتەوەیی و بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی.
٢. کەمکردنەوەی جیاوازی لە دابەشکردنی سامانی وڵات لە نێوان توێژەکانی کۆمەڵگادا.
٣. گۆڕینی ستراتکتەری ئابوری و هەمەجۆرکردنی سەرچاوەکانی داهاتی وڵات.

راگەیاندنی ماف لە گەشەپێداندا لە ساڵی ١٩٨٦ دا یەکەم راگەیاندن بوو کە بەشێوەیەکی یاسایی و کرداری دان بەوە دابنێت کە کرداری گەشەپێدان مافێکە لە مافەکانی مرۆڤـ، هەروەها واداندرا کە سوود لێوەرگرتنی و بەجێگەیاندنی گشت مافەکانی مرۆڤـ و ئازادیە بنچینەییەکانی لێیەوە دێتەدی، بەمەش رونبوەوە کە گەشەپێدان پەیوەندیەکی راستەوخۆی بە مافی مرۆڤەوە هەیە.

**تەوەرکانی گەشەی بەردەوام:**

لە ئاماژە پێکردنەکانی رابردوودا لە خستنەرووی پێناسەو خەسڵەتی گەشەی بەردەوامدا، دەرکەوت کە گەشەپێدانی بەردەوام لە سێ تەوەری بەیەکەوە بەستراوو تەواوکار لە چوارچێوەی کارلێک کردنیاندا پێکهاتووە:

١. تەوەری ئابوری: گەشەی بەردەوامی ئابوری دەگرێتەوە.
٢. تەوەری کۆمەڵایەتی: گرنگیدان بە دادپەروەری لەنێوان نەوەکاندا و لەنێوان تاکەکانی هەر نەوەیەکیشدا، بەیەکەوە بەستنەوەی چین و توێژە جیاوازەکان بەو پێیەی کە گشت

کارەکانی ژیان پەیوەستن بەیەکەوەو هەر هەموو کارو پیشە و هەوڵەکان تەواوکاری یەکترن بۆ هێنانەدی ژیانێکی پڕمانا.

٣. تەوەری ژینگەیی: پاراستنی ژینگەو سامانە سروشتیەکان، واتا پاراستنی ژینگەی سەر زەوی و ژینگەی نێو هەناوی زەوی.

کە لەراستیدا گەشەپێدانی بەردەوام چارەسەری خۆشگوزەرانی و پرسی ژینگە و دادپەروەری کۆمەڵایەتی دەکات.

کەواتە مرۆڤەکان دەبێ خۆیان بناسن و بزانن پێویستیان بە ژیان کردنە بەمانا مرۆڤایەتیەکەی و بە هەموو توانا هەوڵی دابینکردنی خۆشگوزەرانی و بەختەوەریەکان ئاڕاستەی بیرکردنەوەیان بێت و با نەوەکانی داهاتویان بەشداربن لە پێشکەوتنە گەورەکان و سەیرکەر نەبن و سێکتەرەکانی پەروەردە و تەندروستی و شارەوانی ماهیەتی هەر کۆمەڵگایەک دەردەخەن و پێویستە هەردەم هەوڵی ئەوە بدرێت کە بزاندرێت فاکتەرەکانی پێشکەوتن و بەختەوەری کامانەن و پەیوەستیان بکەین بە ژیانی مرۆڤەکان.

## سەرچاوەکان:


١. Von Hippel E (١٩٨٨) ," The sources of innovation". Oxford University Press, New York Clark, Charles H. (١٩٨٠). Idea Management: "How to Motivate Creativity and Innovation". New York: AMACOM.

٢. Tidd, Joe & Bessant, John (٢٠٠٩). Managing Innovation: «Integrating Technological, Market and Organizational Change» Chichester, with Keith Pavitt. first ed. - e٤.

٣. Trott، Paul (٢٠٠٥)). Prentice Hall. Innovation Management and New Product Development.

٤. Nicholson N., Rees A., Brooks-Rooney A. (١٩٩٠). Strategy, Innovation and Performance. Journal of Management Studies: vol. ٢٧, n. ٥, pp. ٥١١—٥٣٤

٥. OCDE. (٢٠٠٩). Sustainable Manufacturing and Eco-Innovation.

٦. Christenson, C. (٢٠١٤). The innovator's dilemma: when new technologies cause great firms to fail. Harvard Business School Press.

٧. Cunningham. S. W. & Kwakkel, J. (٢٠١١). Innovation Forecasting: A case study of the management of en-gineering and technology literature. Technological Forecasting & social Change, ٣٤٦-٣٥٧.

٨. EIU. (٢٠٠٤). Scattering the seeds of invention: The globalization of research and development, Economist Intelligence unit.

٩. Aubert, J. (٢٠٠٤). Promoting Innovation in developing Countries-A Conceptual -Framework, World Bank Institute.

١٠. Arora, A., Fosfuri, A., Gambardella, A. (٢٠٠١). Markets for technology: The economics of innovation and corporate strategy. Cambridge, MIT Press, MA.

١١. Shapiro, C. (٢٠٠١). Navigating the patent thicket: Cross licenses, patent pools, and standard

.setting. In A. B. Jaffe, J. Lerner, & S. Stern (Eds.), Innovation Policy and the Economy, Vol
.Cambridge, MA: MIT Press .١٥٠-١١٩ :١
Small entrants and large incumbents: a framework of .(٢٠١٤) .Markman G. D., Waldron T. L .١٢
.٢ .n , ٢٨ .micro entry. Academy of Management Perspectives, vol
Author Essay by Geoffrey Moore». HarperCollins. Retrieved» .(٢٠٠٢ Moore, Geoffrey (April .١٣
.١١-٧-٢٠٠٧
https://books.google.com › Business & Economics › Skills .١٣
The incumbents curse: incumbency, size, and radical (٢٠٠٠) .Chandy R.K., Tellis G.J .١٤
.١٦-١ .pp ٦٤ .product innovation, in Journal of Marketing, n
Fast Second: How Smart Companies Bypass Radical .(٢٠٠٥) .Markides, C., Geroski, P .١٥
.Innovation to Enter and Dominate New Markets. Jossey-Bass, San Francisco
.١٩٨٦ .Richard N. Foster «Innovation: The Attacker›s Advantage». Summit Books .١٦
١٩٨٦ , ١ The Attacker›s Advantage Hardcover – April .(١٩٨٦) .Richard J. Foster .١٧
The Innovator›s Dilemma: The Revolutionary Book That Will .(٢٠١١) Christensen, Clayton .١٨
.٣٣٦ .Change the Way You Do Business. Harper Business. p
The innovation's dilemma - when new technologies cause great (١٩٩٧) .Christensen C.M .١٩
.firms to fail, Harvard Business School Press
Critical development activities for really new' (١٩٩٨) .Song M.X., Montoya-Weisse M.M
, ٢ .n , ١٥ .versus incremental products', in Journal of Product Innovation Management, vol
.١٣٥-١٢٤ .pp
...MANAGING_DISRUPTIVE_INNOVATIO_٣١٩٩٠٢٨٩٢/.../https://www.researchgate.net .٢١
The ongoing process of building a theory of disruption. Journal of .(٢٠٠٦) .Christensen, C .٢٢
.٥٥ – ٣٩ , ٢٣ , Product Innovation Management
Product and Process Innovation in the food industry: Department of .(١٩٩٧) .Bruce Trail .٢٤
.١١٧ .Agricultural and food Economics and Management; University of reading UK. P
https://www.amazon.com/W-J-Abernathy-J-M-Utterback...ebook/dp/B٠١DO٦XL٨E.٢٥
.٢٦
Open Services Innovation. Rethinking your Business to Grow .(٢٠١١).Henry Chesbrough .٢٧
.and Compete in a New Era.Hardcover
Open business models. How to Thrive in the New Innovation.(٢٠٠٣).Henry Chesbrough .٢٨
١st Edition Landscape
.Harvard Business School press .٢٩
Interpretive barriers to successful product innovation in large firms. .(١٩٩٢) .Dougherty, D .٣٠
.٢٠٠–١٧٨ , (٢) ٣ , Organization Science
Order and disorder in product innovation models. .(٢٠٠٣) .Cunha, M.P., & Gomes, J.F.S .٣١
.١٨٧–١٧٤ (٣) ١٢ , Creativity and Innovation Management
Success factors in product innovation. Industrial .(١٩٨٧) .Cooper, R.G., & Kleinschmidt, E.J .٣٢
.٢٢٦–٢١٥ , ١٦ , Marketing Management
Investigation the source of process innovation among .(٢٠٠٦), .Reichstein, T. & Salter, A .٣٣

UK manufacturing firms. Industrial and Corporate Change, ١٥ (٤), pp.٦٥٥-٨٥.

٣٤. Davenport, T.H., (١٩٩٣). Process Innovation. Boston: Harvard Business School Press

٣٥. Scott, S.G. (١٩٩٧). Social identification effects in product and process development teams. Journal of Engineering and Technology Management, ١٤, ٩٧–١٢٧.

٣٦. Alam, I. (٢٠٠٦). Removing the fuzziness from the fuzzy front-end of service innovations through customer interactions. Industrial Marketing Management, ٣٥, ٤٦٨-٤٨٠.

٣٧. Joel West, Scott Gallagher. «Challenges of open innovation: the paradox of firm investment in open-source software» Research and development Management, volume ٣٦, issue ٣, (٢٠٠٦), p. ٣١٩-٣٣١.

٣٨. Esteve Almirall, Jonathan Wareham, Living labs and open innovation: roles and applicability, The Electronic Journal for Virtual Organizations and Networks, Volume ١٠, 'Special Issue on Living Labs', August ٢٠٠٨, p. ٢٥-٥٠.

٣٩. Paul Trott and Dap Hartman, Why open innovation is old wine in new bottles, International Journal of Innovation Management, Volume ١٣, Issue ٠٤, December ٢٠٠٩. p٧١٥-٧٣٦.

٣٦. Almirall, E. Casadesus-Masanell, R. Open versus closed innovation: A model of discovery and divergence. Acad. Manag. Rev. ٢٠١٠, ٣٥, ٢٧–٤٧.

٣٧. Joanna Barsh, Marla Capozzi and Jonathan Davidson. 'Leadership and Innovation' McKinsey Quarterly, ٢٠٠٨, no ١.



# سێ خانمە پێشەنگی بواری هونەری گۆرانی کوردی:

ستار جەباری

ئافرەتانی کورد لە زۆر بواردا پێشەنگ بوونە و وەکو « هونەر و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ..هتد». لێرەدا ژیان و کارەکانی سێ ئافرەتی بوێر و پێشەنگ دەخەینە بەردەستی خوێنەران کە لەکاتێکدا هاتونەتە مەیدانی هونەری گۆرانی و موزیکی کوردی،و بەناوی خۆیانەوە ئاهەنگیان گێڕاوە و یاخود لە رادیۆی کوردی و لەڕێی قەوانەوە گۆرانییەکانیان پەخش کردۆتەوە، پیاوان زاتی ئەوەیان نەکردووە بێنە ئەم مەیدانە و گەر هاتبێتیشن هەندێکیان لە رادیۆی کوردی لەژێر ناوی خوازراوەوە وەکو « گەرمیانی و کوێستانی» گۆرانیان تۆمار کردووە:

**١ ـ دایکی جەمال یەکەم ژنی کوردە گۆرانی لە سەرقەوان تۆمار کردووە :**




دایکی جەمال، ناوی تەواوی (فەرحە) کچی (ئیبراهیم یەعقوب)ە. لە بنەڕەتدا، لە جوولەکە کوردەکانی کەرکووک بووە و پاشان بووە بە موسڵمان.» .. لە ساڵی ١٩٠٨ لە شاری کەرکووک لەدایک بووە و ماوەیەکیش لە شاری هەڵەبجە ژیاوە. لەبەر جوانییەکەی نازناوی (دایکی جەمال) واتە « دایکی جوانی» پێ بەخشراوە.
لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی رابردووەوە، دەستی بە کاری هونەری کردووە و لە

کۆڕ و کۆبوونەوە خێزانییەکاندا گۆرانی وتووە. هونەرمەند مامۆستا «عەلی مەردان» لە کتێبی بیرەوەری گەڵای پایزدا* دەڵێ:لە یەکێ لەماڵەکانی گەڕەکی « ساڵحیە» یەکترمان ناسی، گەلێ لە پیاوە گەورە و لێپرسراوانی ئەو سەردەمە ناو بەناو سەردانی ئەم ماڵەیان دەکرد، دەیانوت کە مەلیک غازی بۆ خۆی یەکێکبووە لەوانەو هەر ئەویش ناوەکەی لە (فەرحە)وە گۆڕیوە بۆ (بەهیجە)، "فوئاد عارف" لە یاداشتەکانی خۆیدا باس لە « فەرحە « ناوێک دەکات کە لەسەردەمی مەلیک غازیدا لە بەغداد ژیاوە و بە مەزەندەی هونەرمەند (باکووری) ئەو کەسە دایکی جەماله**.

.. لە ساڵانی ١٩٢٥-١٩٢٦ لە کۆمپانیای (بەیزافۆن) و (ئۆدیۆن) کۆمەڵێک بەستە و گۆرانیی لەسەر قەوان تۆمارکردووە و بەشێکی زۆری ئەم گۆرانییانە، لە ناو خەڵکییدا بڵاوبوەتەوە و نەک بۆ ئەو سەردەمانە، بەڵکو هەندێکیان تا ئێستاش دەوترێنەوە. بۆ نموونە گۆرانیەکانی « هەی ئاغا و ئاغا، هەی بەللار و بەللار»

هونەرمەند عەلی مەردان لە هەمان سەرچاوەی پێشوودا دەڵێ: «فەرحە» یەکەم ئافرەتی کوردە کە بەشێوەی سۆرانی گۆرانی خۆی لەسەر قەوان تۆمار کردووە، بەمەش ڕێگەی بۆ زۆر ئافرەتی تر کردەوە.

لە ساڵی ١٩٣٠ وە،وازی لە گۆرانی گوتن هێناوە و سلێمانی بەجێ هێشتووە.

ژمارەیەکی زۆر گۆرانی وتووە و بەشێکی کەمیانی تۆمار کراوە و ئەوانیتری لەناوچوون.

(کەمال ڕەئوف محەمەد) پێی وایە کە هەشت گۆرانی لەلای کۆمپانیاکانی قەوان تۆمار کردووە کە ئەمانەن (ئامین و ئامین، وەی بێنن وەی بێنن، سەوزە مەڕۆ، دەردێکم گرتووە، ئەسڵی وەسڵت سلێمانی، گوێ گرن ڕەفیقان، ڕۆحی شیرینم، سروودی» وەتەنی من کوردستانە) و ئەم گۆرانیانەشی لەلای ڕادیۆی کوردی بەغدا لە ساڵی ١٩٣٩ تۆمار کراوە و پەخشکراوە وەکو (هەی بەللار و بەللار، هەی ئاغا و ئاغا، هەی گوڵ هەی گوڵ )، هەروەها ئەم گۆرانییانەشی وتووە: (خانمی سلێمانی، شاڵستۆن، لەوماڵە هاتە دەر، ئەی ئاوێنەی دولبەر، نەسرینە گوڵی نەسرینە، نابیە بچینی نابیە، ئەمن دەکەم مەدحی شێری جیهانمان، وەسیەت بێ ئەگەر مردم، چاو مەست، ئامینێ تاقانەی دایە) لە ساڵی ١٩٧٩ لە نەخۆشخانەی (مەدینەت ئەلتوب) لە بەغدا، بە نەخۆشی کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی (شێخ مارف) بەخاک سپێردراوە.

.......................................

**سەرچاوە:**

*. کتێبی « گەڵای پایز» بیرەوەرییەکانی هونەرمەند و مامۆستای مەقام «عەلی مەردان»

**. یاداشتەکانی « فواد عارف»..

## ٢ـ مریەم خان.. دیارترین لاوکبێژی چلەکان:




هونەرمەندی سترانبێژ و لاوکبێژی بەتوانا «مریەم خان» جیا لەوەی یەکەم ژنی کورد بووە بە دیالێکتی زاری کرمانجی باکور لەسەر قەوان گۆرانیی تۆمار کردووە، هاوکات پاش هاتنەسەر حوکمی کەمال ئەتاتورک و قەدەغەکردنی زمان و هونەر و کولتووری کورد لە تورکیا، شانبەشانی کۆمەڵێ سترانبێژی بەتوانا و دڵسۆزی باکوری کوردستان وەک نەسرین شێروان، حوسێن رەشید وانلی، محەمەد عارفی جزیری، حەسەن جزیری، ئەڵماس محەمەد و فەوزیە محەمەد و.. هتد، وێکڕا دەبنە فریادڕەس بۆ رزگارکردنی بەشێکی زۆری ستران و لاوک و بەستەی رەسەنی کوردیی دەڤەرەکانی باکوری کوردستان. جگە لە سترانەکانی سەر قەوان، بەدەیان لاوک و بەستەی کوردی لە ئاهەنگی گۆرانی ڕاستەوخۆی لە ئێزگەی ڕادیۆی کوردیی بەغدا چڕیوە و چەپکێک گۆرانیشی بە دووقۆڵی لەگەڵ هونەرمەندە سترانبێژەکانی کورد وەک «محەمەد عارفی جزیری، حەسەن جزیری، ئەڵماس محەمەد» گوتووە. مەریەم خان ناوی تەواوی (مەریەم محەمەد ئەحمەد)ە و لە ساڵی ١٩٠٤ لە گوندی دێرگولی سەر بە ناوچەی جزیری بۆتان لە دایک بووە. سەرەڕای ئەوەی لە ژیانیدا دووچاری گرفت و ناخۆشی زۆر بووەتەوە، بەڵام بەبڕوایەکی زۆر بەهێز بەخۆی توانیویەتی کەسایەتیی خۆی بەرز ڕابگرێت. یەکێک لەو تایبەتمەندییانەی کە مەریەم خانی پێ ناسراوەتەوە، ئەوە بووە هەمیشە سەری بە لەچک بەستووە. دەبێ ئەوەش بڵێین هەر لە کۆنەوە تا ئێستە لە ناو خێڵە کۆچەرییەکانی باکور و خۆرئاوای

کوردستان و هەندێ ناوچەی شنگالدا، ئەم شێوازی سەربەستنە باوە. دوای ئەوەی کاریگەرییەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی، باری ئابووریی و کۆمەڵایەتی خەڵکی ناوچەکە نالەبار دەکات، مریەم خان وەک زۆربەی خەڵکی تر، زێدی خۆی بەجێ دەهێڵێت و بەرە و وڵاتی شام کۆچ دەکات. ماوەیەک لە شاری دیمەشق دەمێنێتەوە و دواتریش لە ساڵی ١٩٢٤دا دەچێتە باشووری کوردستان و لە زاخۆ جێگیر دەبێت. کاتێک کۆمپانیای تۆماری دەنگ لەسەر قەوان لە شاری بەغدا دادەمەزرێت، مەریەم خان بە هیوای ئەوەی گۆرانییەکانی لەسەر قەوان تۆمار بکات، ڕوو لە بەغدا دەکات و لە ساڵی ١٩٣٠دا چەند لاوک و بەستەیەکی لەلایەن کۆمپانیای (بەیزافۆن، ئۆدیۆن و ئەبولگەڵب)ەوە لەسەر قەوان بۆ تۆمار دەکرێت. یەکەمین قەوانی مریەم خان لە ساڵی ١٩٣٠دا بە ناوی «دۆت مامێ» تۆمار دەکات. مریەم خان لای کۆمپانیای هیس ماستەرس ڤۆیس ١٢ لاوک و بەستەی بە پێنج قەوان و چوار قەوانی کۆمپانیای کۆلومبیا پڕ کردووەتەوە کە دەکاتە نۆ قەوان. لەوانە «گلۆرکێ لۆرکێ، گولێ وەی نار، هەی بەردە بەردە، لێلێ وەسۆ، گولا شێنی شێنی، یار حەلیمێ، محەمەدۆ ڕۆنی، لێلێ ئێمێ، لێ دایێ، لۆلۆ سوارۆ، ئەی دەلال و زەمبیل فرۆش». بەم کارانەی دەبێتە یەکەم گۆرانیبێژی کورد کە بە دیالێکتی کرمانجی باکور گۆرانی لەسەر قەوان تۆمار بکات. مریەم خان ١٣ بەستەی فۆلکلۆری و شەش لاوکی میلی و شۆڕەسواریی و ١٥ لاوکی ئەڤینداری تۆمار کردووە. لەوانە «لاوکی هیلی دەلال و لێ دایێ و کوێر ئۆغڵی و لێ لێ واغارۆ فەرمانە و بشارێ چەتۆ قەسرا باخەمێ...» جگە لەو لاوک و بەستانەی کە لەسەر قەوان تۆماری کردوون، لە ڕادیۆی بەغدا و لە ئاهەنگەکانیشدا ژمارەیەکی زۆر بەستە و لاوکی تریشی هەیە، هەندێکیان تا ئێستەش لەلایەن گۆرانیبێژانەوە دەگوترێنەوە. بەپێی قسەی «کامیلی کاکەمین" یەکەمین بێژەری ڕادیۆی کوردی بەغدا، مریەم خان لە ساڵی ١٩٤٢دا تێکەڵی پەخشی کوردی ڕادیۆ بەغدا بووە. پێوەندی زۆرباشی لەگەڵ گۆرانیبێژانی ڕادیۆ بەغدا دەبێت، بەتایبەت لەگەڵ «حەسۆ جزیری، دایکی جەماڵ، ئەڵماس خان، ڕەمەزان جزیری، عەلی مەردان، محەمەد عارف جزیری، حەسەن جزیری». هونەرمەند عەلی مەردان لە کتێبی بیرەوەرییەکانی بەناوی «گەڵای پایز» لەبارەی مریەم خانەوە دەڵێ، «لە ماڵی ئەڵماس خان یەکترمان ناسی، زۆر یارمەتیم دا بۆ پەرەپێدانی هونەرەکەی و ناساندنی بە ئێزگەی کوردی و تۆمارکردنی گۆرانییەکانی. هەتا هەندێ گۆرانیشم بۆ ئامادە کرد و لەسەر قەوان تۆماریش کران. مریەم خان لە هەموو ژنە کوردە گۆرانیبێژەکانی هاوەڵی زیاتر گۆرانیی تۆمارکراوی سەرقەوانی هەیە. ژنێکی ناسک و جوان بوو، دەنگخۆش و خەمناک و دڵتەنگ، ئەم ماتی و خەمەی لەوەوە نەبوو کە قژی سەری تەنک و کەم بوو،

بەڵکو وەک خۆی دەیگێڕایەوە: کاتی خۆی لە گوندەکەیان دڵخوازی لاوێک بووە بەناوی «محەمەد» و بۆ یەک نەبوونە، چونکە محەمەد دەکوژرێ و ئەویش لە خەفەتا سەری دەپۆشێ و دواتر سەری خۆی هەڵدەگرێت».

مریەم خان لە ساڵی ١٩٤٩دا تووشی نەخۆشییەکی کوشندە بووە، هەرچەندە خرایە نەخۆشخانەی تایبەتی و هەوڵی چارەسەرکردنی نەخۆشییەکەی درا، وەلێ بێ سوود بوو و لە ئەنجامی ئێش و ئازارەکانیدا لە کۆتایی مانگی تەمووزی ساڵی ١٩٤٩ لە شاری بەغدا کۆچی دوایی دەکات.

**سەرچاوەکان:**


١. کەمال رەئووف محەمەد. رۆژنامەی «هاوکاری « ژمارە / ٥٠٣/ لە ١٩٧٩/١٢/١٠.

٢. کتێبی: مریەم خان- نووسینی: جەلال مەلا حەسەن و جەنگی جەلال مەلا حەسەن. چاپخانەی کشتوکاڵ هەولێر ٢٠٠٦.

٣. کتێبی «گەڵای پایز» عەلی مەردان / ٢٠٠٨ هەولێر.


## ٣ ـ مەنیج حەیران یەکەم ژنی حەیرانبێژی کورد:



هونەرمەندانی دەڤەری موکریان، خزمەتێکی زۆری هونەر و موزیکی کوردییان کردووە و گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانیان لە فەوتان و لە لەناوچوون ڕزگار کردووە. لە شاری مەهاباد و ناوچەی موکریان لە سەرەتای سەدەی ڕابردوودا چەندان گۆرانیبێژ گۆرانیان گوتووە و شایی و زەماوەندیان گێڕاوە، وەک سەعیدی ماملێ، مەجیدە گرۆێ، دەروێش سەرڕاو، حاجیلەی ئیندرقاشی، سەید عەوڵای سەید مینە، عەزیزە خڕە، وسێن شەشە، کەوە

جوو، سەید حەسەنی کابانێ، مەنیج حەیران و زوڵەیخا چوختیش کە دوو ژنی شاری مەهاباد بوون. مەنیج حەیران لە سەردەمانێکدا هاتووەتە مەیدانی هونەر و حەیرانبێژیدا، کۆمەڵگەی کوردی زۆر بەچاوی گومانەوە روانیویانەتە هونەر و گۆرانی، لەو سەردەمە هەموو پیاوێک زاتی ئەوەی نەدەکرد بێتە دنیای هونەر و گۆرانییەوە نەخوازەڵا ژنێک بیەوێ هەڵبکەوێت. لەناو کۆمەڵگەیەک کە زۆر لەمێژ نەبوو رێ بە ژنان درابوو بچنە قوتابخانە، دەبێ چەند ئەستەم بێت بۆ ژنێک بیەوێ بێتە ناو دنیای هونەرەوە، بۆیە لێرەدا گرنگی دەرکەوتنی ئەم ژنە زیاتر دەردەکەوێت. مەنیجە دەفی ناسراو بە «مەنیج حەیران»، ساڵی ١٩٠٣ لە گوندی «قەمتەرە»ی نێوان مەهاباد و بۆکان لە دایک بووە و لە ساڵی ١٩٥٢ لە شاری مەهاباد کۆچی دوایی کردووە. خوشکێکی هەبووە بە ناوی «خەجیج» کە عەلی سوڵتانی کوڕی ئەو خەجیجەیە و تەنیا میراتگری مەنیج حەیران بووە. عەلی کوڕی خەلیلی سوڵتانی بووە و هەردووک دانیشتووی مەهاباد بوون. بەگوتەی بەساڵاچووانی مەهاباد کە مەنیج حەیرانیان لە نزیکەوە بینیوە، ئەو هونەرمەندە لە ناو کۆمەڵی ئەو سەردەمی مەهاباددا ڕێزی تایبەتی هەبووە و خەڵک خۆشیان ویستووە. هەرچەند لە کۆمەڵگەیەکی بچووک و داخراوی ئەو سەردەمەدا، گۆرانیگوتن و دەفلێدان لە شایی و زەماوەند بەتایبەت بۆ ژن کارێکی ناپەسند بووە، بەڵام کەسایەتی و هەڵسوکەوتی مەنیج حەیران بە چەشنێک بووە کە کەس بە چاوی سووک تەماشای نەکردووە. لەگەڵ زۆربەی پیاوانی سابڵاغ دۆستایەتی هەبووە و بە ناوی بچووک و نازناوەوە بانگی کردوون. بەرگ و پۆشاکی گرانبەها و نائاسایی لەبەر نەکردووە و شێوەی جلوبەرگەکەی ساکار و خاوێن و تایبەت بەخۆی بووە. ئەو کەسانەی لە مەجلیسی مەنیج حەیراندا ئامادەبیان بووە و ئێستە لە ژیاندان، دەڵێن: دەنگی هەندێ گڕ و بە گوێ خۆش نەبوو، بەڵام بەسەر گۆرانییەکاندا زۆر زاڵ بوو. ئەوپەڕی شارەزایی و هونەری خۆی لە گۆرانیی «ئای حەریرە و ئاگربارانە»دا نیشان دەدا. گرووپەکەی لەم سێ کەسە زیاتر نەبوون: برایم هەلامە کە خۆی گۆرانیبێژێکی بەناوبانگ بوو، قادر ناوێک کە شارەزای ئامێرە فوودارەکان بوو، ڕەحمانە گۆج کە پسپۆڕی تەپڵ بوو. مەنیج حەیران کچی مام ڕەشید ناوێک و ئامۆزای دادامین «ئامینە کەیفە»ی دایکی حەسەن زیرەک بوو، واتە حەسەن زیرەک دەبێتە بنئامۆزای مەنیج حەیران. هێمن موکریانی شاعیر لەبارەی مەنیج حەیرانەوە لە توحفەی موزەفەرییە، چاپی دووەمی دەزگەی ئاراس- هەولێر ٢٠٠٦، لە لاپەڕە ١٦دا دەڵێ، مەنیج حەیران و زوڵەیخا چوختیش دوو ژنی بێباک بوون کە دەفیان لێ دەدا و گۆرانیی داوەتیان دەگوت، شایەری شایی بوون و هیچ لە پیاوەکانی ئاواڵیان نەدەمانەوە؛ بەتایبەتی مەنیج کە خەڵکی سابڵاغ و لە خێزانێکی دەوڵەمەند و بەناوبانگ

بوو و بۆ خاتری هونەرەکەی دەستی لە خزمەکانی هەڵگرتبوو.

**بیرەوەریی دایکی ئەنوەر سوڵتانی:**

«منداڵێکی تەمەن ٩ ـ ١٠ ساڵان بووم. ماڵمان لەسەر گۆلی مەردانبەگ بوو، لە نزیک حەوزە گەورەی بۆکان و دراوسێی ماڵمان لە دوو لاوە بنەماڵەی بەڕێز قزڵجی بوون. دایکی قازیی کاکەحەمە ژنێکی نوورانیی جێی ڕێزی خەڵک بوو و لە بنەماڵەی سەیدەکانی زەمبیل و لە ناو خەڵکدا بە سەیزادەی گەورە ناو دەبرا. من ئەودەم لای سەیزادەی گەورە دەرسی قورئانم دەخوێند. ژنێک لە ماڵی سەیزادەی گەورە وەک کارەکەر ئیشی دەکرد کە لە عەینی کاتدا دایەنی یەکێک لە کوڕەکانی قازیی کاکەحەمە بوو کە ئێستە بە ناوی کاک «جەعفەر قزڵجی»یەوە دەناسرێ. ئەو ژنەش ناوی «خانم جان» بوو؛ بە «خات خانم جان»بانگ دەکرا. تا ئەو ساڵانەی دواییش هەر مابوو. ژنێکی ڕەزاسووک و بەڕێز و حەیابەخۆ بوو کە هەموو کەس خۆشیان دەویست، مێردیشی نەبوو. خات خانم جان دەنگی خۆش بوو، جاروبار لە مەجلیسی خانمەکاندا گۆرانی دەگوت، بەڵام هەرگیز لای پیاوان گۆرانی نەدەگوت. خانم جان خەڵکی گوندی «ڕەحیمخان» بوو لە نزیک میاندواو و لەوێوە هاتبووە بۆکان. بەهۆی دراوسێتییەوە من ڕۆژانە خات خانم جانم دەبینی. ۆژێکیان خۆشکێکی خات خانم جان لە ڕەحیمخانەوە هاتبووە بۆکان و من لە خزمەت سەیزادەی گەورەدا بووم بۆ دەرس خوێندن. کە خوشکەکەی خات خانم جان هاتە خزمەت سەیزادە و عەرزی کرد قوربان دەمەوێ بچم لە شاییەکاندا گۆرانی بڵێم، چ دەفەرمووی؟ سەیزادە گەورە پێی تێکچوو و فەرمووی: مەنیج بۆکان جێی ئەو کارانە نییە، ئەگەر دەتەوێ گۆرانی بڵێی بڕۆ بۆ سابڵاغ. ئەو دەم بۆکان شارەدێیەک زیاتر نەبوو و ژیان تێیدا وەک ژیانی دێهات دەچوو، لە کاتێکدا سابڵاغ لە چاو بۆکان شارێکی گەورە بوو، تێیدا ئەو چەشنە دیاردانە تێیدا عەیب نەبوو، یا کەمتر عەیب بێ. ئیتر من خات مەنیجم نەدیتەوە، بەڵام بیستم کە چووە بۆ سابڵاغ. چەند ساڵ دواتر باوکم حاجی برایم سەقزی، نێوانی لەگەڵ سەردار عەلیخانی سەرداری موکری کە دوایین سەرداری بۆکان بوو، تێکچوو و بە تۆراوی ماڵی پێچایەوە و ڕووی کردە سابڵاغ. ئێمە بۆ ماوەیەک لەوێ دەژیاین تا سەردار ناردی بە شوێن باوکمدا و دڵنەوایی کرد و ئێمەش گەڕاینەوە بۆکان.

لەو ماوەیەدا کە لە سابڵاغ بووین، ڕۆژێکیان لە حەوشە مەشکەمان دەژەند، کەسێک لە دەرگەی ماڵمانی دا، ئێمە لەوێ غەریب بووین، بۆیە دەرگەی ماڵمان دادەخست. دایکم چووە پشت دەرگەکە و گوتی کێیە؟ کەسەکە گوتی من «مەنیج»م، مەنیج حەیران،

دەرگەکەم لێ بکەوە حاجی ژن. دایکم گوتی خات مەنیج من دەرگە لە تۆ ناکەمەوە، دوو کچی عازەبم هەن؛ چۆن دەهێڵم یەکی وەک تۆ بێتە ماڵم! جا هەر ئەو ڕۆیشتنە بوو کە مەنیج حەیران ڕۆیشت و ئیتر نەمبینییەوە. شیاوی باسە لە نێوان هەردوو شاری مەهاباد و هەولێر چەندان خاڵی هاوبەش هەیە، دیارترینیان ئەوەیە ئەم دوو شارە مەڵبەندی سەرەکی حەیرانن، لە شاری مەهاباد تا ئێستەش حەیرانبێژی ژنیان تێدا هەڵکەتووە، بۆیە دەتوانین بڵێین مەنیج حەیران یەکەم ژنە حەیرانبێژی کوردی خەڵکی شاری مەهابادە.

**سەرچاوەکان:**


١ـ توحفەی موزەفەرییە، چاپی دووەم، ئاراس، هەولێر ٢٠٠٦، لاپەڕە ١٦

٢ـ ژمارەی ١٠٦ی گۆڤاری مەهاباد.

٣ـ ژمارە ٣٧ی گۆڤاری گزنگ، سوید، زستانی ٢٠٠٣، مەنیج حەیران کێیە؟ لاپەڕە ٣٨.



# رۆڵی داتا (Data) لە پێشخستنی وڵات، هۆکارێک بۆ پلانی سەرکەوتوو.

م.لقمان قادر رواندزی

**زانکۆی هەولێری پزیشکی**

وڵاتە پێشکەوتووەکان داتا بە هۆکارێک دەزانن بۆ رێکخستنی کاروباری وڵات و پلان دانان و گەیشتن بەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆکار بۆ خۆشگوزەرانی هاولاتی و ئاسانکاری زیاتر، حکومەت بە کەمترین کات، بە بوودچەیەکی دیاری کراو زۆرترین هۆکار پێشکەش بە هاولاتی بکات بە تایبەتیش کەم ئەندام کە ئەوان شانازی بە پێشکەش کردن و ئاسان کردنی ژیانی رۆژانەیان.

پلان ئێستا بوون بە زانست و چەندین بیردۆزی هەیە و هەر هەمووشیان پشت بە داتا و بەرنامەرێژی دەبەستن.

راستە جاران کۆکردنەوەی داتا تێچوونێکی زۆری دەویست بەلام دوای ئەو پێشکەوتنانەی لە ئەنجامی بلاوبوونەوەی تۆری ئەنتەرنێت و ئەپلیکێشنەکان هاتوونەتە کایەوە کۆکردنەوە و پۆلین کردنی داتا بە کاتێکی کورت بە ئەنجام دەگەیەندرێن.

پلان کردارێکی ژیر، هەلسوکەت و رەفتاری مێشکی مرۆڤە، بەهۆیەوە دەتواندرێک کردارەکان رێکبخرێن، بیر لە جێبەجێکردنی ببینرێت لەسەر بنەمای زانیاری و راستیەکان بێت نەوەک پشت ببەسترێت بە هەلسەنگاندن و گریمان و خەملاندن. پلان یەکێکە لە ئەرکە سەرەکیەکانی کارگێری مۆدێرنی سەرکەوتوو کە بە هۆیەوە دەبێت ئارمانج و بەرنامەرێژی و پۆلیسی دیار بکات، بێچگە لە بریار دان لەسەر ئەو کاتەی کە پێویستی پێیەتی و کەی دەستپێکردن، خالێکی تر کە زۆر گرنگە باسی لێوەبکرێت ئەویش ئەوەیە کە بە روون و شاشی و ئیلهامی بۆ بکرێت.

بەردەوام بۆ جێبەجێکردنی هەموو ئارمانج و پلانەکان کار بە کارکردنی پێکەوەی و گروپ بوون بکرێت ودوور خستنەوە لە تاکرەووی و دەرخستنی خودی یەک کەس.

**پێناسەی داتا:**

بریتیە لە زنجیرە کۆمەلە راستیەکی بابەتی و بێلایەنی و پێکەوە نەبەستراون کە بە هۆیەوە دەتواندرێت بە رێگەی گەران و تۆمار کردن پۆلین بکرێن بەپێی پێویست.

بە شێوەیەکی گشتی داتاکان بریتین لە پیت و ژمارە و وێنەی چارەسەر نەکراو... هتد

مانگە دەستکردەکان بە سەرچاوەیەکی گرنگ دادەندرێن بۆ دەستکەوتنی چەندین وێنەی خاو کە بە داتا هەژمار دەکرێت، کە دواتریش چارەسەر بۆ وێنەکان دەکرێت و دەتواندرێت، دەنگیش لەسەر وێنەکان دابندرێت.

## جیاوازی چیە لە نێوان (Data) و (Information).

### (Information):-

بریتیە لەو زانیاریانە کە سەرەتایی دەست مرۆڤ دەکەون و بە بابەتی خاو ئەژمار دەکرێن بە شێوەیەکی هەرمەکی دادەندرێن و ناتواندرێت سوودی بۆ مرۆڤایەتی هەیە.

زانیارییەکان پێک دێن لە ژمارە و پیت و وێنە. لە سەرەتا دەبێت زانیاریەکان هەیە.

### (Data):-

پاش ئەوەی ئەو زانیاریانەمان دەستمان دەکەوێت، بە هەر هۆکارێک بێت، پێویستی بە بەرنامەرێژیەکی ئەلیکترۆنی هەیە بۆ ئەوەی زانیاریەکان پۆلین بکات و دابەشی سەر گرنگی بکرێت، بۆ نمونە ئەگەر وێنەکان چارەسەر کران و روونکردنەوەی بۆ بکرێت تاوەکو بتواندرێت لە کارەکانی توێژینەوەی ئەکادیمی و زانستی لەسەر بکرێت. راپۆرتە گشتیەکان پشت بە (Data) دەبەسترێت. پاش چارەسەر کردنی.

## جۆرەکانی (Data):

دەتوانین داتاکان پۆلین بکەین بۆ ئەم جۆرانەی خوارەوە:

یەکەم: زانیاری پەرەپێدان:

بریتین لەو زانیاریانەی کە کۆدەکرێنەوە لە ئەنجامی خوێندنەوەی پەرتووک، توێژینەوە، نووسینێک کە دەبێتە هۆکار بۆ پێشخستنی ئاستی رۆشنبیری مرۆڤ و وای لێدەکات هەست بە توانا و تێگەیشتن و درک بە بابەتەکان بکات.

دووەم: زانیاری دەستکەوتەکان:

بریتین لەو زانیاریانەی پێشکەش بە خوێندر یان وەرگر بۆ لێکۆلینەوە و تەواو کردنی پۆرسێسەکان دەستدەکەوێت، تاوەکو بتوانێت بریارێکی دروست بێت.

سێ یەم: زانیاریە پەروەردەیەکان:

ئەم جۆرە زانیاریانە بە نزیکیەوە دەست توێژەر یان قوتابی دەکەوێت، بە درێژایی ژیانی رۆژانەی.

چوارەم: زانیاریە هزریەکان:

ئەم جۆرە زانیاریە بە شێوەی هەلەنجهێنانی بیرۆکە و هزری کەسانی تایبەتی تر، یان پێکەوە بەستانی راستیەکانی بیردۆز و گریمانەکان، هەلنهێنانەکانیش پشت دەبەستن بە زانیاری پێشوەختی بابەتەکان.

پێنچەم: زانیاریە توێژینەوە:

ئەم زانیاریەمان لەو بەرێزانەی کە لە ئەنجامی تاقیکردنەوە و ئەزموون و پێشینە زانستی و کرداری دەستمان دەکەوێت. ئەم زانیاریە لە ئەنجامەی تاقیکردنەوە کۆدەکرێنەوە.

شەشەم: زانیاریە سیستەمیەکان:

ئەو زانیاریانەمان دەست دەکەوێت بە هۆکارە زانستیەکانی کە پێشکەشمان دەکرێت.

**پۆلین کردنی داتاکان بەپێی قەبارەیان**

دەتواندرێت داتاکان پۆلین بکەم بەم شێوەی خوارەوە:

بەپێی قەبارەی داتاکان (Volume):

ئەو داتایانە دەگرێتەوە کە لە سەرچاوەی سروشتیەوە دەرهێندراون و بەهاکانیان دیار دەکرێت بەپێی قەبارە گەورەیان کە پێیان دەگوترێت (Big Data) کە ئێستا کۆمپانیا زەبەلاحەکان پێوە تووشی گرفت بوون ناتوانن چۆن ئەو هەموو داتایانە لە شوێتێنکی پارێزراو دابێن بۆیە بیر لە (Claude) دەکرێتەوە بەمەش رێگە چارەی گونجاو بۆ گەورەی و قەبارەی داتاکان دۆترایەوە. لەبەر زۆری داتاکانیش ئێستا داتاکان بە میتابایت دەپیورێن.

بەپێی جیاواز و تێکەل بوون (Variety):

پاش ئەوەی چارەسەری بۆ داتاکان کرا، توێژەرەکان دەتوانن سوود لە بەشێک لە هەندێک وەربگیرێت، نەوەک هەموو وەک پاکێچ» وەربگرێت، بەلکو چەند فیلدێک سوودمەند بن و ئەوانی تر بەلاوە بندرێت.بە تایبەتیش وەک کۆمەلە وێنەیەکی بۆ دێت یان تۆماری دەنگی یان گرتە فیدیۆیەک ....

**بەپێی خێرایی (Velocity):**

مەبەستمان لە خێرایی بەرهەم هێنان و دەرهێنان و هەلکێشانی داتاکان بۆ ئەو کارەی کە دەیەوێت بە ئەنجامی بگەیەنێت، کە دواتریش لەسەر ئەم داتایانە دەتواندرێت چەند بریاری گرنگ بدات , ئێستا (Real Time)کە ئەو کاتە دەگرێتەوە بۆ چارەسەرکردنی داتاکان لەلایەن پرۆگرامەران و ئەو کەسانەی کە پسپۆرن بۆ شیکردنەوەی داتایەکان.

**رۆلی داتا لە پلاندانان:**

پلانەکان ئەمرۆ بوون بە زانستێکی تایبەت و گرنگی گەورەی هەیە لە پێشکەوتنی ولاتان چونکە هۆکارێکە بۆ خزمەتکردن و هاولاتی هەست بە بوون و ئینتیمای خۆی بکات، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەو پلانانەی کە حکومەتەکەی بۆی دادەنێت.

جۆرەکانی پلان:

پلانی ستراتیچی:

پلانە سترانیجیەکان بەوە ناسراون کە بۆ ماوەی (کە بۆ ماوەیەکی درێژ دادەندرێن کە کەمتر لە پێنچ سال نەبێت) باشترین پلانیش ئەو پلانەیە کە بۆ ماوەی ٢٥ سالە، بە هۆیەوە دەبێت ئارمانەجەکان بە ووردی و بابەتی بوون،بێلایەنیەتی ,ئۆبجەکتیڤیەتی دیار بکرێت.بۆ سەرکەوتنی ئەم پرۆسێسەیە دەبێت لێژنەیەکی بالا هەبێت بۆ سەرپەرشتی کردن و شیکار کردنی گرفت و دۆزینەوەی رێگەی گونجاو بۆ بەجێگەیاندنی بگرێتە بەر.

**پلانی تەکتیکی:**

ئەم جۆرە پلانانە گرنگی بە کردارەکان و تاکەکەسی دەبەسێت و دەکەوێتە ژێر رکێفی پلانی ستراتیژی بە پێی ئەو سەرچاوە مادیانەی لەبەردەست دان و ئەو کاتەی کە بۆی دیاری کراوە.پلانی تەکتیکی بەوە ناسراوە کە گشتگیر نین بەلکو بۆ بوارێکی دیاری کراو نین بە پێچەوانیە پلانی ستراتیژی کە هەموو بوارەکانی ژیانی ولات دەگرێتە خۆ. وە ئەو دەسەلاتەی کە بەرێوەی دەبات چەند کارمەندێکی پسپۆریووردن و نزیک نین لە دەسەلاتی ولات.

**پلانی کرداری:**

ئەو کارانە دەگرێتەوە کە فەرمانگە یان کۆمپانیا بۆ بەرێوەبردنی کاری رۆژنەی پەیرەوی دەکات و لێرەش زیاتر دەبێت کارەکانی بە کەمترین کات و تێچوو جێبەجێ بکرێت.لە لایەن کەمترین ئاستی کارگێری بەرێوەدەبردرێت و سەرپەرشتی دەکرێت. دەکرێت ئەم پلانانە بەپێی پێویست و گونجاوی شوێن گۆرانکاری بەسەر بکرێت.

**پلانەکان هۆکارن بۆ :**

- ❊ روونی و دیاریکراوی ئارمانجەکان
- ❊ سوود وەرگرتن لە سەرچاوە مرۆیی و داراییەکان.
- ❊ کەمکردنەوەی بۆچوون و هەلسوکەوتی ترسناکی.
- ❊ بەرزکردنەوەی ئاستی تواناکانی فەرمانبەران بە بەردەوامی.
- ❊ کۆنترل کردن و گۆرینی بارەکان لە کاتی پێویست.
- ❊ هۆکارێک بۆ بریاردانی دروست.

**پێشنیارەکانمان چین:**

* -بەردەوام گەران بەدوای باشترین رێگەی زانستی و مەعریفی بۆ جێبەجێکردنی پلانەکان.

* -بەردەوام چاودێری وورد و زانستیانە بکرێت بۆ ئاستی و رێژەی جێبەجێکردنی پلانەکان.

* گۆرینی رێگاکانی جێبەجێکردن ئەگەر هەستکرا کەموکوریەک بوونی هەیە.

* -خۆدورخستنەوە لەو جۆرە هەلانەی کە مرۆڤ لەکاتی کارکردن تووشی دەبێت.

*-بەرزکردنەوەی رەوشتی باش و چاکی فەرمانبەران و پاداشت کردنی ئەو فەرمانبەرانەی کە زۆرترین داهێن و پر بەرهەمن.

* هەول بدرێت کە سەرجەم کارەکان بە گروپ و کۆمەل بکرێت .

* -گرنگی زۆر بە راپۆرتینگ و داتا بدرێت، راپۆرتی هەفتانە و مانگانە و سالانە بەرزبکرێتەوە بۆ سەرپەرشتیارانە تاوەکو ئاگاداری دۆخەبن و بتوانن لە هەموو کاتێک بریاری دروست و گونجاو بدەن.



# کەشکۆڵی ژنێکی ناوداری ناوچەی جەباری
# ڕەحمە محەمەد عارف

**کازم جەباری**

ناوچەی جەباری لە دێرزەمانەوە ژن و پیاوی نەجیب و مەردی تێدا هەڵکەوتووە. لێ بەهۆی ئەو ماڵ وێرانی و کاولکاریەیی ناوچەکە لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژوودا بەخۆیەوە بینیوە، کەمتر دەرفەت هەبووە، لابەلای زۆر بابەتی جێ بایەخ بکرێتەوە. ڕەنگە حاجی ڕەحمە یەکێک بێت لەو ژنە چاپوک و خانەدانانەی کە ساڵانێک بەدەم چالاکیەکانی ژیانەوە وەک ژنێکی ناودار و گومناو، هەڵکەوتوو شەرەفمەندانە ژیانی کردبێت، لەکاتێکدا ئەو خاوەن بنەماڵەیەکی دیاری گوندەکەی خۆیان بووە لە کولەبانی ناوچەی جەباری، کە بە بنەماڵەی سەید محەمەدی سەید عارفی سەید مراد، ناودەبرێت. لە ئامێزی ئەو بنەماڵەیە چاوی بەدونیا هەڵهێناوە، (ژنێک کە لە تەمەنیدا دوو جەنگی جیهانی بینیووە، جەنگی یەکەمی جیهانی لە ساڵی ١٩١٤ – ١٩١٨، جەنگی جیهانی دووەم ١٩٣٩ – ١٩٤٤)، لەگەڵ تاڵ و تفتی و شیرینیەکانی ڕۆژگار ژیانی گوزەراندووە، تێکەڵ بە سروشتی جوانی گوندی کولەبان و خۆشەویستی خانەوادەکەی بووە. لە چەندین وێستگەی ژیانیدا وەک ژنێکی بەگوڕ ماندو کۆڵنەدەر شان بەشانی پیاوانی ماڵباتەکەی تەونەکانی ژیانی چنییە،.

**ژیانی کۆمەڵایەتی ڕەحمە محمد عارف**

ئەو یەکێکە لە ئەندامانی خێزانە گەورەکەی سەید محەمەد عارف، ئەم بنەماڵەیە یەکێکە لە بنەماڵە دیارەکانی گوندی کولەبان، سەید محەمەد لە ژیانیدا دووجار ژنی هێناوە، ژنی یەکەمی ناوی (تاتی نەسرەدین ڕەشید)ە، ژنی دووەمی ناوی (گوڵەباخ محمد مەعروف)ە، ژنی یەکەمی خاڵۆزا و ژنی دووەمی ئامۆزای خۆی بووە، بەرهەمی ئەم دوو ژنە (١٣) منداڵ بووە، کە (٧)کوڕ و (٦)کچ بووە. هەرچی منداڵەکانی سەید محەمەدە، بە ناوەکانی «سەید شکور، سەید سابیر، سەید تاهیر، سەیدحەبیب، سەید حەکیم (خاڵۆ شەلە)، سەید کەریم، سەید ئەمین، ڕەحمە، جەهان، ئەمنە، مەحبووبە، مەنیجە، « لە حەوت کوڕە سەید (حەبیب)یان لەبەرواری (١٩٨٣/٢/٨) لە چالاکیەکی

پێشمەرگەکانی کەرتی چواری جەباری سەربە تیپی ٥٧ی سەگرمەی (ی. ن. ک)، بە فەرماندەیی شەهید مامەڕیشە لە گوندەکەی خۆیان (کولەبان)، شەهید بوو. هەریەک لە (سەید کەریم و سەید ئەمین)یان، لەگەڵ ئامۆزا و پورزا و خزمەنزیکەکانیان بەر پرۆسەی شاڵاوی جینۆسایدی ئەنفال کەوتن لە ساڵی (١٩٨٨).

(ڕەحمە محەمەد عارف) دووەم نەوەی خێزانەکەیەتی لە ژنی یەکەمی سەید محەمەد کەناوی (تاتی نەسرەدین)ە. هەرچەندە ساڵی ڕاستەقینەی لەدایک بوونی حاجی ڕەحمە دیارنیە وەک باقی خەڵکانی تری ناوچەکە، لەلایەک لەودەمەدا بەهۆی ئەوەی ژنان هەرلە گوندەکەی خۆیان منداڵیان دەبوو، پەنایان بۆ (مامان) دەبرد لەکاتی منداڵبووندا، لەلایەکی تر بەهۆی قورسی ژیان و مەشغوڵی ئیش و کار و ژیانی لادێنشینی کەمتر پەرژاونەتە سەر ئەوەی لەکاتی حەملدا ژن بەرنەشار و لەنەخۆشخانەی شار منداڵیان ببێت و لەوێ بەفەرمی تۆماربکرێن. بۆیە ساڵی لەدایکبوونەکەی لە ڕەگەزنامەکەی بە تەقریبی (١٩٣٥/٧/١) تۆمارکراوە، بەڵام بە گوێرەی بیرەوەریی و گێڕانەوەکانی خۆی وامەزەندە دەکرێت ساڵی لەدایکبوونی بگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ساڵانی نەوەدەکان چەرخی ڕابردوو یاخود ساڵانی نزیک لە جەنگی جیهانی یەکەم.

ژیانی منداڵی حاجی ڕەحمە وەک هەر منداڵێکی تری گوندنشین ڕۆژانە بە بەردەستی دایک و باوک و شەوانیش بە شەوچەرە و دانیشتنی شەوانی بەر ئاگردان و گوێگرتن لە مەتەڵ و چیرۆکخوان و گێڕانەوە ژیانیان بەسەر بردووە.

لەبەر نەبوونی قوتابخانە و حوجرە (تەکیە) لەو سەردەمەدا لە گوندەکەیان، حاجی خوێندەواری نەبووە، بەڵام ژنێکی دونیادیدە و بیرتیژ و بە سەلیقە بووە، هەمیشە وەک سەرمەشقێک لە کۆڕی گەرمی مەجلیسی دێوەخاندا ئامادەگی هەبووە، بە خۆشخوانی و چیرۆک و گێڕانەوەکانی ئامادەبووان هەست و هۆشی پاراو بووە، ئاگاداری هەواڵ و دەنگوباسەکانی ڕۆژ دەبوو، حاجی ڕەحمە لە ژیانیدا هەمیشە وەک ژنێکی خانەدان مامەڵەی کردوە، بەهۆی ئەوەی کە سەید شکوری برای کە بەملا شکور بەناوبانگ بووە یەکێک بووە لە مەلاکانی گوندەکەیان، خوێنداوار بوو، حاجی ڕەحمەش وەک چرایەک بۆی ڕوانیووە هەردەم لە تەنیشتیدا گوێقوڵاغی ئەو کتێبانە بووە کە لەو دەمەدا لەناو خوێندەواراندا باو بووە و ئاڵوگۆڕی پێکراوە و دەستبەدەست خوێندراوەتەوە. بەتایبەت کتێبە ئاینیەکان و چیرۆکگەلی وەک ڕۆستەم و زۆراب (ڕۆستەمی زاڵ) و خورشید و خاوەر و شیرین و فەرهاد و ...هتد. بەجۆرێک گوێگرتن لەو کتێب و چیرۆکانە زەینێکی وەهای بە حاجی ڕەحمە بەخشیبوو، حاجی خۆی ببوو بە چیرۆکخوان، زۆربەی شیعرەکانی مەلای جەباری و چیرۆکەکانی لەبەر کردبوو، دێنی هەرماڵێکی بکردایە خاوەن ماڵ بە ژن

و پیاو و منداڵەوە، شەوان لەبەر ئاگردان بەدەم شەوچەرەوە گوێیان بۆ حاجی دەچڕی و گوێبیستی کەشکۆڵی پڕ لە چیرۆک و مەتەڵ و بەسەرهاتی حاجی ڕەحمە دەبوون. کەیفیان دەهات بە لایەنی ڕەوانبێژی و بیرتیژی حاجی، سەرای نەخوێندەوارییەکەی بە فەرهەنگێکی گرنگ بۆیان دەڕوانی، وەلێ حاجی سەید ڕەوف سەید ئەحمەدی زرکوڕی یەکێک بوو لە پیاوە دەنگخۆش و دانسقەکانی ناوچەی جەباری زۆرێک لە شیعرەکانی مەلای جەباری کە دەمام و دەم وەری گرتبوو، بە ئاواز و سەدایەکی خۆشی باوی ئەو دەمە بە (قەتار و ئەڵڵا وەیسی و خاوکەر) دەوتەوە، وەک بیستراوە هونەرمەندی گەورەی کورد «عەلی مەردان لە دیدارێکیدا ئاماژەی بەوە کردووە کە لەگەڵ «حاجی سەید ڕەوفی هەنارە مەقامیان وتووە».

وەک هەوڵێک بۆ تۆمارکردنی کەشکۆڵەکەی حاجی ڕەحمە لەم دواییەدا بە تایبەت لە ناوەڕاستی نەوەدەکان، یەکێک لە خوێندەوارەکانی گوندی کوڵەبان، بە ناوی (ئامینە شمسەدین)، هەوڵێکی زۆریدا لەدەمی حاجیەوە چیرۆک و بەسەرهاتەکانی حاجی لە پەڕاوێکدا تۆماربکات، بەڵام ئەسەف ئامینە خەونەکەی نەهاتەدی هەرزوو چرای تەمەنی ئەم ئەم خونچەگوڵە کوژایەوە، (لە شەڕی نێوان بزوتنەوەی ئیسلامی و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، لە ماڵەکەی خۆیاندا لە چەمچەماڵ شەهید کرا)، لەگەڵ چەندین گەنجی تردا بووبە سوتووی ئەو زنجیرە شەڕە برا کوژییەی ئەو سەردەمە. مخابن ئامینە نەیتوانی ببێت بە ڕازگری چیرۆکەکانی حاجی ڕەحمە مەرگ مەودای نەدا پرۆژەکەی تەواو بکات. ئیدی نازانم ئامینە تا پێش شەهید بوونی چەندی لە پرۆژەکەی تۆمارکردبوو، بەڵام دڵنیام بەشێکی باشی نووسیبووەوە.

**حاجی ڕەحمە و پرۆسەی هاوسەرداری**

ڕەنگە ژن بەژن یەکێک بێت لە نەریتەکۆن و باوەکانی کۆمەڵگەی کوردی لەودەمەدا هەر پیاوێک خوشکی نەبایە بەزەحمەت دەبوو بە هاسەردار، واتا ژنیان پێ نەدەدا، حاجی ڕەحمە لە ژیانیدا یەکجار هاوسەرگیری کردوە، ئەویش وەک هەر کچێکی تری هاودەمی خۆی، ژنی کردبوو بۆ سەید سابیری برای لەگەڵ خزمانی گوندی هەنارە، حاجی درابوو بە (سەید ئەحمەد سەید قادر سەید محەمەد سەید ئەمین)، کەیەکێک بوو لە پیاوە خاوەن دێوەخان و ناودارەکانی ناوچەی جەباری و شاری کەرکوک، بەهۆی ئەوەی موڵک و ماڵێکی زۆری هەبوو خۆشی پیاوێکی لێهاتوو و زیرەک بوو، جگە لە کاری کشتوکاڵی و ئاژەڵداری بە کاری بازرگانی و کڕین و فرۆشتنی خانوبەرەوە خەریکبوو. حاجی سەید ئەحمەد لە ژیانیدا دوو ژنی هێنابوو حاجی ڕەحمە ژنی دووەمی بوو، ئەگەرچی لە ژنی

یەکەمی کوڕ و کچێکی زۆری هەبوو، (حاجی سەید مراد هەنارەیی) دیارترین نەوەی حاجی (سەید ئەحمەد قادر) بوو، بەڵام لە حاجی ڕەحمە هیچ منداڵێکی نەبوو، واتا و «وجاخ کوێر» بووە.
ژنی یەکەمی حاجی سەید ئەحمەد ناوی (شەمسە حوسێن عەبدولڕەحمان) بوو، شەمسە «سێ کوڕ بەناوەکانی (حاجی سەید ڕەوف و حاجی سەید مراد و سەید ئەمین)، دووکچ بەناوەکانی (هەیبە و عائیشە)»ی لێ بوو، حاجی (سەید ئەحمەد قادر محمد)، (عائیشە)ی کچی بۆخۆی دابوو بەژن لەبەرامبەر (حاجی ڕەحمە)ی هاوسەری.
ئەگەرچی حاجی سەید ئەحمەد ژنی پێشووی زۆر پێش حاجی ڕەحمە هێنا بوو، بەڵام پێدەچێت لە ساڵانی چل و پەنجاکاندا هاسەرگیری لەگەڵ حاجی ڕەحمەدا کردبێت. بەهۆی بەردەست نەبوونی گرێبەستی هاوسەرگیری «عقد زواج» نازانرێت لەساڵانی چەند هاوسەرگیریان کردووە بەڵام ئەوە ڕوونە کە حاجی سەید ئەحمەد خۆی زۆر لە حاجی ڕەحمە گەورەتر بووە. نازانرێت حاجی سەید ئەحمەد و حاجی ڕەحمە چەند ساڵ پێکەوە ژیاون بەڵام ئەوەی بە تۆمارکراوی لەبەردەستدابێت نووسخەیەکە لە قەسام شەرعی کە لە مەحکەمەی شەرعی کەرکوک بە کتابی ژمارە (١٠١٣) کۆچی دوایی حاجی سەید ئەحمەد، بە بە بەرواری (١٩٧٩/٨/١٩) تۆمارکراوە.
(سەید محەمەد ئەمین) کەباپیرە گەورەی حاجی (سەید ئەحمەد)ە خاوەنی گوندی (هەنارەی محەمەد ئەمین)ە، کەدوای مردنی سەید قادری باوکی هەموو موڵکی ئەم گوندی (هەنارە)یە بۆ حاجی سەید ئەحمەد مایەوە.

## گۆڕانکارییەکانی دوای جەنگی جیهانی دوەم و هاتنی ماڵی حاجی بۆ کرکوک.

جەنگی جیهانی دووەم کە نزیکەی (پێنج) ساڵی خایاند لە ساڵی (١٩٣٩دەستی پێکرد ١٩٤٤ کۆتایی هات)، بەسەرکەوتنی هاوپەیمانەکان بەسەر بەرەی میحوەردا، کە بە شکستی ئەڵمانیای نازی کۆتایی هات .کاتێک وڵاتانی براوا لە جەنگەکە لافی سەرکەوتنیان ڕاگەیاند، نەخشەی سیاسی جیهان گۆڕانکاری بە خۆوە بینی یەکێک لەهەرە گۆڕانکاریە دیارەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروستکردنی (قەوارەی جولەکە) بوو لەناودڵی وولاتانی عەرەبیدا لەسەر (زەوی بەڵێندراو)، کەمەبەست لێی (ئۆرشەلیم) ە دواتر بە دەوڵەتی ئیسرائیل ناسێنرا. کەتێیدا بڕیاردرا (بەریتانیا و فەڕەنسا) دەوڵەتێک بۆ جولەکەکان دروست بکەن ئەوەبوو لە ساڵی (١٩٤٨) ئەو دوو وڵاتە کەوتنە کۆکردنەوەی جولەکەکان، زۆربەی جولەکانی جیهانیان لە (ئیسرائیل) کۆکردەوە بەمەبەستی دروستکردنی دەوڵەت.

(عێراق)یش یەکێک لەو وڵاتانەبوو کە ژمارەیەکی زۆر جولەکەی تێدا بوو، وەلێ هاتنی جولەکەکان بۆ عێراق مێژوویەکی دێرینی هەیە. مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (٦١٢ پێش زاین)، کاتێک نەبوخوزنەسەری کلدانی (دەوڵەتی بابلی نوێ)، لە شاری (بابل)ەوە هێرشی کردە سەر (ئۆرشەلیم) زێدی ڕەسەنی جولەکەکان، شارەکەیان سووتاند و لەگەڵ خۆیاندا (چل هەزار) جولەکەیان بەدیل گرت و هێنایان بۆ شاری بابل لەوێ نیشتەجێیان کردن، لە مێژوودا ئەم ڕووداوە بە (تاڵانی بابل) ناودەبرێت. لێ جولەکەکان خاوەن (ئەهلی کیتاب)ن و نەوەی (موسا) پێغەمبەرن. ئێستاشی پێوە بێت کەم و زۆر پاشماوەی ئەو جولەکانە لە عێراقدا هەر ماون، ئەگەر بەوردی سەیری ئامارە کۆنەکانی دانیشتوانی عێراق بکەین دەبینین چ لە ناوەڕاست و باشوری عێراق یاخود لە کوردستان بەتایبەت کەرکوک جولەکەیەکی زۆری تێدا نیشتەجێبووە، ئەم جولەکانە بەزۆری پیشەوەر و کارزان و کانگای دەستی کاربوونە لە هەر شوێنێکدا، نیشتەجێ بووبێتن بە کاری بازرگانی و دوکانداری و مسگەری و خومخانە (بۆیە کردن)، کوتاڵگەریەوە خەریکبوونە.

لەساڵی (١٩٤٨)، کاتێک جاڕدرا بە جیهاندا کە جولەکەکان پێویستە لە سەر (زەوی بەڵندراو) یەکبگرن، جولەکەکانی عێراقیش بنەوبارگەیان پێچایەوە بە ئومێدی دروستکردنی دەوڵەتی یەکگرتوو و سەربەخۆ ڕوویان لە ئۆرشەلیم کرد، لەو کاتەدا بازرگان و پارەدارەکان ئەم هەلەیان قۆستەوە ڕوویان لە شارەکان کرد بۆ کڕینی موڵک و ماڵی جولەکەکان، حاجی (سەید ئەحمەد)، لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو، وەک بازرگانێک سوودمەندبوو لە کڕینی چەند خانو و موڵکێک لە کەرکوک لە نزیک قەڵای کەرکوک، کە حاجی ڕەحمە بە زیاتر لە (سێ) خانوو مەزەندەی دەکرد، خانووەکان زیاد لە دوو نهۆم بوون. یەکێک لە خانووەکانی حاجی سەید ئەحمەد لە نزیک مزگەوتی (نائیب ئۆغلۆ) بوو لە حەسیرەکە. بەهۆی ئەوەی حاجی سەید ئەحمەد پارەی لەبەردەست بووە ئەو خانووانەی کڕیوە و دواتر کرێچی تێکردون، بە زۆری کرێچیەکانی تێکەڵەیەک بووە لە دانیشتوانی ئەهلی شاری کەرکوک لە عەرەب و تورکمان و کورد. حاجی ڕەحمە خۆی دەیگێڕایەوە «کە کورد و عەرەب و تورکمان وەک برا هەمووپێکەوە لە خانوویەکی چەند نهۆمیدا ژیانیان کردووە، بەبێ ئەوەی هیچ کێشەیەک ڕوویدابێت». بەو هۆیەوە حاجی ڕەحمە فێری زمانەکانی تورکمانی و عەرەبی بووە، وەلێ بەداخەوە ئێستا هیچ لە موڵکەکانیان نەماوە.

**ڕەحمە محەمەد دەچێت بۆ ماڵی خوا، دەبێت بە حاجی**

سەفەرکردن لە کۆندا بەزۆری بە پیادە بووە، بە وڵاخ گەشتیان ئەنجامدەدا، هەتا لەمدوایانەدا ئۆتۆمبێل و فرۆکە پەیدابوو، ئەوکات حەجکردن پارەیەکی زۆری تێدەچوو، ڕەحمە محەمەد لە تەمەنیدا دووجار گەشتی حەجی ماڵی خوای کردووە، یەکەمین گەشتی ماڵی خوای لەگەڵ حاجی سەید ئەحمەد بە پیادە و ئۆتۆمبیل ئەنجامداوە. دووەمین گەشتی حەجی ماڵی خوای بە فڕۆکە ئەنجامداوە کە پێدەچێت ئەمەیان لە ساڵانی شەستەکاندا ئەنجامدابێت هەر لەگەڵ حاجی سەید ئەحمە، ماوەیەکی زۆریان پێچووە لە کاتی چوون و گەڕانەوەیاندا بۆ ولاتی سعودیە. وادەردەکەوێت حاجی سەید ئەحمەد، حاجی ڕەحمەی زۆر خۆشویستبێت، چونکە لە کاتی دەرچوون و سەفەرەکانیاندا هەمیشە پێکەوە بوونە.

**قوڕە ڕەشەکەی مۆردانە و چیرۆکی چوونی سەید مراد بۆ ئەستەنبوڵ**

بۆ چارەسەرکردنی کێشەی موڵکایەتی و یەکلاکردنەوەی سنووری هەردوو هەنارە، کە لەوکاتەدا بە (هەنارەی سەرو هەنارەی خوارو) ناسرابوو، سەید مراد، باپیرە گەورەیان دەچێتە ئەستەنبوڵ بۆ هێنانی فەرمان بەمەبەستی چارسەری بنبڕی کێشەی موڵکایەتی ئەو دوو هەنارەیە، حاجی ڕەحمە چیرۆکەی بەم شێوەیە دەگێڕایەوە «کاتێک سەید مراد دەچێتە ئەستەنبوڵ بۆ هێنانی فەرمان و چارەسەرکردنی کێشەی هەردوو هەنارە، وەک غەریبێک لە ئەستەنبوڵ زۆر ماندو دەبێت لە کۆڵانێک لادەدات لای کانیەکی ژنان، ئەو کاتە کانی و کارێز باو بووە وەک سەرچاوەیەک بۆ دابینکردنی ئاو. کاتێک ژنانی سەر کانی دەکەنە دەنگەدەنگ و هۆسە، دیارە لەسەر نۆرە بڕێ بووە بۆ ئاو پڕکردن یەکێک لە ژنەکان بە هاوڕێ ژنەکەی دی دەڵێت»سەرت بە قوڕە ڕەشەکەی مۆردانە« دیارە سەید مراد تورکی زانیووە و گوێ قولاغی ژنانی کانی بووە، هەرکە گوێی لە (قوڕە ڕەشەکەی مۆردانە) دەبێت خێرا دەچێتە لای ژنانی سەرکانیەکە و دوای سڵاوکردن بەژنەی قسەکەر دەڵێت»تۆ لەکوێ دەزانی مۆردانە قوڕی ڕەش»ی لێیە، ئیدی ژنەش چیرۆکی (قوڕە ڕەشەکەی مۆردانە) بۆ مام سەید باس دەکات و مام سید دەڵێت «کەواتا ئێوە لە (ساداتی جەباری)ین و ئێمە خزمین ئیدی ژنە سەغی تەبیعەتانە وەک عادەتێکی خانەدانی ئەو کاتە، کە ژنان شان بەشانی پیاوان ڕۆڵیان بینیووە لە کاروباری ماڵ و میوانداری و خزمەتکردن بە میوانی کاروانسەرا و دورەڕێ، سەید مراد دەباتەوە بۆماڵ خۆیان لە ئەستەنبوڵ و لەوێ مام سەید بەم خزمە دورە دەستەی شاد دەبێتەوە و خزمی خانەخوێ دوای خۆشحاڵی خزمەتکردنێکی جەبارییانە کارەکانی فەرمانی گوندەکانی هەر

دوو هەنارە بۆ مام سەیدی خزمی ڕایی دەکات»، بەم جۆرە بەبێ کێشە، هەر دوو هەنارە لەسەردەستی مامە سەید مراد ڕێکدەکەون. دواتر (هەنارەی خوارو هەنارەی ژورو) بە (هەنارەی محەمەد ئەمین و هەنارەی محەمەد سەعید) دەناسرێت دەبن بە دووگوندی درهاوسێ و سەربەخۆ.

## حەسەن زیرەک لە بۆکانەوە بۆ ناوچەی جەباری

حەسەن زیرەک یەکێکە لە هونەرمەندە دەنگخۆشەکانی کوردستان، لە شاری بۆکان کوردستانی ڕۆژهەڵات (کوردستانی ئیران) لەدایکبووە، بەدەنگەخۆشەکە و هونەرە ڕەسەنەکەی سەرنجی گوێگرانی بۆلای خۆی ڕاکێشاوە، وەک دەڵێن ئەگەرچی خوێنەوار نەبووە بەڵام بە (ئوستادی هونەری ڕەسەنی کوردی) دادەنرێت. دەتوانین بڵێین «ئەگەر عەرەب ئوم کەلسومی هەبێت کوردیش حەسەن زیرەکی هەیە«، ئەوکات حەسەن زیرەک زۆربەی گۆرانیەکانی لە ئێزگەی تاران تۆمار کردبوو لە سەر قەوان.

هەرچەندە ئەو زەمانە، باوباوی قەوانبوو، قەوان ئامێرێک بوو لە شێوەی تەسجیلی ئێستا، شریتیان دەکردە سەر و کاریدەکرد «نەوار»یشیان پێدەوت. ئەو دەمە چەند هونەرمەندێکی کەم هەبوون گۆرانیان دەوت و شریتیان دەست دەکەوت لەوانە (حەسەن زیرەک و مەزهەری خالقی و عایشەشان، و ڕەسوڵ گەردی و تایەر تۆفیق و عەلی مەردان و.. هتد، ئەو ئامێرە «قەوان» تەنها ماڵە دەوڵەمەنەکان هەیان بوو، دیارە ماڵی حاجی ڕەحمەش وەک ماڵێکی دەوڵەمەند قەوانیان هەبووە.

حاجی ڕەحمە وایدەگێڕایەوە کە «ڕۆژێک کابرایەکی باڵابەرزی ڕەش ئەسمەری جەمەدانی بەسەر بە قاتێکی کوردییەوە، لەدەرگایدا و خۆی بە حەسەن زیرەک ناساند، دوای فەرموو لێکردن و پێشوازی حاجی سەید ئەحمەدی مێردی بردنی بۆ دێوەخان، دوای چاوەڕوانیەکی کەم و پشووشکاندنێک بە گۆرانی ڕەسەنی کوردی بە چریکەی زیرەک مەجلیسی دێوە خانیان گەرمکرد»، دیارە عادەتی حەسەن زیرەک وابووە کە لەو کاتەدا شار بەشار و دێ بەدێ دەگەڕا، وەک هونەرمەندێکی گەڕۆک لە نزیکەوە هونەرەکەی خۆی بە هەوادارانی دەناساند و گۆرانی دەوت و لەبەرامبەردا پارەیان پێ دەدا، حاجی ئاماژەی بەوەدەکرد «چەند جارێک حەسەن زیرەک هاتووە بۆ گوندی هەنارە بۆ ماڵی ئەوان و گۆرانی وتووە، دێوەخانیان جمەی هاتووە لە ئەهلی گوند بۆ لە نزیکەوە گوێگرتن و بینینی حەسەن زیرەک، بۆیە خەڵکی گوند لێی کۆبوونەتەوە کەیفیان پێ هاتووە«.

**ناوچەی جەباری، وەک گۆڕەپانی یەکلاکردنەوەی جەنگەکان**

کاتێک شێخ محمودی نەمر، دەستی کرد بە جموجۆڵی کاری سیاسی و وەک عەلەمداری بەدیهێنانی مەفەکانی میللەتی کورد شۆڕشی بەرپا کرد، بەهیوای دروستکردنی قەوارەیەکی سەربەخۆ لەژێر ناوی دەوڵەتی کوردستان، لە زۆر ناوچەی کوردستاندا بەرەی پشتیوانی کردن لە شێخی نەمر پەرەی سەند، هەموان بە سوارەی پرچەک کراو بەشداری شۆڕشی شێخی نەمریان کرد، ناوچەی جەباریش وەک یەکێک لەو ناوچانە بە هێزێکی زۆر لە سوارەی ساداتی جەباری بە فەرماندەیی (سەید محەمەدی جەباری) دایانەپاڵ شێخی نەمر، بەتوندی بەرەنگاری دوژمنی ئەو کاتە کە ئینگلیزەکان بوونەوە، هێزەکەی سەید محەمەدی جەباری کە خۆی لە کەڵەپیاوانی گوندەکانی عەشیرەتی جەباریدا دەبینیەوە، هەریەک بە جۆرێک یارمەتی هێزەکەی فەرماندە (سەید محەمەدی جەباری) و شۆڕشیاندەدا هەبوو بە مادە هەبوو بە خۆبەخت کردن و بە سوارە، وەلێ ناوچەی جەباری بەدرێژایی مێژوو، چەخماخەی مەشخەڵداری شۆڕش بووە، دژ بەداگیرکەران، نەیان ویستووە ناوچەکەیان لەلایەن بێگانەوە فەرمانڕەوای بکرێت، لەو پێناوەشدا هەمیشە بە شەهید و قوربانی وماڵوێرانی باجەکەیانداوە، هەر لە سەردەمی نادرشای ئەفشار، کە هێرشی توندی کردۆتە سەر ناوچەی جەباری، چەند گوندێکی ناوچەکەی سوتاندووە. دەگەڵ عوسمانیش هەمیشە ناکۆک بوون لەگەڵ سیاسەتی ئەو دەوڵەتانە و بەداگیرکەر وەسفیان کردوون و لەبەرەنگاربوونەوەدا بوون لە دژیان. هەموو گوندەکانی ناوچەی جەباری ڕۆڵیان گیڕاوە لە پێکهێنانی سوارە و تیپی سوپایی دژ بەداگیرکەران، هەر سەردەمە و لە ژێر فەرماندەیی پیاوێکی ئازا و لێهاتووی ناوچەکەیان وەلێ جەبارییەکان هەموویان ئامۆزان و دەچنەوە سەریەک پشت، بۆیە بە ڕوحیەتی هاوپشتیەوە هەمیشە یەکگرتوو یەک دەستبوون، سڵیان لە دوژمن نەکردوەتەوە. پیاوانی گوندەکانی هەنارە و کوڵەبانیش شان بەشانی پیاوانی گوندەکانی تری ساداتی جەباری ڕۆڵی بەرچاویان گێڕاوە لە تێکۆشان و خەباتکردن لە سوارەکانی سەید محەمەدی جەباری بوون، هاودەم و هاودەستی بوون، سەید محەمەدی جەباری سەرەڕای ئازایی و لێهاتویەکەی وەک فەرمادەیەکی قارەمان پیاوێکی زیرەک و هەڵکەوتوو بووە و شێخ مەحمودی نەمر وەک یەکێک لە هەرە باوەڕپێکراوەکانی خۆی بە فەرماندە و کەسی نزیکی خۆی بۆی ڕوانیەوە و پێ ی وتووە «خاڵۆ سەید محەمەد»، حاجی سەید ئەحمەد وەک دەوڵەمەند و خانەدانێک ڕێزێکی زۆری لە سەید محەمەد جەباری گرتووە و هەمیشە هاوکاری سوارەی ساداتی جەباری کردووە، بە چەک و مادە.

لە مێژوودا واریدە جەباریەکان هەمیشە لەبەرەی گەلن دژ بە ستەم دەجەنگن، کاتێک لە

ساڵی (١٩٤٦)، (پ. د. ک) دادەمەزرێت، مەلا ستەفا بارزانی جاڕی شۆڕش ڕادەگەیێنێت زۆربەی خەڵکی کوردستان دەبن بە پاڵپشت و هەوادارى شۆڕش، (ساداتی جەباری) ش هەر زوو پالپشتی خۆیان بۆ شۆڕش ڕادەگەیەنن، دواتر بنکەی (پیرمەئموون) دادەمەزرێنن لە ناوچەکە بە فەرماندەیی (عادل عیزەت)، بە ئومێدی دەرکەوتنی خۆری ئازادی و گەیشتن بە کەناری سەربەخۆی بۆ کورد و کوردستان، بەڵام هێشتا میللەت لە قوربانیدان ماندوونەبووە بۆیە، دوای نسکۆکەی ساڵی (١٩٧٥)، لەکاتی جۆشدان و سەرهەڵدانەوەی شۆڕشی نوێ بەڕابەرایەتی (ی. ن. ک)، بەسەرکردایەتی (مام جەلال تاڵەبانی)، خەباتی ساداتی جەباری تێکەڵ بە گوڕوتینی شۆڕشی نوێ دەبێت و کەرتی چواری جەباری بە فەرماندەیی شەهید مامە ڕیشە، دەبێت بە شوناس و سیمبوڵی بەرەنگاری، گوندەکانی ناوچەی جەباریش دەبێت بە لانکەی شۆڕشگێڕان و سەنگەری موقاوەمەت. هەتا پرۆسەی ئەنفال زەبرێکی کوشندە لە ناوچەکەدەدات و نزیکەی (٦٠٠) کەس لە پیاوان و ژنانی گوندەکانی ناوچەی جەباری لەگەڵ خۆیدا ڕاپێچ دەکات و لە پرۆسەی ئەنفالدا ونیان دەکات و سەرجەم خانووەکانی گوندەکانی ناوچەکەش لەگەڵ زەویدا تەخت دەکات.

**کۆچی دوایی**

ئەو ژنەی کە دوو جەنگی جیهانی بینیبوو، کەوتنی زۆربەی مەلیک و سەروەک کۆمارەکانی عێراقی بینیبوو، بە (سەدام حوسێنی)ی دیکتاتۆرەوە، ڕەنگە ئەو تاڵاوەی (سەدام حوسێن) بە حاجی چەشتبێت لە تەمەنیدا دیکتاتۆر و ستەمکاری وەهای نەدیبێت، چونکە جگەلە ماڵ وێرانی و کاولکردنی گوندەکەیان و شێواندنی زێدی یادگارییەکانی و دەربەدەرکردنی، ڕژێمی بەعس (حەبیب)ی برای و زڕکوڕێکی بەناوی (ئەمین) و کوڕەزایەکی بەناوی (هێرش ئەمین) لەیەک کاتدا شەهید کرد، لە ساڵی (١٩٨٣) و دوو برای بەناوەکانی (کەریم و ئەمین)، و زۆرێک لە خزمە نزیکەکانی بەرشاڵاوی جینۆسایدی ئەنفال کەوتن لە ساڵی (١٩٨٨)، ئەم ڕووداوانە وادەکات کۆتاییەکانی تەمنی ناخۆشترین ڕۆژگارە تاڵەکانی ژیانی بێت. وەلێ دوای لەدەستدانی حاجی سەید ئەحمەد کە پەناگەیەکی زۆر باش بوو بۆ حاجی ڕەحمە، وردە وردە باری حاجی ڕەحمە کەوتەلێژی و خۆری هیوا و ئاواتەکانی بەرەو زەردەپەڕ ملی ئاوابوونی نا، ڕووداوە ناخۆشەکانی ساڵەکانی کۆتایی تەمەنی خراپ سەریان کردە جەرگی پیرە حاجیەکی وجاخ کوێر، ژیان زۆرجار وەک کائینێکی بێ ویژدان بەزەیی بەکەسدا نایەت و ڕابردووی کەس لەبەرچاو ناگرێت و تووشی جەرمەسەی و کوێرەوەری دەکات، حاجی ڕەحمە

دوای تەمەنێکی زۆری نزیک لە سەدەیە ژیانکردن، لە وێستگەکانی تەمەنیدا ژیانێکی تاڵ و شیرین بەسەر دەبات، لەلایەک بێوەفایی دەور و زەمان و کلۆڵی خیتامی بەختی و پەکەوتنی، پەراوێزخستن و خۆ بەدوور گرتنی نەوەکانی، لە بەدەمەوە چوون و بەخێوکردنی، ئەمە وا لە حاجی دەکات، لەساڵەکانی کۆتایی تەمەنیدا لە ئامێزی (مەنیجە محەمەد عارفی خوشکی و نەجیبە سەدرەدینی براژنی)خۆی ببینێتەوە، هەتا دواتر وەفای خانەوادەکەی بەرەو لای خۆی کێش دەکات و  دەکەوێتە لای مەنیجە محەمەدی خوشکی. ئەگەرچی حاجی ڕەحمە بەدەست چەندین نەخۆشیەوە دەیناڵاند جیا لەوەی لە ماوەکانی کۆتایی تەمەنیدا کێشی بەڕادەیەک زۆر بوو  کە بەتەواوی ماندوی دەکرد، سەرەنجام لە شەوی لە ناحیەیی شۆڕشی سەربە قەزای چەمچەماڵ لە ماڵی مەنیجەی خوشکی لە درەنگانێکی شەودا، لەبەرواری ٢٦ لەسەر ٢٧ی مانگی یەکی ٢٠٠٧، دەوروبەری سەعات ٣شەو بۆدواجار چاوی لێکنا و بەرەوهەوارگەی هەمیشەیی بنەوبارگەی پێچایەوە و کۆچی دوایی کرد. بەیانی هەمان ڕۆژ تەرمەکەی لە گۆڕستانە تازەکەی گوندی کوڵەبان ئەسپەردە کرا، دوای ژیانێکی دورو درێژ و ژنێک کە دوو جەنگی جیهانی بنیبوو ڕوخانی سەدامی بینیبوو، بە هەموو خۆشی و ناخۆشیەکانیەوە ژیانی بەجێ هێشت هەرچی ڕاز و نیاز و چیرۆک و یادەوەری هەیە مەرگ لە خۆیدا ونی کرد.

**تێبینی//** ئێمە بۆماوەی زیاتر لە  (١٥)ساڵ لە خزمەت حاجیدا بووین، بەهۆی ئەوەی هەم پورم بوو هەم لای ئێمە دەژیا، بۆیە من زۆر ئاشنام بە چیرۆک و  سەرگوزشتەکانی چەندین جار داینشاندووم لەتەنیشتخۆی شتی بۆ  باسکردووم چیرۆک و حەقایەت و گێڕانەوەی زۆری لابوو، بەداخەوە ئەو زەمانە بەهۆی سەرقاڵیم بەخوێندنەوە نەمتوانی تۆماریانبکەم، ڕەنگە بیرەوریم فێڵی لێ کردبێتم زۆرێکیانم بیرچووبێتەوە، بەڵام بە مجلیس وزارهەڵهێنانەکانیەوە دیار بوو کەحاجی ڕەحمە چ ژنێکی خانەدان و دونیادیدە و خۆشخوان بووە، ژنێکی بەغیرەت بەڕەحم، گورجوگۆڵ بەشەهامەت زیرەک و زیتەڵ قسەزان.. هتد



# کۆمیدی لە ئەدەبی منداڵان

رەزا شوان

منداڵـیەتی قۆنـاغـێکی زۆر گـرنگ و هەستیارە لە بنیاتـنانی کەسایەتی هـەر مـرۆڤـێکدا. کۆمیـدی یا گەنجـەفە و گـاڵتەوگەپ لە ئـەدەبی منداڵانـدا، رۆڵ و کارتێکـردنێکی گـرنگی هەیە، لە گەشەکردنێکی خۆڕسکی تواناکانی منداڵ و لە بنیاتنانی کەسایـەتییەکی ئاسایی دروست و هـاوسەنگ و کۆمـەڵایـەتی و کـراوەدا.

مەبەست لە کۆمیدی یا گاڵـتەوگەپ و جەفـەنگ، ئەو جۆرە نووسینانـەن کە بە هۆنـراوە یا چیرۆک و چیرۆکە هۆنـراوە یا شانـۆیی یا بە نوکـتـەی خـۆش، بە شێوازێکی ساکار و ئاسان و ناسـک و شـیرین و رەوانی گاڵـتەئامێز بۆ منـداڵان داڕێـژراون، گـەشی دەخەنە سەر روویان و خۆشی و شادی دەخەنە دڵـە قنجەکـانیان و زەردخـەنە دەخەنە سەر لێوە ئاڵەکانیان و چـێژێکی خۆشیان پێدەبەخشن و دەیانهێننە پێکەنین و هـەور و تەمی خـەم و بێزاری و نائارامییان دەڕەوێننەوە، هەڵچوون و باری گرژی و تووڕەبوونیان هـێور و ئاسایی دەکەنەوە.. ئـەدەبی منـداڵان بەبـێ جـۆری کۆمـیدی ئـەدەبێکی ناتـەواوە. گەرچی پێکـەنـین مەگـێزێـکە و لە دایکبوونـەوە لەگـەڵ مـرۆڤ دایـە، بەڵام دەتـوانـرێت لە رێـی پاڵـنەر و وروژانـدنەوە مرۆڤ بێتە پێکەنین، بە زەردەخـە و بە پێکەنینیش گۆزارشت لە خۆشی و شادی خۆی بکـات.

چـیرۆک و هۆنراوە و شانۆی کۆمیدی (گاڵتەئامێز)ی منداڵان، کە لە فۆرمێکی هۆنەریی شـیرین و ناسکـدان، لە ناوەڕۆکـدا، گـەلی ئامـانج و مەبەسـت و پـەنـد و ئامـۆژگـاری و رێنمـایی و بەهـای بـەرزی کۆمـەڵایـەتی و مـرۆڤـایەتییان لەخۆگـرتوون.. ئامـاژەش بـە رەفتاری دروست و هەڵسوکەوتی پەسەند و رەوشتی باش و جوان دەکەن. گەلی تەوس و توانـج و پلار و تانە و تەشەریش لە بەدکاران و لە کـاری دزێـو و قـێزەوەن دەگـرن. ئەدەبی کۆمیدی زانیارییەکە وەکو هەریەکە لە زانیارییەکانی تر.. بە شارەزایی و لێزانین دێتـەدی. گەلێ لە نووسەران و هـونەرمەنـدانی جیهـانی، کە لەم بـوارەدا بەهـرەدارن و هۆگـری نووسینی بابـەتی کۆمیدین، توانیویانن سەرکـەوتن بەدەسـت بهـێـنن و چەنـدین

پەرتووکی بابـەت کۆمیـدیان بۆ منـداڵان چـاپکـردوون و ناوبانگـیان پێـیان دەرکـردوون.
لە راستیـشدا، نووسـینی چـیرۆک و چـیرۆکە هـۆنـراوە و شانـۆی کـۆمـیدی بـۆ منـداڵان کارێکی هێندە ئاسای و ئاسانیش نییە، کە هەر نووسەرێکی ئارەزوومەند بتوانێت خـۆی لە قەرەی بدات و سەرکەوتووبێت. چونکە نووسەری کۆمیـدی پێویستە شارەزای بنەما و مەرجەکـانی ئەم جـۆرە ئەدەبــە بێت و شارەزایی لە شـێوازی دارشـتن و لە زمـان و فەرهـەنـگ و لە خواسـت و خولـیا و ئـارەزوو و لە قۆنـاغـەکـانی منـداڵی و لە جیـهانی منداڵان هەبێت. بتوانێت خۆی لێیان نزیک بکاتەوە و بچێتە دڵ و هۆشیانەوە، لە راز و نیاز و لە پاکی و بێتاوانیان تێبگـات.. پێویستە نووسـەرێـکی خەیـاڵ فـراوان و بیـرتـیژ بێـت، کەسێکی رووخـۆش و گـەش و لێـوبەخـەنـدە و دەم بە پێـکەنین و گوفـت شیرین بێت، کراوە و گەشبین بێت. توانای داهـێنانی پاڵەوان و کـاراکتەری کۆمیدی گاڵـتەئـامێز و قوشمەچـی بۆ نووسینەکـانی بۆ منداڵان هەبێت.. دوور لە شێوازی چاولێکەری سواو و ئێکسپایەر، دوور لە دووبارەکردنەوەی رۆتینی بـاوی رۆژانـە و قوتابخـانە. پێویستە بابەتەکـانی نووسینە کۆمیدییەکـانی بۆ منـداڵان ئاراستەکـراوبـن، کـورت و پوخـتـبن. بە شـێوازێکی ئاسان و شـیرین و ناسـک و رەوان دایـان بـرێـژێت، بتـوانێت بە ئاسانیش سەرنجی منـداڵان رابکـێشێت و بیان هێنێتە پێکەنین و تا کۆتـایی واز لە خوێندنـەوەی نووسینەکانی نەهـێنن و چێژیان لێوەربگـرن.. گرنگیشە لە نووسینەکانیدا راستگۆبێت.
کۆمیدی یا جەفەنگی بابەتێکی پەروەردەیی و فێرکردنە، بۆ ئەو کەسانەی بیانەوێت لەم بوارەدا بنووسن و خۆیان تاقی بکەنەوە.. مامۆستایـانی وانەبێـژی لێهاتـوو و بەڵـدیش، گەر بیانەوێت و بتوانن، ئەو بابەتانەی گـرانن بە لای قوتابییەکانیانەوە، گەر بەرگـێکی کۆمیدی بکەن بە بەریانـدا و بە شێوازێکی ئاسان و رەوانی گاڵتەئـامێز دایان بـرێـژن.. دەتوانـن بە ئاسانی پەیـام و مەبەستەکانیان بە قوتابییەکانیان بگەیەنن.. قوتابییەکـانیان بە ئاسـانی و بە خـۆشییەوە وەریان دەگـرن و فـێریـان دەبـن و لە بیریـان ناچـنەوە.
لە جیهانی جەنجاڵی پڕ لە سەرقاڵبوونی ئەمڕۆدا، منداڵەکانمان پێویستییەکی زیاتریان بە بە خـۆشی و شـادی و بە کامەرانی هەیە، پێویستییەکی زیاتریان بە گەشی و بە کرانەوە و رووخۆشی و بە زەردەخەنە و بە پێکەنین هـەیە.. پێویستە پێکەنین ببێت بە بەشـێک لە ژیـانی رۆژانەیـان.

لە ئەمـڕۆدا، لە هـەنـدێ لە وڵاتـانی ئەورووپـادا، بۆ خامـۆشکـردنی سـوێ و ئـازارەکـانی نەخۆشـیـیەکـانی منـداڵان، کەسانی گاڵـتەئـامێز و سوعـبەتبـاز و قوشـمەچی و نوکتەبـاز،

سەردانی نەخۆشخانەکانی منداڵان دەکەن و ئاهەنگ و بەرنامەی پڕ لە پێکەنین و شادی و خۆشییان پێشکەش دەکەن و خۆشییەکی زۆر دەخەنە دڵ و دەروونیانەوە و شتی سەیر و سەمەرەیان پێشکەش دەکەن.. تا رادەیەکی زۆر لە ئێش و ئازارە دەروونی و جەستەییەکانیان کەم دەکەنە.

زۆر بە کورتی باس لە هەندێ لە سوودەکانی چیرۆک و هۆنراوە و چیرۆکەهۆنراوە و شانۆی کۆمیدی و گاڵتەئامێز بۆ منداڵان دەکەین، بەو هیوایەی کە دایکان و باوکان و مامۆستاکان و پەروەردەکاران و نووسەران و هونەرمەندان سوودیان لێوەربگرن:

١- هۆنراوە و چیرۆک و چیرۆکەهۆنراوە و شانۆی کۆمیدی، پێویستییەکی گرنگن بۆ هاندانی منداڵان، بۆ ئەوەی هەر لە بچووکییەوە هۆگری خوێندنەوە ببن، دوور لە شێوازی چاولێکەریی تەڵقین ئاسایی و لە ئاخنینی ئامۆژگاری وشک.

٢- زەردەخەنە و پێکەنین کارتێکردنێکی ئەرێنییان لە ئاراستەکردنی منداڵان و لە بنیاتنانی کەسایەتی و داهاتوویان دا هەیە.. بە گەشبینیشەوە لە داهاتوو دەڕوانن.

٣- بابەتە کۆمیدییەکان کە لە ناوەڕۆکدا مەبەستدارن، هانی منداڵان دەدەن کە باشتر و قووڵتر بیربکەنەوە.. ئەو مەبەستانەش هەڵبهێنجێنن کە لە نووسینەکاندان.

٤- نووسەرانی ئەدەبی منداڵان، لە میانەی بابەتە کۆمیدی و گاڵتەئامێزەکانیانەوە، دەتوانن مەبەست و پەیامە ئەرێنییەکانیان و گەلێ پەند وانە بە منداڵان بگەیەنن.

٥- بابەتە کۆمیدییەکان، سەرەڕای ئەوەی کە خۆشی و شادی دەخەنە دڵی منداڵانەوە. دڵنیایی و هیوا و گەشبینی و متمانە بەخۆبوونیشیان پێدەبەخشن.

٦- بابەتە کۆمیدییەکان هۆکارێکن بۆ هێورکردنەوەی نائارامی و گرژی و تووڕەیی و هەڵچوون و شڵەژان و دڵەڕاوکێ و بۆ لە بیربردنەوەی دڵتەنگی و خەفەت و خەمۆکی.

٧- زەردەخەنە و پێکەنین و رووخۆشی و گەشی و کرانەوە، هۆکارن بۆ پێکەوە هەڵکردن و بۆ دروستکردنی هاوڕێتی و پەیوەندییەکی ئەرێنی لە نێوان منداڵاندا.

٨ - بابەتە کۆمیدییەکان، حەز و چێژی خوێندنەوە لە دەروونی منداڵاندا دەڕوێنن.

٩- پرەنسیپە ئەرێنییەکانی رەوشت بەرزی و رەفتار دروستی لە منداڵاندا دەڕوێنن.

١٠- بابەتە کۆمیدییەکان، چۆست و چالاکییەکانی منداڵان شحن و تازە دەکەنەوە.

١١- بابەتە کۆمیدییەکان، باری مەینەتییەکان سووک دەکەن، سوودێکی زۆری تەندروستییان هەیە، چارەسەری گەلێ لە گرفت و لە نەخۆشییە دەروونی و جەستەییەکان دەکەن، سوودێکی زۆر بە ماسوولکەکان و بە دەمارەکانی لەش و بە خوێنبەرەکان دەبەخشن.

١٢ـ بابەتە کۆمیدییەکان، سۆز و خۆشەویستی و دڵنەرمی و ئاسوودەیی و دڵسۆزی و دلۆڤانی و راستگۆیی و هاوسۆزی و هاوخۆشی بە منداڵان دەبەخشن.

لە ئەدەب و فۆلکلۆری کوردیماندا، گەلێ چیرۆک و چیرۆکەهۆنراوە و هۆنراوە و شانۆی کۆمیدی و گاڵتەئامێزمان هەن، کە بۆ منداڵان و مێردمنداڵان شیاون.. بۆ نموونە، چیرۆکی (مریشکە قوندە.. دەچێت بۆ شاری شووکردن) ئەمەش بەشێکە لە دەقی چیرۆکی کۆمیدی (مریشکە قوندە) کە چیرۆکێکی فۆلکلۆریی رەسەنی کوردییە:
مریشکە قوندە بۆ شاری شووکردن بەرێکەوت.. تووشی شوانێک بوو.
شوانەکە بە مریشکە قوندەی گوتی : مریشکە قوندە بۆ کێوە دەچی؟
مریشکە قوندە گوتی : سندانی مریشکە قوندەی! بۆچی دەڵێی مریشکە قوندە؟!
شوانەکە گوتی : ئەدی بڵێم چی؟
مریشکە قوندە گوتی : بڵێ :
نازێ .. نازێ
چارۆک .. پیازێ
رەقمە .. رەقازێ
دەچیە.. کێندەرێ؟
شوانەکە گوتی :
نازێ .. نازێ
چارۆک .. پیازێ
دەچیە .. کێندەرێ؟
مریشکە قوندە گوتی : دەچمە شاری شووکردنێ.
شوانەکە گوتی : وەرە شووم پێ بکە.
مریشکە قوندە: گوتی : باشە، بەڵام چۆنم بەخێو دەکەی؟
شوانەکە گوتی : بە نانی شوانی.
مریشکە قوندە گوتی : کەوابێ شووت پێناکەم!
(تا کۆتایی چیرۆکەکە ..................)
چیرۆک و سەرگوزشتەکانی (مەلا مەزبوورە) و (ئەحەی کورنو) و (خاڵە رەجەب) و (لالە سەرحەد) و (ئەحۆل) و چیرۆک و نوکتەکانی ناو (رشتەی مراوری ـ عەلائەدین سوجادی) کە بەشێوازی گاڵتەئامێز داڕێژراون بەشێکن لە بابەتی کۆمیدی و جەفەنگی.

ئەمەش نموونەیەکی ترە لە چیرۆکی کۆمیدی فۆلکلۆری کوردیمان لە ژێر ناوی هەبوو نەبوو.. کە بۆ منداڵان لەبارە و دەیانهێتە پێکەنین و خۆشی و شادی دەخاتە دڵیانەوە:

هەبوو .. نەبوو

کەس لە مرۆڤ سەرسەختتر نەبوو.

هەڵیانگرت، جێگای نەبوو.

دایاننا، رێگای نەبوو.

خستیانە بنمیچ، دانی چوو بە ریچ.

خستیانە ناو تاق، چاوی چوو بە زاق.

خستیانە سەر کەڵەک، کەڵەک رووخا.

گوتیان : کەڵەک بۆ رووخای؟

گوتی : ئەی بۆچی گیا لە بنمدا دەڕوێ؟

گوتیان : گیا بۆچی لە بنیدا دەڕوێی؟

گوتی : ئەی بۆچی بزن سەرقرتم دەکات؟

گوتیان : بزن بۆچی سەرقرتی دەکەی؟

گوتی : ئەی بۆچی گورگ چاوم لێ زەق دەکاتەوە؟

گوتیان : گورگ بۆچی چاوی لێ زەق دەکەیتەوە؟

گوتی : ئەی بۆچی شوان حەلەلەم لێ دەکات؟

گوتیان : شوان بۆچی حەلەلەی لێ دەکەیت؟

گوتی : ئەی بۆچی داپیرە ناهێڵێ بدۆشم؟

گوتیان : داپیرە بۆچی ناهێڵی بدۆشێ؟

گوتی : ئەی بۆچی مشک سەردۆڵەم دەخوات؟

گوتیان : مشک بۆچی سەردۆڵەی دەخۆیت؟

گوتی : ئەی بۆ پشیلە چاوم لێ زەق دەکاتەوە؟

گوتیان : پشیلە بۆچی چاوی لێ زەق دەکەیتەوە؟

پشیلە گوتی : کەتنەکەی ئەلە بە ریشم،

ئەگەر لێرە بنیشم.

دەچم بۆ شاری تاران،

جگەرە قوت قوت دەکیشم.

**(*) تا رادەیەک سوودم لە چەند سایتێک و لەم سەرچاوانە وەرگرتوون:**

١. الفكاهة في ادب الاطفال اليوم .. دكتوره وفاء السبيل.
٢. الفكاهة ضرورية لتشجيع الاطفال على القراءة .. موقع ميدل ايست اونلاين.
٣. ادب الاطفال .. دكتور سمير عبدالوهاب احمد .. عمان ـ الاردن : ٢٠٠٦
٤. ئەدەبی منداڵانی کورد.. بەرگی دووەم .. حەمە کەریم هەورامی .. هەولێر: ٢٠٠٧
٥. دیلان.. کتێبی خوێندنەوەی کوردی ـ ئاستی دووەم .. دانانی : فەهمی کاکەیی و مەهاباد قەرەداغی و ئەمجەد شاکەلی .. سوید : ٢٠٠٣

رەزا شوان
نەرویج : ٢٠١٩

# چۆن منداڵان لە مەرگی باوان ئاگادار دەکرێنەوە؟



مەهاباد قەرەداغی

**دەروونناسی ژیانی ڕۆژانە**

مردن؛ ئەو لوغزەیە گەورەکانیش زۆرجار لەبەردەمیدا دادەمێنن و ناتوانن پێناسەی بکەن. مردنی ئازیزان بە تایبەت؛ ئیدی بەهەر جۆرێکی بێت، بەرگەگرتنی سەختە، چونکە بە کۆچی دوایی دانراوە و نەبینینەوەی کەسێکی زۆر ئازیز، یان کەسێکی کە هۆگری بووین، یەکێکە لەسەختترین ئەو ڕووداوانەی لە ژیاندا ڕووبەڕوومان دەبنەوە. ئەگەر بۆ گەورەکان هێندە سەخت بێت، ئەی بۆ منداڵان چۆنە، لە کاتێکدا ئەوان لە قۆناغێکی تەمەندان هێشتا دەرکیان هێندە بزێو نییە هەوڵی تێگەیشتن لە دیاردەکان بدات و جیهانی ئەو جیهانێکی بچوکی پڕ لە یارییە و کات لای ئەو ئەمڕۆیە و نە دوێنێ گرنگە بۆی نە سبەینێ مانای هەیە!

بۆ منداڵ و لە خەیاڵی منداڵدا؛ دایک و باوک جوانترین، باشترین، میهرەبانترین کەسی دنیایە. لە بیرکردنەوەی منداڵدا حکومەت و دامودەزگاکانی نە گرنگن و نەش هەر بوونیان هەیە، لای منداڵ باوان پارێزەر و دکتۆر و پاسەوان و نانپەیداکەر و سەرپەرشتیار و هەموو کەسێک و هەموو شتێکن. کە یەکێک لە باوانی بەهۆی مردنەوە لەدەست دەدات، ئەگەر ڕاستەوخۆ و بە بێ ڕەچاوکردنی ئاستی بیرکردنەوەی شۆکئامێزانە لەو مردنە ئاگاداری بکەیتەوە، لای ئەو منداڵە واتای لەدەستدانی هەموو شتێک دەدات. لای ئەو پارێزەر و دکتۆر و پاسەوان و بەخێوکەر و سەرپەرشتیارەکەی لە دەست داوە، بۆیە ترسێکی قووڵی لا دروست دەبێت و خۆی وەک پووشێک دەبینێت بەدەم ڕەشەباوە دێت و دەچێت.

هەندێ لە باوان زیاتر لە هەندێکی تر منداڵان هۆگری خۆیان دەکەن. هۆگریی جۆرێک لە ئیدمان دروست دەکات، بۆ گەورەش وایە، بەڵام گەر ئەو هۆگرییە لە منداڵییەوە دروست بکرێت کاریگەری توندتری دەبێت لە کاتی لەدەستدانی ئەو کەسەی هۆگری بووە. پێدانی خۆشەویستی بە منداڵ لە ساوایەتی و قۆناغەکانی تریشدا لە شیر و لە نان و لە ئاو پێویستترە، بەڵام هۆگرکردنی لە ڕادەبەدەری منداڵ بە باوانەوە هەڵەیەکی

پەروەردەییە و دەبێتەهۆی وەستانی گەشەی منداڵ.
مردنی دایک یان باوک بۆ منداڵ؛ کارەساتێکی گەورەیە، بەڵام دەکرێت قەوارەی ئەو کارەساتەی بۆ بچووک بکرێتەوە و زەبری ئەو شۆکەی کەمتر بکرێتەوە کە بەر دەروونی دەکەوێت لە ئەنجامی زانینی لەدەستدانیان. دەروونناسی ژیانی ڕۆژانە، بۆ هەموو کەسێک پێویستە و لەو دۆخانەدا زۆر یارمەتیدەرە و بە کردار دەبێتە قەڵغانی مرۆڤ و دەیپارێزێ لە زەبری کوشندە.

**چۆن منداڵ لە مردنی باوان ئاگادار بکرێنەوە؟**

دەروونناسەکان ئەوەیان پێ هەڵەیە کە مردنی باوان لە منداڵان بشاردرێتەوە. منداڵ پێویستە هەر لە قۆناغی سەرەتای مردنەکەوە بزانێت و پێی بگوترێت، بەڵام چۆن پێگوتنێک؟ ئەگەر گەورەکان نەزانن بیرکردنەوەی منداڵ چۆنە و دەروونی منداڵ چۆن گەشە دەکات، دەشێ بە جۆرێک پێی بڵێن کە زەبری کوشندەی دەروونی بەر بکەوێت.
گەورەکان خۆیان چۆن لە مردن دەڕوانن و چۆن بیر دەکەنەوە و ڕەفتار دەکەن کاتێک ئازیزێک لەدەست دەدەن، ئەم ئەزموونە دەگوێزنەوە بۆ منداڵەکانیش. ئەگەر مرۆڤ لە رووی ڕۆحییەوە خۆی پەروەردە نەکردبێت؛ شەو و ڕۆژیش لە سەر بەرماڵ بێت و نوێژ بۆ خودا بکات، لەکاتی لەدەستدانی ئازیزێکیدا دەکەوێتە جەنگ لەگەڵ خودا و هەزار و یەک قسەی ناشیاو لە دەمی دێتە دەرەوە و منداڵەکانیش دەیبیستن. بۆ نموونە: «خوایە کەست نەدۆزییەوە بیکوژی فلانکەس نەبێت؟» «خوایە بۆ بۆ لەم دنیایەدا تەنیا منت دۆزییەوە لێی بقەومێنی ...؟ و هەزاران قسەی ناشیاوی تری لەم جۆرە.
مرۆڤ ئەگەر لە رووی ڕۆحییەوە خۆی پەروەردە کردبێت، دەزانێت مردن کۆتایی ڕۆح نییە، کۆتایی جەستەیە و ئەو ئازیزەی کە دەمرێت تەنها لە رووی جەستەوە ئێمەی جێ هێشتووە و بە ڕۆح هەردەم لەگەڵمانە. گەر ئەم تێگەیشتنە ڕۆحگەرییە لە لای خۆی دروست بووبێت، دەتوانێ هەر ئەم ئەزموونەش بۆ منداڵ بگوێزێتەوە. هیچ پێویست نییە منداڵ لە نێو پرسەی پڕ لە گریان و شیوەن دابنێین و بیانبەینە گۆڕستان، بەڵکو دەبێت لە خەیاڵی ئەواندا شوێنێکی بڵند بۆ باوکیان یان دایکیان دروست بکەین کە ژیانئاواییان کردووە.

**نمونه و دۆخێک:**

بۆ ئەوەی نموونەیەک لەم بارەیەوە باس کەم، ئەزموونی تایبەتی خۆم دەگێڕمەوە :

« کچە تاقانەکەم هەشت ساڵ بوو، لەو هەشت ساڵەدا خاوەنی باوکێکی نموونەیی بوو. خۆشەویستییەکی کەم وێنەی نێوان ئەم باوک و منداڵە بۆ ئەوە دەشیا ببێتە جوانترین چیرۆک و نایابترین دەقی ئەدەبی. لەناکاو؛ لە تەقینەوەیەکی تیرۆریستیدا ئەو باوکە نایابە، کە هاوسەرێکی نایاب و نموونەییش بوو، شەهید بوو. هەواڵێکی جەرگبڕ لە ناکاو بگات، مرۆڤ چی لەبیر دەمێنێت و چۆن رەفتار دەکات؟ ڕاستە مرۆڤ هاوسەرێکی باش لەدەست بدات وەک ئەوە وایە کۆتایی دنیای بەچاوی خۆی دیبێت، بەڵام ئەو ژنەی کە دایکە و مرۆڤێکی ئازیز و گرنگی لەدەستداوە، دەبێت لەو ساتەدا لەبیری بێت کە کەسی ئازیز و گرنگی تر لە ژیانیدا هەن و ماون و دەبێت بیانپارێزێت، ئەویش منداڵەکانە.

دەبوایە هەر یەکەم شەو بە شاکار بڵێم کە باوکی شەهید بووە و ژیانئاوایی کردووە. وەک شەوانی تر کە رامهێنابوو چیرۆکی بۆ بگێرمەوە تا دەخەوێت، بە دەم دەستبەسەرداهێنانێکی نەرمەوە کەوتمە گفتوگۆوە لەگەڵی و سەرەتا پێم گوت:

- شاکار گیان ئەمشەو چیرۆکی مردنت بۆ دەگێرمەوە. مردن شتێکی زۆر ئاساییە و هەموو کەسێک و هەموو گیاندارێک رۆژێ بێتە ژیانەوە، رۆژێک لە رۆژانیش دەمرێت. هەر کەسێ بمرێت، رۆحی دەبێتە ئەستێرە و دەچێتە ئاسمان.

- ئەزانم. لە باخچەش دادەکەمان ئەوەی باس کردبوو بۆمان.

- ئافەرین. زۆرم پێ خۆشە ئەوە دەزانی و لەبیرت ماوە دادەکەت بۆی باس کردوویت. کەواتە ئەمەوێ ئێستا پێت بڵێم ئەمڕۆ شتێک ڕوویداوە لە کەرکووک!

شاکار کەمێک شڵەژا و بە سەرسامییەوە تەماشایەکی کردم، چونکە دەیزانی باوکی لە کەرکووکە و ئێمەش باسی مردن دەکەین. نەرمتر دەستم بە پرچیدا هێنا و نەمهێشت فرمێسک و خەمە قووڵەکەی خۆم ببینێت. چاوەڕێ بوو باسی ڕووداوەکەی بۆ بکەم.

- تەقینەوەیەک لە کەرکووک ڕوویداوە و خەڵکێکی زۆر بوون بە ئەستێرە. بابەگیانیش لەگەڵیاندا بووە.

- باوکم مردووە؟ «فرمێسک لە چاوییەوە ڕژا و دەنگی کەوتە لەرزین». ئەی دوێنێ قسەمان لەگەڵ نەکرد بە تەلەفۆن؟

- وتمان ئەوەی بمرێ رۆحی دەچێتە ئاسمان و دەبێت بە ئەستێرە و تۆش وتت ئەوە دەزانم. بابە ئێستا ئەستێرەیە.

- ئاخر من دەمەوێ بابە ببینم، ئیتر بابە نابینم؟»بە دەم هەنیسکەوە ئەوەی گووت و منیش وەخت بوو دڵم لە قەفەزی سنگم بێتە دەرەوە، بەڵام دەبوایە دان بە خۆمدا بگرم

و شاکار لە زەبری ئەو کارەساتە بپارێزم.»
- بەڵێ دەیبینی و منیس دەیبینم. ئەی کە شەوان سەیری ئاسمان بکەین ئەستێرە نابینین؟
- بەڵێ دەیبینین.
- کەواتە بابە دەبینین، بەڵام نەک وەک ئەوەی تا ئێستا دەمانبینی، وەک ئەستێرە دەیبینین.
- ئەی بە ڕۆژ نایبینین.
- نا خۆت ئەزانی ئەستێرە بە شەو دەردەکەوێت. ئێمە ئەگەر بمانەوێت بیبینین بە شەو سەیری ئاسمان ئەکەین.
- ئەستێرەکان هەموویان لەیەکتری ئەچن، کامیان باوکی منە؟
- سەیر کە حەیاتم، هەر منالێک باوکی بوو بێت بە ئەستێرە دەتوانێ لەناو هەموو ئەستێرەکاندا بیدۆزێتەوە. کام ئەستێرە پڕشنگدارترین بێت لەبەر چاوی ئەوە باوکی ئەوە. هەر مندالێک ئەستیرەی باوکی خۆی ئاوا دەدۆزێتەوە.
من و شاکار لە سوید بووین و باوکی لە کەرکووک شەهید بوو بوو. سبەینێ گەڕاینەوە هەولێر و خۆم ڕاستەوخۆ چووم بۆ کەرکوک و شاکارم نەبرد و پرسە و ماتەمینی نەبینی. لە هەولێریش پرسەم دانا و نەمهێشت هیچ خەم و ماتەمینییەک ببینێت. نەمبرد بۆ سەر قەبران. ئەو تێگەیشت و زانی باوکی لە ژیاندا نەماوە، بەڵام ئەو ئەستێرەگەشەی لە خەیالی ئەودا دروستم کرد، بە درەوشاوەیی مایەوە. ئەو مندالەی کە خۆشەویستییەکی بێپایانی هەبوو بۆ باوکی، ئەو مردنەی قبووڵ کرد. نەمهێشت کەسوکار بەهۆی مردنی باوکییەوە وەک یەتیم و گوناە تێی بڕوانن و ڕەفتاری تایبەتی لەگەڵدا بکەن کە هەست بکات ئەو بێ باوکە و گوناهە و جێگەی بەزەییە. خۆیشم نە وەک تاقانە ڕەفتاری جیاوازم لەگەڵ دەکرد و نەش وەک باوکمردوو، تەواو ئاسایی و وەک پێشتر. لە چەندین ساڵی دواتریشدا لە ڕۆژی لەدایکبوونیدا دوو دیاریم پێشکەش دەکرد، یەکێکیان هی خۆم و ئەویتریان هی باوکی. ئەو ئێستا بیست ساڵە و دوانزە ساڵ تێپەڕیوە بەسەر مەرگی باوکی و بۆ یەکەمین جار مانگی پێشوو چووین و لەگەڵ خۆمدا بردم بۆ گۆڕستان، بەڵام زۆر پەشیمانم و نەدەبوو بیبەم، چونکە زۆر ناڕەحەت بوو بەوە. بە گفتوگۆیەک ئەو هەڵەیەی خۆم چاک کردەوە و پێم گوت:
- پێویست ناکات ناڕەحیت بیت، خۆت دەزانیت و منیش دەزانم، ئەوەی دەمرێت تەنیا بە جەستە بەجێمان دەهێڵێت و ڕۆحی لەگەڵماندایە.
- دەزانم.

گێڕانەوەی ئەزموونەکانمان بۆ ئەوەیە بتوانین سوود لەیەکتری وەرگرین. ئەو زانیارییەی هەمانە لە هەر بوارێکدا بێت پێویستە لەگەڵ یەکتردا بەشی بکەین. ئەوە گرنگ نییەکەسێک لە ساتی ئاساییدا مرۆڤێکی بەهێز بێت و وا بنوێنێت، گرنگ ئەوەیە لە کاتی کارەساتە گەورەکاندا بەهێز و خۆڕاگر بیت و بەهۆی ئەو کەسەی کە لە دەستت داوە، ئەوانەی کە لە دەستت ماوە فەرامۆش نەکەیت. زانیاری سەبارەت بە دەروونناسی ژیانی رۆژانە بە هەمووومان پێویستە. تێگەیشتن لە ژیان و مردن، لە ڕووانینێکی رۆحگەرییەوە یارمەتیمان دەدات ئاسایی بین.

# گفتوگۆیەك دەربارەی زمانی كوردی، پەروەردە و فێركردن لەگەڵ پەروەردەكار، نووسەر و مامۆستا فەهمی كاكەیی



سازدانی:
مەهاباد قەرەداغی/ گۆڤاری شیكار

فەهمی کاکەیی ناوێکی درەوشاوەی بواری پەروەردەیە و خزمەتێکی بەرچاوی چەند نەوەیەکی کوردی کردووە چ لە کوردستان و چ لە هەندەران. جگە لەوەی ئەزموونی لە پەروەردەکاریدا چل ساڵی تێپەڕاندووە، نووسەرێکی کەموێنەی کتێبی فێرکردنی زمانی کوردییە و دانەری چەندین کتێبی ناوازەیە بۆ قۆناغە جیاوازەکانی فیربوون، کە مامۆستایانی زمانی کوردی لە سوید و ولاتانی تری ئەسکەندەناڤیا سوودی لێ دەبینن بۆ فێرکردنی منداڵانی کوردی هەندەران. ئەو یەکێکە لە پسپۆرانی زمانی کوردی و یەکێکە لەو کۆڵەکە سەرەکییانەی کە دەبێت بۆ بنیاتنانی زمانی ستانداردی کوردی پشتی پێ ببەسترێت. بۆ ئەوەی سوود لە ئەزموونی کاروانە دوورودرێژەکەی لە پەروەردەدا وەربگرین، گۆڤاری شیکار وردکۆڵانە دەیدوێنێت و زانیارییەکانی ئەو لە بواری پەروەردەدا لەگەڵ خوێنەرانی بەش دەکات.

**شیکار:** دەستپێکی مامۆستا فەهمی کاکەیی لە کاری پەروەردە و فێرکردندا بۆ چ ساڵێک دەگەڕێتەوە و ئەودەم بارودۆخی پەروەردە و خوێندن چۆن بوو؟

**مامۆستا فەهمی کاکەیی:** سەرەتا پێویستە سوپاسی گۆڤاری شیکار بکەم بۆ ڕەخساندنی ئەم هەلە، هیوادارم وەڵامەکانم لە ئاستی پێویست و چاوەڕوانکراودا بن.

هەڵبەتە زۆر خۆشحاڵم بەوەی بەم پرسیارە دەستان پێی کرد. دوو مێژوو لە ژیانی هەر تاکێکدا کە چووبێتە قوتابخانە زۆر گرنگن. یەکێکیان یەکەم ڕۆژی قوتابخانەیە کە بڕوا ناکەم لە بیر بکرێت و هەر یەک لە ئێمە یادگاریی ئەو ڕۆژەی لە هزری خۆیدا هەڵگرتووە، جا چ تاڵ بێت یان شیرین. دووەمەشیان بە لای منەوە یەکەم ڕۆژی دامەزراندن و دەستبەکارکردنە. ڕەنگە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە کەمێک درێژ بێت، بەڵام گرنگیشە وەک خۆی بیگێڕمەوە، چونکە لە دووتوێی وەڵامەکەدا زانیارییەکی زۆر هەیە، هەرچەندە زیاتر لە گێڕانەوەی یادگاری دەچێت.

ڕۆژی١٩٧١/٣/٢٩ بۆ یەکەم جار بە مامۆستا دامەزرام و نێردرامە (بیرەبات). بیرەبات گوندێکە سەر بە ناحیەی دیبەگە. لە هەولێرەوە بە سواریی پیکاپێک بەرەو دیبەگە کەوتینە ڕێ، چونکە مامۆستا بووم لە پێشەوە جێیان دامێ. هیچ شتێکم دەربارەی گوندی بیرەبات نەدەزانی، بۆیە بە دەم ڕێوە لە شوفێرەکەم پرسی:
ئەرێ کاکە قوتابخانەکەی بیرەبات چۆنە؟
**گوتی:** مامۆستا فشەیە!
(ئەودەم من مامۆستایەکی گەرمیانیی «هەولێرنەدیو»ی تەمەن بیست ساڵی بووم، نەمدەزانی فشە مانای چییە)
**گوتم:** فشە یەعنی چی؟
**گوتی:** فشە فشەیە، چما نازانی فشە چییە؟
**گوتم:** نەوەڵڵا نازانم.
**گوتی:** یەحنی چ نییە.
**گوتم:** ئەو جارەش تێنەگەیشتم.
**گوتی:** مامۆستا، قوتابخانەکە ئەوساڵ کرایەوە، مامۆستاکەیان بردووە بۆ سەربازی، ئێستا مامۆستایان نییە، بەڵام دوو فەڕاشیان هەیە، یەکێکی ڕەسمی و یەکێکی ناڕەسمی. ڕەسمییەکە تەعیین کراوە (چونکە پارتییە)، ناڕەسمییەکە تەعیین نەکراوە بەڵام قەول بوو تەعیین بکرێت،چونکە خانووی تەبەروع کردبوو کە بکرێتە قوتابخانە.
هەرچەندی بۆ باس دەکردم هێندە مەسەلەکە بە لامەوە ئاڵۆزتر دەبوو. کە گەیشتینە گوند گوتم: دە تۆ بمبە بۆ لای ئەوەیان کە تەعیین کراوە.
لە بەردەم ماڵی (تاهای حاجی مەحموود) کە بە ڕەسمی دامەزرابوو دایگرتم و ئۆتومبیلەکە بەرەو گوندی (جاستان) کەوتە ڕێ. دوای بەخێرهێنان و چۆنی و چاکی، پرسیم: کاک تاها قوتابخانەکە لە کوێیە؟
**گوتی:** لە ماڵی کاک (ڕەشید)ە، قەول بوو ئەو ببێتە فەڕاش بەڵام وای لێ هات منیان تەعیین کرد، ئێستا ئەویش ڕحلەکانی زەوت کردووە.
**گوتم:** با بچین بۆ لای.
چووین بۆ لای کاک ڕەشید و بۆم باس کرد کە من بە مامۆستا دامەزراوم و پێویستم بە ڕحلەکانە.
**گوتی:** ئەمن فێڵم لێ کراوە و ڕحلەکان نادەمەوە، یان دەبێت تەعیینم بکەن.
دایکت چاک، باوکت چاک، سوودی نەبوو. بۆ بەیانی من و کاک تاها چووین بۆ لای کاک ڕەمزی کە بەڕێوەبەری ناحیەی دیبەگە بوو(ئەویشیان هەر پارتی بوو)، وا دیار بوو بە

کێشەکەی دەزانی. سواری جێبێکی کردین و لەگەڵمان هات بۆ بیرەبات. پێکەوە چووین بۆ لای کاک ڕەشید. کاک ڕەمزی بە کاک ڕەشیدی گوت:

ئەتو ڕحلەکانیان بدەرێ ئەمن لای خۆم دەتکەم بە پۆلیس. بەم شێوەیە کاک ڕەشید ڕازی بوو لە لای کاک ڕەمزی ببێت بە پۆلیس.

ویستمان ڕحلەکان بگوێزینەوە، بەڵام لە دەرگاوە بۆمان دەرنەدەهاتن.

**گوتمان:** کاک ڕەشید ئەو ڕحلانەت چۆن بردووەتە ژوورە بۆمان باس بکە تاکوو دەریان بهێنین.

**کاک ڕەشید نەیدەویست بۆمان باس بکات.**

**دەیگوت:** کەیفی خۆتانە دەبیت دەریان بکەن و دیوار و شتی واش خراپ نەبێت.

دوای هەوڵ و کۆششێکی زۆر بۆمانی باس کرد کە بەرلەوەی دەرگا دابنێت ڕحلەکانی بردۆتە ژوورەوە، هەنگین جێدەرگاکە پان بووە، بەڵام پاشان کە دەرگای داناوە ئیتر تەسک بووە و ڕحلەکان دەرناچن، جارێکی تریش لێی پاڕاینەوە کە ڕوخسەت بدات دەرگاکە هەڵوەشێنینەوە و ڕحلەکان دەرکەین و پاشان بۆی چاک بکەینەوە، ئیدی بەم شیوەیە ڕازی بوو. دوای ئەوە کردبوومانە بە گاڵتە و دەمانگوت: کاک ڕەشید ڕحلەکانی داناوە و پاشان دیواری بە دەوریاندا دروست کردووە، ئەوە بۆیە ڕحلەکان دەرنەدەهاتن.

کاک تاها دێوەخانێکی هەبوو، دێوەخانەکەمان کرد بە پۆلی خوێندن. لە حەوشەی خۆشیاندا ژوورێکی دامێ، لەوێ دەمامەوە. ئەو بەهارە قوتابخانەی بیرەبات دەستی پێ کردەوە. تەنیا پۆلی یەکەممان هەبوو، منداڵەکان زۆر کەیفخۆشبوون، منیش هەم مامۆستا بووم و هەمیش بەڕێوەبەر. کاک تاها لە من کەشخەتر بوو، ڕانک و چۆخەیەکی مەرەزی قاوەیی لەبەردا بوو، خەنجەرێکی لە پشتوێن و تەزبیحێکی لێ ئاڵاندبوو، چل دەقیقە جارێک دەهات تورتووڕەیەکی لی دەدا و پاشان بزر دەبوو.

هەفتەیەک بوو لەوێ بووم. پاشنیوەڕوانێک کە من لە ژوورەکەی خوم ڕاکشابووم، گوێم لە یەکێک لە خوشکەکانی کاک تاها بوو هاواری دەکردە کاکی، دەیگوت: کاکە مار، کاکە مار، کاکە مار...

بانگی کاک تاهای دەکرد، بەڵام لەوە دەچوو کاک تاها لەوێ نەبێت. منیش دەرکەوتمە حەوشە، بینیم ڕەشمارێکی گەورە لە حەوشەدایە و بەرەو ژووری نیشتمان دەخشێت. خوشکەکەی کاک تاها کە منی بینی، گوتی: مامۆستا مەهێڵە بچێتە ژوورەوە، دەنا ئیتر بۆمان دەرنایەت.

نەمدەزانی چی بکەم، حەپەسابووم، خۆ بە دەست نایگرم. خێرا تەماشای دەوروبەری

خۆم کرد. بینیم چەند دارێکی ڕەشهەڵگەڕاو لە دیوێکی حەوشەکە کەڵەکە کراون. ڕامکرد و دارێکم هێنا. خوشکی کاک تاهایش پەیتا پەیتا دەیگوت: مامۆستا خێرا بکە، مامۆستا بیکوژە.
ڕامکرد بە دوای مارەکەدا، زۆری نەمابوو بچێتە ژوورەوە. دارێکم کێشا پێیدا، بەڵام فریا نەکەوتم و لەژێر دارەکە دەرچوو، داریش بە دەستمەوە شکا و نیوەی مایەوە. خوشکی کاک تاهایش هەر هاوار دەکات. ئیتر غیرەت گرتمی و زۆر لە مارەکە چوومە پێشەوە. ئەمجارەیان کە دارەکەم پێدا کێشا، دای لە نێوقەدی مارەکە و لکا بە زەوییەوە. ئەوجا سەری بەرز کردەوە. خوشکی کاک تاهایش هەر هاوار دەکات: مامۆستا لە سەری بدە، مامۆستا لەسەری بدە.
باش بوو کێشام بە سەریدا و مارەکەم کوشت. ئەمە سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ من. لەناو گوند بڵاو بووەوە. مامۆستا مارێکی کوشتووە. دوای چەند ڕۆژێک، دەمەو ئێوارە لەگەڵ کاک تاهادا پیاسەمان دەکرد. ڕێک توولەمارێک لەسەر ڕێگاکامان بوو. ئەمجارەیان کاک تاها گوتی: مامۆستا مار
منیش بەردێکی گەورەم هەڵگرت و گرتمە مارەکە. خواوڕاستان بەری کەوت و ئەو مارەشم کوشت. زۆر سەیر بوو بە لامەوە لە ماوەی هەفتەیەکدا دوو مارم کوشتبوو. پاشان لە دڵی خۆمدا گوتم: وەرە واز بهێنە لەم مارکوشتنە، دەنا ناوت لێ دەنێن: مامۆستا مارکوژەکە.
پاش نیوەڕوان هیچم نەبوو بیکەم، زۆر بێتاقەت دەبووم. ڕۆژێکیان گوێم لە دەنگی تەنەکەلیدان بوو، چوومە دەرەوە و کاک تاهام بینی.
**گوتم:** کاک تاها خێرە، ئەو هەموو خەڵکە بۆ لە تەنەکە دەدن؟
**گوتی:** کێشکە (چۆلەکە)ی زەرد هاتوون و کەوتوونەتە ناو دەغڵ، ئەگەر تەنەکەیان بۆ لێ نەدرێت و ڕاو نەنرێن دەغڵ و دان بە پێوە ناهێڵن، هەمووی دەخۆن.
پاشانیش دەعوەتی کردم کە پاش نیوەڕۆ من و ئەو بڕۆین و تەنەکە لێ بدەین. ئیدی بۆ نزیکەی هەفتەیەک بەر لە نیوەڕوان دەرسم دەگوتەوە، پاش نیوەڕوان تەنەکەم لێ دەدا و ئێوارانیش کە مێگەل دەهاتەوە بەرخەکانمان بەر دەدا و یارمەتیمان دەدان دایکی خۆیان بدۆزنەوە و شیر بمژن. بەهارێکی گەلەک خۆش بوو.
جا لێرەدا پرسیارێ دێتە گۆڕێ، بۆچی منێکی کەرکووکی لە هەولێر دامەزرام؟ هەرچەندە ئەو کاتە ساڵێک دەرباز بووبوو بەسەر ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاردا بەڵام ڕوون و ئاشکرا بوو کە حکوومەتی بەغدا باوەڕی بەو ڕێککەوتننامەیە نییە و بە تەما نییە جێبەجێی بکات، بۆیە ئێمە مامۆستایانی کوردی تازەدەرچووی خانەی مامۆستایان هەلی کارمان

لە کەرکووکدا بۆ نەدەڕەخسا، ناچار بووین یان لە پارێزگای هەولێر یان لە پارێزگای سلێمانی بە دوای کاردا بگەڕێین. ئینجا کێشەیەکی تریشمان هەبوو، یان هەر هیچ نەبێت من ئەو کێشەم هەبوو. ئەویش من خۆم هەموو خوێندنەکەم بە زمانی عەرەبی بوو، بەڵام کاتێ لە بیرەبات دامەزرام ئیتر دەبوایە بە زمانی کوردی دەرس بڵێمەوە، ئەو زمانەی من هەرگیز لە قوتابخانەدا نەمخوێندبوو. بەختم لەوەدا بوو ئەو قوتابخانەیە تەنیا پۆلی یەکی تێدا بوو، ئیدی ئەمە هەلێکی باش بوو بۆ من هەم خۆم فێری خوێندنەوە و نووسینی زمانی کوردی بکەم و هەمیش قوتابییەکان. کارکردنم وەک مامۆستای زمانی کوردی دلخۆشییەکی یەکجار زۆری پێ بەخشیم، دڵخۆشییەک کە تا ئەمڕۆ بەردەوامیی هەیە. هەر لەو سۆنگەیەوەیە لەوساوە تا ئێستا گرنگی بە فێربوون و فێرکردنی زمانی کوردی دەدەم.

**شیکار:** بە پێی هەندێ لە زانایانی زمان، زمان وەک ناسنامە دەبینن، زمانی کوردی ڕۆڵی چییە لە بنیاتنانی ناسنامەی کورددا؟ پێتان وایە ئێستا کورد خاوەنی ناسنامەیەکی تایبەتە بە خۆی؟

**مامۆستا فەهمی کاکەیی:** لە ڕاستیدا زمان چەندین ئەرکی هەیە، لەوانە: فەرهەنگی (کولتووری)، زانستی، کۆمەڵایەتی، هەستیاری و هتد... (زمانی من ناسنامەی منە)، ئەمە دروشمێکە بۆ گشت گەلان نەک تەنی بۆ کورد، لێ ئێمە دەتوانین بڵێین: (زمانی کوردی ناسنامەی ئێمەیە). بۆچی چاکترە وا بڵێین؟ لەبەر ئەوەی هەموو کوردێکی خوێندەوار جگە لە زمانی خۆی کە کوردییە، زمانێک یان چەند زمانێکی سەردەست دەزانێت. لەو ڕووەوە کە زمان هەڵگر و گەیێنەری فەرهەنگە، فەرهەنگیش ناسنامەمان پێ دەبەخشێت، دەتوانین بڵێین زۆر گرنگە ئێمە جەخت لەسەر زمانی دایک بکەین. ئەگەر وا نەکەین دووری مەبینە زمانی سەردەست فەرهەنگی خۆی بەسەرماندا زاڵ بکات و بیکات بە فەرهەنگی سەرەکیمان، ئەمە لە کاتێکدا بوونی فەرهەنگی کوردی بە فەرهەنگی سەرەکیمان دەبێت خەمی هەمووومان بێت. هەوڵی هەمووومان دەبێت بۆ ئەوە بێت کە زمانی کوردی باڵادەست بێت و زمانەکای تر (کە زۆر چاکە بیانزانین) بەسەر زمانی کوردیدا زاڵ نەبن.
یەکەم زمان کە فێری دەبین پێویستە زمانی کوردی بێت. چونکە زمان بنکە و کۆڵەکەی دامەزراندنی کەسایەتیی مرۆڤە، لەم حاڵەتەدا زمانی کوردی و کەسایەتییەکی کورد. کە دەڵێین کەسایەتییەکی کورد هەڵبەتە مەبەستمان ئەوەیە کەسایەتییەک بە ناسنامەیەکی کوردییەوە. ئەمە هیچ پەیوەندیی بە بیری توندی نەتەوەپەرستییەوە نییە. لە هەموو

شوێنانی دونیادا هەر میللەتێک شانازی بە زمانی خۆیەوە دەکات. ئاخر گرنگیی زمان لەوەدایە دوژمنانمان بە هەر شێوەیەک بووە دەیانەوێت لاوازی بکەن، لەناوی ببەن و قەدەغەی بکەن. ئەوان دەزانن لەناوبردنی میللەتێک لە ڕێی سەرکوتکردنی زمانەکەیەوە دەبێت، لە دواییشدا نەهێشتنی فەرهەنگەکەی و ناچارکردنی ئەو میللەتە بە قسەکردن بە زمانی سەردەست و پۆشینی فەرهەنگی بەڵادەست.

دەربارەی ئەوەی ئایا کورد خاوەنی ناسنامەیەکی تایبەتە بە خۆی؟ بەڵی بێگومان تا ڕادەیەکی زۆر وایە. بۆ دەڵێم تا ڕادەیەکی زۆر؟ چونکە جوگرافیای کوردستان وا کەوتووە وەک هەمووما‌ن دەیزانین. ئەو کوردانەی پەرتەوازەی دەرەوەی کوردستان بوون زۆربەی جار دەکەونە ژێر کاریگەریی زمان و فەرهەنگی سەردەستی ئەو جێگایانەی تێیدا دەژین، کە زمان و فەرهەنگی عەرەبی و فارسی و تورکییە. کەواتە ناتوانین بڵێین ئەو کوردانە ناسنامەیەکی پاقژی کوردییان هەیە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە هەستی نەتەوەییان لاواز بێت یان بە جارێک نەبێت. تۆ دەبینیت گەنجی کورد هەیە نازانێت یەک ڕستە بە کوردی بڵێت، بەڵام ئامادەیە بۆ کوردستان خۆی بە کوشت بدات، لەبەر ئەوەی خاوەنی هەستێکی کوردانەیە، بەڵام هەیە لە ناوجەرگەی کوردستاندا دەژیت کەچی هیچ شانازییەکی بە ناسنامە و کوردبوونی خۆیەوە نییە. ئەمڕۆکە هەندێک لە حیزبە کوردییەکان لە ڕقی یەکتر و لە مونافەسەیەکی ناشەریفانەدا وایان کردووە بڕێکی زۆر لە گەنجانی کورد بێزیان لە کوردبوونی خۆیان ببێتەوە و لە هەوڵی ئەوەدان ناسنامەی خۆیان لەکەدار بکەن یان بشێوێنن. هیچ حەز و وابەستەگییەکیان بۆ کوردستان نییە. لە زووترین هەلدا کە بۆیان بڕەخسێت کوردستان جێ دەهێڵن و بە تەمای ئەوە نین جارێکی تر بەسەردانیش بۆ کوردستان بێنەوە. ئیدی چۆن دەتوانین بڵێین ئەم جۆرە گەنجانە ناسنامەیەکی کوردییان هەیە، لە ڕاستیدا ئەمانە دووچاری سەرلێشێوان کراون.

**شیکار:** ئەزموونی مامۆستایەتیتان لە کوردستان و لە هەندەرانیش هەیە، بەو پێیەی لە هەردوو لا مامۆستا و پەروەردەکار بووی، چ بەراوردێکت لا درووست بوو لە نێوان سیستەمی پەروەردە لە عێراق و سیستەمی پەروەردە لە سوید؟ تکایە بە ڕاشکاوی و بە وردی ئەو بەراوردکارییەمان بۆ بخەرە ڕوو.
**مامۆستا فەهمی کاکەیی:** هەڵبەتە ئەوەندەی من لە سوێد مامۆستایەتیم کردووە ئەوەندە لە کوردستان مامۆستاییم نەکردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا قورسایی ئەو دە ساڵەی لە کوردستان مامۆستا بووم زیاترە لە قورسایی زیاتر لە سیی ساڵی کاری مامۆستایەتیم

لە سوێد. ئەگەر من بمەوێت بەراوردی دوو سیستەم بکەم، دیارە ئەو بەراوردە بۆ ئەمڕۆ واقعییانە نابێت، چونکە تاقیکردنەوەی من وەک مامۆستایەکی کوردستان کۆنە و ڕەنگە ئەوەی من ئێستا باسی بکەم لەسەر سیستەمی کوردستان بە تەواوەتی گۆڕانی بەسەردا هاتبێت. لە لایەکی ترەوە ئێمە بە گشتی باسی دوو دونیای جیاواز دەکەین، یانی دوو سیستەمی تەواو جیاواز. سیستەمی قوتابخانە بەندە بە سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی هەر وڵاتێکەوە. ئەوەی هەمووماندەیزانین ئەوەیە کوردستان و سوێد دوو کۆمەڵگای تەواو جیاوازن و زۆر ئاساییە دوو سیستەمی جیاوزای قوتابخانەشیان هەبێت. بەرواردکردنی ئەم دوو سیستەمە ئەگەر بمانەوێت ورد و درشتی باس بکەین وزە و کاتێکی زۆری دەوێت، بۆیە لێرەدا تیشک دەخەمە سەر هەندێ لایەن کە زیاتر دیوی دەرەوە و ڕووکەشی سیستەمەکەیە.



• لە ڕووی خانووبەرەوە و بیناسازییەوە: هەرچی لە سوێدە هەر قوتابخانەیە خانووبەرەی خۆی هەیە، واتە لە هیچ شوێنێکی سوێددا دوو قوتابخانە لە هەمان خانووبەرەدا دەوام ناکەن. ئەمە وای کردووە مامۆستا و منداڵان بتوانن تەواوی ڕۆژەکە سوود لەو خانووبەرەیە وەربگرن و پەلەی ئەوەیان نەبێت زوو بڕۆن بۆ ئەوەی قوتابخانەکەی تر دەست پێ بکات. لە هەر قوتابخانەیەکدا ژوور یان هۆڵیتاییەت بە چالاکییە جۆراوجۆرەکان هەن، وەک: هۆڵەکانی وەرزش، مۆسیقا، دروومان، دارتاشی، تاقیگە، ماڵداری، خواردنگە، ژووری پەرستیار و ژووری کۆمەڵناس. ئەمە جگە لە گۆڕەپانی وەرزشە جوداکان و دەستڕەسی بە مەلەوانگە.
• لە ڕووی ئابوورییەوە: هەر قوتابخانەیەک ئابووریی خۆی هەیە کە تەواوی پێویستییەکانی دابین دەکات. لە کەرەسە و موبلیاتی پۆلەکان و هۆڵەکان و ژووری مامۆستایان و

پێویستییەکانی خوێندن لە پەڕاو و تێنووس و پێنووس و شتی دیکەیش، هەروەها لێنانی خواردنی قوتابیان و مووچەی گشت مامۆستا و کارمەند و بەڕێوەبەرەکان، ئاخر زۆربەی قوتابخانەکان دوو تا سێ بەڕێوەبەریان هەیە کە کارەکانیان لە نێوان خۆیاندا دابەش کردووە . زیادکردنی مووچەی مامۆستایانیش کە ساڵی جارێک دەکرێت بە دەستی بەڕێوەبەرە .

▪ لە ڕووی کتێبەکانی خوێندنگەوە: وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن (بەڕیوەبەرایەتیی گشتیی خوێندگاکان) هیچ کاری بەسەر دانانی کتێبی خوێندنگەوە نییە، بەڵکوو بەرنامەی خوێندن دادەنێت و لەوێ هەلومەرجی پێویستی هەر بابەتێک بۆ هەر ئاستێک نووسراوە . ئیدی ئەوە نووسەران و پەخشخانەکانن کە کتێبەکان ئامادە دەکەن. دەکرێت وا ڕوو بدات کە ماتماتیکی دواناوەندنی لە لایەن سێ چوا گرووپی نووسەرانی پێداگۆگەوە ئامادە و چاپ کرابێت، بەڵام لە دواییدا ئەوە مامۆستاکان بڕیار دەدەن کام کتێب بۆ قوتابیانی خۆیان دەکڕن. ڕەنگە وا ڕوو بدات دوو قوتابخانە لە هەمان شارەوانیدا هەمان کتێب هەڵنەبژێرن.

▪ لە ڕووی خزمەتگوزاری و پاکوخاوێنیی پۆل و ژووری مامۆستایان: هیچ کارمەندێک دانامەزرێنن بۆ ئەوەی قاوە یان چا بۆ مامۆستایان لێ بنێت. مامۆستایان خۆیان ئەو کارە دەکەن، خۆیان کوپ و قاپی خۆیان دەشۆن. خۆیان خۆڵوخاشاکی پۆل و ژووری مامۆستایان فڕێ دەدەن. زۆر جار وا ڕوودەدات هەندێک موبلیات دەبێت بگوێزرێتەوە یان فڕێ بدرێت، ئەوە بەڕێوەبەرەکانن ئەو کارە دەکەن. ناچن کرێکار بگرن، ئەو پارەیەی کە لەوێ دەبوو سەرف بکرایە لە قوتابخانەکەی سەرف دەکەن. بە لای کەمە لەو قوتابخانەیەی من کاری تێدا دەکەم وایە .

▪ لە ڕووی نانپێدانەوە: هەموو منداڵان لە قوتابخانە خواردنیان دەردرێتی، لەم لایەنەوە بیر لە منداڵی موسوڵمانیش کراوەتەوە . ئەو ڕۆژەی بۆ منداڵانی سوێدی گۆشتی بەراز لێ بنرێت، بۆ منداڵە موسوڵمانەکان گۆشتی گا یان مریشک لێ دەنێن. هەر منداڵێک بەرانبەر هەر جۆرە خواردنێک حەساسییەتی هەبێت، ئەوە دەگرنە بەر چاو و خواردنی تایبەتیی بۆ لێدەنێن. ئەو مامۆستایانەی لە خواردنگەی قوتابخانە خواردن دەخۆن دەبێت نیوەی پارەی خواردنی خۆیان بدەن، لە هەندێ شارەوانی بۆ مامۆستایانیش بە خۆڕاییە .

▪ لە ڕووی دەوامەوە: ڕۆژی دووشەممە یەکەم ڕۆژی هەفتەیە و قوتابیان سەعات هەشت دەست پێ دەکەن و بە گوێرەی تەمەنی قوتابی، پۆلی یەک و دوو ڕەنگە سەعات یەکی دوای نیوەڕۆ تەواو بن، سێ و چوا ڕۆژی وا هەیە سەعات دووی دوای نیوەڕو تەواو

دەبن، قوتابیانی گەورەتر سەعات دوو یان سێ یان چوار تەواو دەبن، هەر قوتابییەک بە گوێرەی خشتەی دەوامکردنی پۆلەکەی. ڕۆژانی شەممە و یەکشەممە پشووی کۆتایی هەفتەیە.

- پێشخوێندنگە: ئەو منداڵانەی تەمنیان دەبێتە شەش ساڵ دێنە قوتابخانە و لە پۆلێک دەمێننەوە بە ناوی پێشخوێندنگە (پێشتر پێی دەگوترا پۆلی سفر) لەو پۆلەدا ئامادە دەکرێن بۆ ئەوەی کە بوون بە حەوت ساڵ لە پۆلی یەکەم دەست پێ بکەن.
- پاشخوێندنگە: ئەو منداڵانەی لە پۆلەکانی خوارەوە دەوام دەکەن با بڵێین لە پێشخوێندنگەوە تا پۆلی چوار، ئەگەر دایک و باوکیان لە کار بن و کەسی تر لە ماڵەوە نەبێت، ئەوە لە جێیەک لە هەمان قوتابخانە دەمێننەوە بە ناوی (پاشخوێندنگە) تا دایک وباوکیان دوای تەواوبوونی کاریان دێن بە دوایاندا. هەڵبەتە مانەوە لەو شوێنەدا بە پارەیە.
- تەواوی بابەتەکان بە زمانی سوێدی دەگوترێنەوە، تەنانەت زمانە بێگانەکانیش هەر لە ڕێی زمانی سوێدییەوە دەگوترێنەوە. یانی کاتێ منداڵان فێری زمانی ئینگلیزی دەکرێن ئەو فێرکردنە لە ڕێی زمانی سوێدییەوە بەڕیوە دەچێت.
- قوتابییان هەموو ساڵێک دەردەچن، واتە ئەگەر سەرکەوتوویش نەبن ساڵەکە دووبارە ناکەنەوە. دەبێت قوتابی خۆی بەرپرسیارێتی هەڵبگرێت. کە پۆلی نۆی تەواو کرد، بۆ ئەوەی لە دواناوەندی وەربگیرێت پێویستە لە سێ بابەتی سەرەکی دەرچوو بێت: زمانی سوێدی، ماتماتیک و زمانی ئینگلیزی، هەروەها لە پێنج بابەتی تریش بێ دەستنیشانکردن دەرچووبێت، ئینجا دەبێت کۆی نمرەکانی بایی ئەوە بن کە لەو بەشەی ئارەزووی لێیە وەربگیرێت. ژمارەی بابەتەکان شانزە بابەتن. لە دوانەوەندی شانزە بەشی خوێندن هەیە.
- لە پۆلی نۆ تاقیکردنەوەی نیشتمانی هەیە، بەڵام ئەو تاقیکردنەوەیە تەنیا پێوەرێک نییە بۆ دەرچوون و دەرنەچوون. تاقیکردنەوەی نیشتمانی لە هەموو بابەتەکان ناکرێت و لە کۆتایی ساڵێشدا نییە، بگرە لە ناوەڕاستی نیوەی دووەمی ساڵی خوێندنە.
- باسکردنی چۆنیەتیی دەرسگوتنەوە وردەکاریی زۆرتری دەوێت، کە پێم وایە ئێرە شوێنی ئەوە نەبێت.

ئێستا ئیتر خوێنەری بەڕێز خۆی دەتوانێت بەراوردێکی سیستەمی سوێدی لەگەڵ سیستەمی کوردستان بکات. کە ئەوەی کرد ئەو کاتە دەزانێت ئایا ئەوەی لە کوردستان گوایە بە ناوی سیستەمی سوێدییەوە پیادە دەکرێت ڕاستە سیستەمێکی سوێدییە؟



**شیکار:** چۆن بوو بیرتان لەوە کردەوە ببنە نووسەری کتێبی فێرکاری زمانی کوردی؟ لەو بارەیەوە چ سوودێکتان لە ئەزموونەکانی پێش خۆتان بینییوە، بۆ نموونە لە کتێبەکانی ئیبراهیم ئەمین باڵدار و ئەوانی تر؟

**مامۆستا فەهمی کاکەیی:** من بەهاری ساڵی ١٩٨٧ دوای چەند ساڵێکی پێشمەرگایەتی گەیشتمە سوێد. بڕێک زمانی سوێدیم خوێند و بەر لەوەی کۆرسەکان تەواو بن لە سەرەتای ١٩٨٨ کاری مامۆستاییم دەست کەوت. لێرە لە سوێد منداڵانی نەتەوە جووداکان مافی ئەوەیان هەیە زمانی دایک بە خوێندن و نووسینەوە فێر بن. شارەوانیی وا هەیە لە (ستۆکهۆڵم)ی پایتەخت زیاتر لە سەد زمانی دایکیی نەتەوە جوداکانی تێدا دەگوترێنەوە. ئەم شارەی من لێی دەژێم (کە شارێکی بچووکە) ئەو دەمە تەنیا کوردی وەردەگرت. تا چەند ساڵێکیش کوردی زمانی دووەم بوو لەم شارەدا. منیش لەبەر ئەوەی پێشتر لە کوردستان مامۆستا بووم، لێرە بەردەوامیم بە هەمان کار دا. گوتنەوەی هەر بابەتێک پێویستی بە کتێب هەیە. یەک دوو کتێبی کوردی بە شێوەیەکی سادە و ساکار لێرە نووسرابوون کە تەواوی ئەرک و هەلومەرجەکانی فێرکردنی زمانی کوردییان تێدا نەبوو، بەڵام ناشمەوێت لە ماندووبوونی نووسەرانی ئەو کتێبانە کەم بکەمەوە، دەبێت دەستخۆشییان لێ بکەم. ئیدی دەبوو من سوود لەو کتێبانەیش وەربگرم کە پێشتر لە کوردستان دەگوترانەوە و خۆیشم هەندێک بابەت بۆ منداڵان ئامادە بکەم. پاش چەند ساڵێک کتێبێکی ڕاهێنانم ئامادە کرد کە لە پاڵ کتێبی ئەلفبێی نوێی ڕەوانشاد مامۆستا ئیراهیم ئەمین باڵدار بە کار بهێنرێت. ئەمە تەنێ بۆ قوتابیانی خۆم بوو. واتە تەواوی کتێبەکە و چاپکردنی بە شێوەیەکی سادە لە خودی قوتابخانەکەم بەڕێوە چوو.

لە کۆنفرانسێکی ساڵانەی مامۆستایانی زمانی کوردی لە سوێد ئەو کتێبی ڕاهێنانە کە بە ناوی (ڕۆژ باش) ئامادەم کردبوو، خستە بەر چاوی مامۆستایان. ئەوان کتێبەکەیان بە دڵ بوو، بەڵێنیشیان دا ئەگەر چاپی بکەم ئەوانیش بۆ قوتابیانی خۆیان بە کاری دەهێنن. ئیدی پەخشخانەیەک لە سوێد بە ناوی (کتابفرۆشیی هەرزان) کتێبەکەی چاپ و بڵاو کردەوە. بەڵام خۆ تەنیا کتێبێکی ڕاهێنان هەموو پێداویستییەکانی فێربوونی زمانێک دابین ناکات. بۆیە بیرم لە دارشتنی پرۆژەیەک کرد بۆ ئەم مەبەستە.







سەرەتای ساڵی ١٩٩٧ پرۆژەیەکم ئامادە کرد بە ناوی (پرۆژەی دانانی کتێبی خوێندنەوەی کوردی بۆ قوتابییە کوردەکانی دەرەوەی وەڵات) دەقی پرۆژەکەم وەک پێشنیاز بۆ چەندین نووسەر و مامۆستای بەڕێز نارد. ئەو بەڕێزانە لە سەرەتادا دوانزە کەس بوون. لەبەر هۆکاری جیاواز بڕێکیان نەیانویست یان نەیانتوانی درێژە بە کارەکە بدەن. ئەو بەڕێزانەی کارا بوون و چەند ساڵێک لەگەڵ پرۆژەکەدا بەردەوام بوون، ئەمانەن: فەرهاد شاکەلی، مەهاباد قەرەداغی و ئەمجەد شاکەلی، هەڵبەتە خۆیشم. ئێمە دوو وێنەکێش یان شێوەکاریشمان لەگەڵدا بوو. خانمێکی سوێدی بە ناوی (ئێڤا لۆتتا لیند) کە نزیکەی سێسەد وێنەی بۆ کتێبی (ڕۆژ باش) کێشا، هەروەها خانمێکی کورد بە ناوی (ئاشنا ئەحمەد دەوڵەت) کە وێنەی بۆ دوو کتێبی خوێندنەوە کێشا. ئیدی ئەم گرووپە لە ساڵەکانی سەرەتادا توانیی ئەم کتێبانە ئامادە و چاپ بکات: ڕۆژ باش، گەرمیان، باوەگوڕگوڕ و پاشانیش دیلان، کە ئەمەی دوایی لە لایەن برایەکەوە بە ناوی (تاڵب ئۆزمانی) و بە بەشداری ئێڤا لۆتتا وێنەی بۆ کێشرا.

شایانی گۆتنە، بۆ بەڕێوەبردنی ئەم پرۆژەیە، کۆمەڵەیەکمان دامەزراند بە ناوی (کۆمەڵەی ئەلفبێی کوردی). پاشان بارودۆخی گرووپەکە گۆڕا. مەهاباد خان کە یەکێک بوو لە ئەندامە چالاکەکانی گرووپەکە گەڕایەوە کوردستان و لە دواییشدا خۆم بە تەنیا بینییەوە، بێگومان کاک فەرهاد شاکەلی کە ئەرکی پێداچونەوەی زمانەوانیی گرتبووە ئەستۆ ئێستایش هەر بەردەوامە لەو پرۆژەیەدا.










من هەم خۆم باوەڕم بە گۆڕانکاری هەیە و هەمیش هەلومەرجی خوێندن داوا دەکات زوو زوو پێداچوونە بە کتێبی خوێندنگەدا بکرێت و گۆڕانیان بەسەردا بهێنرێت. ئیدی بە گەڕانەوە بۆ ئەو کتێبانەی پێشتر پێکەوە نووسیبوومان من بەردەوامیم بە پرۆژەکە داوە و چەندین جار کتێبەکانم بژار کردووە و پەرەم پێداون و چاپم کردوونەتەوە. ئەو کتێبانەی کە ئێستا کاران و دواچاپیان لە بەردەستایە هیچیان لە سێ ساڵ کۆنتر نین، کە بەم ناوانەن: (ئەلفبێ، کوردی١، کوردی٢، کوردی٣ و کوردی٤). شێوەکار هیوا عەبدوڵا کاکەیی وێنەی بۆ ئەم پێنج کتێبە کێشاوە. ئەم کتێبانە بە پێی پۆل ئامادە نەکراون بەڵکوو بە پێی ئاست. تا ئێستا بیست و پێنج هەزار نوسخە لەم کتێبانە چاپ کراوە و جگە لە سوێد لە چەند وەڵاتێکی تریش بۆ فێرکردنی زمانی کوردی بە کار دەهێنرێن، وەک: نۆروێژ، فنلاند، کەنەدا و ئەڵمانیا. پێشتریش لە دانمارک و ئوستراليا بە کار هێنراون. ئەمە جگە لەوەی دایبابانی بەپەرۆشی فێرکردنی منداڵانی خۆیان لە چەندین وەڵاتی ترەوە داوای کتێبەکانیان کردووە و بۆم ناردوون. من زۆر درێژەم بە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دا، بەڵام وەک دۆکومێنتێک دەمەوێت لەبەر دەستدا بێت و ڕەنگە بە کەڵکی توێژەرانی دوارۆژ بێت.













ئایا سوودم لە ئەزموونی نووسەرانی پێش خۆم وەرگرتووە؟ جگە لە تاقیکردنەوەی نووسەرانی سوێدی، تاکە نووسەرێکی کورد کە سوودم لە ئەزموونی وەرگرتبێت شادرەوان مامۆستا باڵدار و کتێبی ئەلفبێی نوێیە کە بووە بە بەشێک لە فەرهەنگی فێرکردنی زمانی کوردی. ئێستایش هەست دەکەم هەندێک تێکست لە کتێبی (کوردی١)دا لەژێر کاریگەریی ئەلفبێی مامۆستا باڵدار نووسراون، هەرچەندە ژمارەی ئەو تێکستانە زۆر نین بەڵام وەک ئەمانەتێک پێویستە ئاماژەی پێ بدرێت.

**شیکار:** تا ئێستا زمانی ستانداردی کوردییمان نییە، ئەمە چ ئەستەنگییەکی بۆ کاروانی پەروەردە و فێرکردن دروست کردووە؟

**مامۆستا فەهمی کاکەیی:** نەبوونی زمانێکی ستانداری کوردی مەسەلەیەکی زۆر ئاڵۆز و بەرفراوانە. بۆ ئەوەی کەمێک باسکردنی ئەم کێشەیە لەسەر خۆمان سووک بکەین، پێویستە لە قەوارەیەکی جوگرافیی دیاریکراودا باسی بکەین. لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوە بدەین کە زمانی ستانداردی کوردی لە سایەی هەلومەرجێکی تایبەت بە خۆی دێتە کایەوە، گەشە دەکات، پەرەدەستێنێت و جێگیر دەبێت. ئەو هەلومەرجەیش هەبوونی دەسەڵاتێکی سیاسی و ویستێکی نەتەوەییە. ئەمڕۆکە ئەو دەسەڵاتە سیاسییە لە باشووری کوردستاندا هەیە، مەبەست هەرێمی فیدرالی کوردستانی عێراقە.

دەبێت لێرەدا بە داخێکی زۆرەوە بڵێین بۆ هێنانەکایەی زمانێکی کوردیی ستاندارد لەم هەرێمەدا هەنگاوی ئەرێنی نەنراوە، هەرچەندە لەم بارەیەوە لەسەر ئاستی بڵندیش قسەی زۆری لەسەر کراوە. نەک هەر ئەمە بگرە لە زانایییەوە بێت یان لە نەزانییەوە چەند هەنگاوێکی نەرێنی نراون، واتە لە جێی ئەوەی بەرەو پێشەوە هەنگاو بنرێت، بەرەو دواوە هەنگاو نراوە.

بۆ ئەوەی شێوەزارێک ناوی لێ بنرێت زمانی ستاندارد دەبێت لە سێ بواراندا بە کار بهێنرێت و پەرەی پێ بدرێت، ئەویش: بواری پەروەردە و فێرکردن (قوتابخانە)، بواری مێدیا (ڕاگەیاندن) و بواری حکوومی (دامودەزگاکانی دەوڵەت). ئەمڕۆکە لەم سێ بوارەدا یەک زمان بە کار ناهێنرێت بگرە دوو شێوەزار. لێرەدا دەبێت بڵێم کە من لایەنگری شێوەزارێک نیم لەسەر حیسابی شێوەزارەکی تر، بگرە من لایەنگری زمانی کوردیم. واتە بۆ من گرنگ نییە کام شێوەزار دەبێتە زمانی ستاندارد.

ئەم کێشەی شێوەزار و زمانی ستانداردە لە وڵاتانی تریش هەبووە و هەیە. نموونەیەک کە نزیک بێت لە زمانی کوردییەوە ئەوەیە کە: بەر لە هەزار ساڵێک زمانەکانی ئێستای سوێدی و دانمارکی و نۆروێژی، یەک زمان بوون. لەبەر هەندێک هۆکاری سیاسی و جوگرافیایی ئەم سێ (شێوەزارە) بە سێ ئاقاری جودادا گەشەیان کرد و پەرەیان سەند و لە دواییدا بوون بە سێ زمانی جودا. ئێستا بۆ سوێدییەک ئاسان نییە لە دانمارکییەک تێبگات. ئەگەر کورد و دەسەڵاتدارانی کورد فریای زمانی کوردی نەکەون، دووری مەبینە شێوەزارەکانی ئێمەیش لە داهاتوودا ببن بە زمانی سەربەخۆ، تا ئەو ڕادەیەی دوو کورد لە یەکتر تێنەگەن، هەڵبەتە ئێستایش تا ڕادەیەک ئەو کێشەیە هەر هەیە. ئەو کاتە نابێت ئێمە باسی زمانی ستانداردی کوردی بکەین، بەڵکوو دەبێت باسی زمانە کوردییەکان بکەین. ئەم بابەتە کەمێک هەستیارە و پێم وایە دەسەڵاتی سیاسیی کورد زۆر بە لایەوە مەبەست نییە چارەسەری بکات.

جا ئایا نەبوونی زمانی ستاندارد ئاستەنگی بۆ کاروانی پەروەردە و فێرکردن دروست کردووە؟ بێگومان دروستی کردووە نەک هەر لە ناوەوەی وڵات بگرە لە دەرەوەی وڵاتیش. جارێ لە ناوەوەی وڵات، هەرچی کتێبی قوتابخانەیە دەبێت بە دوو شێوەزار و هەندێک جار بە سێ شێوەزار بنووسرێن. ئەمە کار و ئەرکێکی زیاتر بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان دروست دەکات. دابینکردنی مامۆستا بۆ ئەو شێوەزارانە ئەویش دەکرێت بە ئاستەنگ

بژمێردرێت. هەڵکەوتەی جوگرافیایی هەندێ ناوچە کێشە دروست دەکات. بۆ نموونە دانیشتووانی (بەردەڕەش) کە بە کوردیی ناوەندی (سۆرانی) قسە دەکەن ناچار کراون بە کوردیی باکوور (بادینی) بخوێنن. بە قسەی خەڵکی ناوچەکە ئەمە کێشەیەکی گەورەیە و منداڵانیان نە لەو شێوەزارە تێدەگەن و نە فێری دەبن. گومان دەکەم هەندێ ناوچەی تریش هەبێت بە تەواوەتی باری خوێندن تێیدا پێچەوانەی بەردەڕەش بێت، واتە خۆیان ئاخێوەری بادینی بن و بە سۆرانی دەرسیان پێ بگوترێتەوە. جارێ ناوچەی هەورامان ئەویش کێشەیەکی ترە. یانی دەبێت سیستەمێک بدۆزرێتەوە کە لە داهاتوودا دوو کورد لە یەکتر تێبگەن بێ ئەوەی پێویستیان بە موتەرجیم ببێت.

ئەم کێشەیە لە دەرەوەی وڵات زەقترە. بۆ نموونە وا ڕێک دەکەوێت لە گرووپێکی قوتابیی کورددا چەندین شێوەزار و ئەلفبێ هەبێت. دەکرێت منداڵی کوردی دهۆک و سلێمانی و کۆبانێ لە یەک گرووپدا بخوێنن. هەڵبەتە منداڵێکی دهۆکی و یەکێکی خەڵکی کۆبانێ زۆر بە زەحمەت لە یەکتر تێدەگەن، با لکەزارەکانیان سەر بە هەمان شێوەزاریش بن، واتە کرمانجیی سەروو، ئاخر لەوێشدا پێویست بە جۆرە ستانداردکردنێک هەیە. بێ لەمەیش ئاخێوەرانی کرمانجی دەیانەوێت بە ئەلفبێی لاتینی بخوێنن. یانی هێندە ئاسان نییە مامۆستا بۆ ئەو هەموو شێوەزار و بۆ ئەو دوو ئەلفبێیە دابین بکرێت، ئەمە سەرەڕای دابینکردنی کتێبی خوێندنەوە.

تۆ دەبینی لە وڵاتێکی وەک سوێد کاربەدەستان فەرهەنگیان بۆ زمانە جوداکانی منداڵانی بێگانە ئامادە کردووە، بۆ هەر زمانێک فەرهەنێک، کورد نەبێت دوو فەرهەنگی بۆ ئامادە کراوە، دانەیەک سوێدی/کوردیی ناوەندی و دانەیەک سوێدی/کوردیی باکوور. ئەمەیش لێرەدا ئەرکێکی زیادەیە بۆ ئەم دەوڵەتە، با بچووکیش بێت. خۆ مەسەلە تەنیا کتێب نییە. کاتێ کوردەکان موتەرجیمیان دەوێت، هەر یەکەیان داوای موتەرجمێک دەکات بە شێوەزاری خۆی قسە بکات. ئەگەر بە قسەیان بکرێت داوا دەکەن خەڵکی دەڤەر یان گوندی خۆیان بێت. موتەرجیم بۆ هەموو شێوەزارە کوردییەکان هەیە.

**شێکار:** کارکردن لەسیستەمێکی پێشکەوتووی وەک هی سوید ئەزموونێکی جیاوازی پێ بەخشیویت، بیرت لەوە نەکردۆتەوە ئەم ئەزموونە بگوێزیتەوە بۆ کوردستان؟

**مامۆستا فەهمی کاکەیی:** با وەڵامی ئەم پرسیارە کەمێک بە کورتی بدەمەوە. من ماوەی سی و یەک ساڵە لە سوێد وەک مامۆستای زمانی کوردی و هەندێک بابەتی تر کارم کردووە و ئێستایش بەردەوامم لەو کارە. هەڵبەتە ئەزموونێکی باش و شارەزاییەکی چاکم پەیدا کردووە. چەندین جار هاتوومەتەوە بۆ کوردستان و بەرپرسە باڵاکانم بینیوە. چاوم بە سێ وەزیری پەروەردە کەوتووە، هەروەها سەرۆکوەزیرانێک و سەرۆکپەرلەمانێک. باسی خۆم و کارەکانی خۆمم بۆیان کردووە، زۆر بە جوانی گوێیان لێ گرتووم و ستایشیان کارەکانیان کردووم. یەکێک لە وەزیرەکان بەر لە چەندین ساڵ هەروا بەسەرپێیی پێی گوتم: لێرە بمێنەوە. بەڵام من ئەو جۆرە قسانە بە جدی وەرناگرم.




















# ئالیف شەفەق قەیدەکان دەشکێنێت

ئامادەکردنی:
شێرزاد هەینی

ژنە نووسەر و رۆماننووسی تورک ئالییف شەفەق بوویتە رابەری رۆمانی نوێی تورکی، ئەو هاوشانی یەشار کەمال و ئورهان پامۆک و نەدیم گورسیل ئەژمارد دەکرێت، پاش نووسین و بڵاوبونەوەی رۆمانی (ژنە بیژییەکەی ئەستنبۆل The Bastard of Istanbul ) ئەو ژنە دەکەوێتە بەر تیشکی ناسین و ناوداری، ئەوەش پاش ئەوەی دادگاکانی تورک بە جنێودان و سوکایەتیکردن بە ناسنامەی تورکی تومەتباریان کردبوو، تێدا یەکێک لە کەسایەتییەکانی رۆمانەکە بویتە نمونەیەک بۆ ئاماژە بە کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان لەکاتی جەنگی یەکەمی جیهان.

ئالییف شەفەق شوو بە رۆژنامەنووسی تورک ئەیوب خان دەکات و لەکاتی لەدایکبوونی کیژەکەی ژانی زۆر دەبینێت، بۆیەش یەکەم بیوگرافیای خۆی دەنووسێتەوە، ئەوەش یەکەم ئەزموونی ئەو بووە لە ئاوێتەبوونی خەیاڵ و راستییەکان. ناوی ئالییفە بەڵام شەفەق ناوێکی خواستراوە و لە تەمەنی هەژدە ساڵییەوە کە کورتە چیرۆک دەنووسێت و بڵاویاندەکاتەوە، بیر لەوە دەکاتەوە ناوێک بۆ خۆی بتاشێت، ناوی شەفەق وەک نازناو هەڵدەبژێرێت کە بە زمانی تورکی واتە کازیوە. ئەو شەیدای فۆنتیکی ئەو وشەیە بووە، هەستی کردووە وشەیەکی قووڵە و دەکەوێتە بەردڵان، ئاساییە هەموو کەسێک دوو ناو زۆرتریشی هەبێت، ناوی یەکەم ئەوەی دایکوباوکە و دووەمیش ئەو ناوەیە کە بۆ خۆتی دەدۆزیتەوە.

تۆ وتووتە نیگا و رامانە کلتووری و ئاینییە دژبەیەکەکانی داپیرەم، وانە و ئەزموونی زۆر گرینگی فێرکردوم، ئەوەش هاندەربوون من نیگای تایبەتی و کۆنکریتی خۆم ساز بکەم، لە وەڵامدا وتوویەتی:

من کەسێکم شەیدای وردەکاری و نیشانە جیاوازەکانم. زۆر هەستم لە بۆچوونەکانی ئەو رادەگرت، زۆرتر جیاوازییە وردەکانی ناو ئیمان و ئاینم دەدۆزییەوە، ئاین لەلای ئەو زۆر بڤە و ترسناک بووە، خودا بەردەوام هێما و ئاگادارکردنەوەی توندترین سزا بووە. ئەوەش لێکدانەوە و شرۆڤەیەکی تەسکی ئاینە، پشتیوانی لە ترس و سزاوە دەبینێت. من زۆر بە رۆشنبیری و زانیارییەکانی ژنان حەیرانم، ئەوان لە زانیاری زارەکی دەوڵەمەندن، زۆر لەسەر ئیسلامی میللی دەزانن، لە ئەفسانە و سیحری ژیان زۆر

شارەزان، من دەخوازم ئەو کلتووره دەوڵەمەندەی ژیان بکەمە ئاستێکی باڵا و شکۆداری ئەدەب. بێوەژنێکی زەحمەتکێش چەندین ساڵ خەبات دەکات منداڵەکانی پەروەردە بکات، ئەو ژنە بەبێ ئەوەی پیاوێک هاوشانی بێت کار دەکات و رەنج دەکێشێت و سل ناکاتەوە، ئەوەش ئیلهامی من بووە، من ژنێکی گەریدەی گەشتیارم بەردەوام بۆ زانین و دیتن لە کارواندام، شارەکەم ئەستنبۆلیش سەرچاوەیەکی مەزنی منە و هەتا رادەی شێتبوون و حەیرانی، بەو شارە سۆزدارم. ئەوانە و ژیان سەرچاوەیەکی مەزنە بۆ من، چونکە ژیان پڕە لە چیرۆک و بەسەرهاتی سەرەنجراکێش. تام لە خوێندنەوەی فەلسەفە وەردەگرم هایدگر و دیلوز و سپینوزا و ولتر بنجامین و مارتا نوسباوم دەخوێنمەوە، من باکگراوندێکی ئەکادیمیم هەیە، توێژینەوەکانی پاش کۆلۆنی و پاش نوێگەری و پاش مێینەکان دەخوێنمەوە، بە نووسینەکانی ولیم بلیک سەرسامم، ماوەماوە دەگەڕێمەوە سەریان و دووبارە دەیانخوێنمەوە. لە رۆمانێکی نوێ گەشتێکی تر دەکەم و دەچمە کیشوەرێکی نوێ و ئەوەشیان جیاواز دەبێت، رۆمانە نوێیەکەم باس لە ئەزموونی خێزانێکی کۆچبەری ناو لەندەن دەکات، کە لە شێستەکان و حەفتاکانی سەدەی رابردوو ژیاون، من حەز دەکەم بەردەوام خۆم نوێ بکەمەوە.

دادگاییکردنەکەی ئالییف شەفەق دیاردەی نەتەوەپەرستی لە وڵاتەکە دەرخست، نووسەرەکە هەڕەشەی ئەوەی لێ دەکرا، سێ ساڵ بگیرێت، لەسەر ئاخاوتن و رازی کەسایەتییە فەنتازییەکەی ناو رۆمانی ژنەبیژییەکەی ئەستنبۆل کە بە ناوی (بابە و بیژییەکە) کراوە بە تورکی لە دادگا دۆسیەیەکی بۆ دەکەنەوە، بەڵام دادوەری گشتی و قەزا وتیان ئێمە هیچ بیانوویکمان نەدۆزیەوە، لەو رۆمانەدا ژنەکەی پێی تاوانبار بکرێت، ئەوەش لە یەکەم دانیشتنی دادگاکە راگەیاندرا، دادگاکەش لەلایەن میدیای جیهانییەوە بایەخی پێدرا، هەمووش لە بەرژەوەندی رۆمانەکە و نووسەرەکە بووە.



دوور لە ژاوەژاو و دەنگۆیەکی زۆرەوە ڕۆمانەکە زۆر بڵاودەبێتەوە، چونکە شیاوی خوێندنەوە بوو، چونکە ڕۆمانەکە لەرووی دارشتنەوە تایبەتمەندییەکی زۆر ڕەهای هەبوو، لە گێڕانەوەدا زۆر بەسەلیقە بوو، پەیامەکەی ببووە نامەیەک، هەموو رای گشتی تورکی سەرقاڵ و سەرگران کردبوو، بەتایبەتی نەتەوەپەرستە تورکەکان. نووسەرەکە بە دانوستان و ئاوێتەبوون لەگەڵ چەندین شارستانی و هاموشۆکردن لەگەڵ خۆرئاوا و خۆرهەڵات، ئەزموونێکی زۆری لەو کلتوور و زانیارییانە وەرگرتووە، نووسینەکانی ئاراستەی مرۆیی کردووە، لە ڕۆمانی ژنەبیژییەکەدا، باس لە کیژێکی ئەرمەنی کۆچبەر دەکات، لە وڵاتەکەی بەرەو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکی کۆچی کردووە، لە دەست و لە ترسی قڕکردن و کۆمەڵکوژییەکاندا رایکردووە، بەڵام ئەو کیژە دەگەڕێتەوە، تا ڕەچەڵەک و هەواری بنەماڵەکەی بدۆزێتەوە، لەدوای سەودابوون لە مێژووی ئەستنبۆل، لە ڕەگ و ریشەی خۆی دەگەڕێت. ئەو کیژە بوویتە نمونەیەکی کەسایەتی ئەدەبی لەوانەی لە ڕەچەڵەکی خۆیاندا دەگەڕێن، ناسنامەی کیژەکە، لە سەرەتای ڕۆمانەکە دیار نییە، بەڵام بە دیالۆگ و دارشتنی گێڕانەوەکە، شوناسەکەی دەردەکەوێت، لەناو ڕۆمانەکەدا دەردەکەوێت کە ناواخنی بابەتەکە هەڵدانەوەی لاپەڕەی تاوانەکانە، کە لە سەردەمی عوسمانییەکان دەرحەق بە ئەرمەنەکان کراوە.

**یەکێک لە پاڵەوانەکانی ڕۆمانەکە دەبێژێت:**

باوکم برسام شاکماکیانە، خاڵی گەورەم دیکران ستامبولیان و باوکی ئەویش ئارمانوش شاکماکیان بوو، من و هەمووومان، نەوەی ئەو کیژەیەن کە لە قڕکردنەکە دەربازی دەبێت.
لە ڕۆمانی (کۆشکی ئەسپێیەکە Bit Palas)دا هەست دەکەین، ئێمە دەگەڕێینەوە ناو ساڵانی ڕووودانی ئەفسانەی (هەزار و یەک شەوە)، چیرۆکەکە باس لە چیرۆکی باڵەخانەیەکی گەورە و شاناز دەکات، کە زووتر کۆشکێک بووە، لەلایەن میوانێکی رووس، بۆ هاوسەرەکەی لە کۆتایی سەردەمی قەیسەری لە ئەستنبۆل وەک قەرەبوویەک بۆ کۆنە هاوسەرەکەی دروستی کردووە، ئەو ماوەیەکی زۆر ستەمی لە ژنەکەی کردووە، ماوەیەکی زۆر جێیهێشتووە و لە ئاوەدانی و ژیان دووری دەخاتەوە، پیاوەکە ژنەکەی جێدەهێڵێت و دەچێتە پاریس، لەوێ لەگەڵ کیژێکی بەتەمەن زۆر لە خۆی بچووک تر هاموشۆ دەکات و ژنەکەشی لە ئەستنبۆل لەناو خەم و ژانەسەری دەروونی لە خانەیەکی چاودێری گۆشەگیر دەکات، ئەو کە دەگێڕێتەوە ئەستنبۆل، لەوێ بۆ قەرەبووکردنەوەی گوزەرانە خراپەکەی ژنەکەی، کۆشکی بونبونی بۆ دروست دەکات، ژنەکەش شوێنی دروستکردنەکەی بۆ هەڵدەبژێرێت، کە تێدا یەکەم مناڵی دەمرێت.
ژن و مێردەکە دەمرن، پاشان کۆشکەکە دەبێتە موڵکی ئەو مناڵە ناشەرعییەی پیاوەکە لە ژنە فەرەنسییەکە هەیبوو، کۆشکە نیمچە کەلاوەکە، دەکەنە چەندین ژوور و خانووی

بچووک بچووک و بەکرێی دەدەن، کە ژوورەکانی پڕبوون لە ئەسپێ، ئەسپێیەکەش دەبێتە مایەی ناڕەحەتی و نەخۆشی بۆ ژووری پیرەژنێک، کە پڕیەتی لە پاشماوەی ماڵی خاوەنی کۆشکەکە. ڕۆماننووسەکە دەبێژێت من ئەو چیرۆکەم خوڵقاندووە تا بەسەر سام و ترس لە زیندەوەراندا زاڵ بم، چونکە هەموو سەردەمە جیولوجییەکان ئاماژە بە ژمارەیەک لە زیندەوەر دەدەن، لەو سەردەمەی کە بوویتە سەردەمی زیندەوەرکان، ئەوانەش جۆرێکی نوێن و توێژیکی تازەیان لە زیندەوەر بەرهەمهێناوە.

ئالیف دەبێژێت: من ژنێکم خەیاڵێکی بەهێزم هەیە. ئەوەش هەتا ئیمرۆ باشترین شێوەیە بۆ ئەو دەستەواژەی کە وتراوە (ئێوە قسەی مایەپووچ دەکەن!). ڕەنگە خەڵکەکەش ڕاست بکەن. من پەریشان و سەرگەرمم، کە نیگەران دەبم، کە لە دیمانەیەک نازانم چ بڵێم! کەی و چۆن قسەکانم بکەم، کە لە نیگای خەڵکەکە دەترسێم، یان کە دەمەوێ خۆم وا نیشان بدەم ناترسێم و لە نیگای چواردەورەم پەریشان نیم، یان کە دەمەوێ خۆم بە کەسێک بناسێنم، کە دەمەوێ بیناسم، لەڕاستییدا، من کەم و بەدەگمەن خۆم دەناسم و زانیارییم لەسەر خودی خۆم لاوازە، یان کە رابردوو رۆحم دەبرژێنێت، کە ناتوانم دان بەوەدا بنێم، کە ئایندەم لەو رۆژانەم پرشنگدارتر نییە، یان ناتوانم ئەو شوێنە بەرجەستە بکەم، کە تێدا رونیشتووم، یان ئەو مرۆڤەی لە ساتێکدا هاموشۆی دەکەم. لەودەمانەیە خەیاڵی ئەو بەرین و فراوان و ئاسۆکەی سیحراوی و بەپیتە.

لە رۆمانی (چل بنەماکانی عیشق The Forty Rules of Love)دا ئەو زۆرتر نیگای خوێنەرەکان رادەکێشێت، بەتایبەتی لە بەرجەستەکردنی کەسایەتییەکی وەک جەلالەدینی رومی، کە بە ناودارترین شاعیری جیهان دەناسرێت، هەر لە ئێرانەوە هەتا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، تا رادەیەک ئەو بوویتە مایەی سەرەنجی ئەستێرەی ستران مادۆناش.

ئالیف شەفەق لە شاری سانستڕابۆرگی رووسی لە ساڵی ١٩٧١ لەدایکبووە، دایکی لەوێ لە بواری دبلۆماتی کاریکردووە و کارمەندێکی تۆڕی دبلۆماتی تورکی بووە، لە مناڵییەوە لەنێوان مەدرید و عەمان و کۆلن سوڕاوەتەوە، دوایی گەڕاوەتەوە تورکیا، لەوێیەوە بەرەو ئەمریکا بۆ خوێندن کۆچ دەکات، چەندین پۆستی مامۆستایەتی و وانەبێژی لە وانەی توێژینەوە و رەگەزەکان لە زانکۆی ئایرزونا دەبینێت. یەکەم رۆمانی بە ناوی (پیاوە سۆفیگەرەکە Pinhan)یە کە لە تەمەنی بیست و حەوت ساڵییدا نووسیویەتی، لە ساڵی ١٩٩٨ خەڵاتی کۆمەڵەی مەولەوی پێ دەبەخەشن. لە رۆمانی (ئاوێنەکانی شارەکە Şehrin Aynalar )دا باس لە بابەت و دیاردەی دادگاکانی تەفتیش لە ئەسپانیا دەکات، کە بەقێزەوەنییەوە لە سەدەی حەڤدەم کراوە، ناوی تاوانەکان دەهێنێت، لەسەر ئەو رۆمانەش خەڵاتی یەکێتیی نووسەرانی تورک بەدەست دەهێنێت. لە ساڵی ٢٠٠٠ رۆمانی سێیەمی بەناوی (وردبوونەوە) دەنووسێت، لە بەهاری ساڵی ٢٠٠٤ دا ئالیف

له نووسینی ڕۆمانی پێنجەمی بە زمانی ئینگلیزی دەبێتەوە، ئەویش ڕۆمانی (قەدیسی یەکەم سەرپێچییەکان)، ئەو ڕۆمانە باس لە چیرۆکی چوار خوێندکاری ناو خانوویێک لە ئەمریکا دەکات، خوێندکارەکان چوار ناسنامەی جیاوازیان هەبووە، وەک شوناسی مەغریبی و ئەسپانی و تورکی و ئەمریکییەک، تێدا لەو ڕۆمانە ئاوڕ و نیگا لە مەسەلەی ناسنامە و هاوڵاتیبوون و کلتووری ئاینی دەداتەوە.



ئالییف ئەگەرچی بەڕەچەڵەک تورکە، بەڵام لەناو بنەماڵەیەکی گەڕۆکی هەڵگری ئاوێتەیەک لە کلتوور و نیگاوە پەیدا بووە، ئەو بە هەردوو زمانی تورکی و ئینگلیزی دەنووسێت، هەندێ لە هاوڵاتیانی میللەتەکەی حاشای لێ دەکەن، مۆری خیانەت لەسەر پاسپۆرتەکەی دەدەن، بەڵام ئەوانەی نیگەرانن و نەفرەتی دەکەن، نازانن نووسەران، ناسنامەیەکی دیاریان نییە، لەوەدا ڕەها و بەستراو نین، چونکە نووسەران لە نووسیندا ئازادن، دەتوانن ژن و پیاویش بن، نووسەران دەتوانن موسلمان و کریستیانیش بن، دەتوانن ناسنامە و ڕەگەزی چینی و تورکییشیان هەبێت، دەکرێ لەوبەرەی دەربەندی پسفۆر بژین یان لەوبەری... ئەو هەموو کۆت و بەربەستەکانی شکاندوە، لەسەر کلتوورەکان مەلە دەکات، ئەوە دەڵێت و ناترسێت و دوودڵ نییە، بەردەوامیش ئەو پەیڤەی وتووە، ئەوەش بەچەسپاوییەوە بڕوا ئەو بووە. ئەو بەناڕەحەتی و بەسوتانەوە باس لە لەشفرۆشێکەوە دەکات، بەو ژنانە دان بە کۆمەڵکوژیی ئەرمەنەکان دادەنێت، هەتا ڕادەی ئەوەی لەسەر تۆڕەکانی ئەنتەرنێتیش قسەکانی کردووە، لەسەر ئەو بابەتە نووسینی زۆری هەیە، بۆیەش کێسەکەی ڕووبەڕووی دادگا دەکەنەوە، بە تۆمەتی ناشیرینکردنی ناسنامە نەتەوەییەکەیان، بەڵام دادگا و ڕای گشتییان لێی دەبوورن...

دیاره نووسەرە گەورەکانی تریش وەک ئۆرهان پاموکیش ڕووبەڕووی هەمان چارەنووس و لێپرسینەوە بونەتەوە.
ئەو ژنە گەریدەیە لەسەر پشتی کتێبەکانییەوە دەڕوات، گوێ ناداتە باری ئاسایی و ئاوەرتەکان و دەڕوات، تا دەگاتە ئەمریکا لەوێ هەڵوەستەیەک دەکات و دەزانێت ڕۆمانەکانی نەکراون بە ئینگلیزی، ئەگەرچی بە ناسین و شکۆوە دەلەرییەوە، دەیویست وزە و هەژموونەکانی ناخی لەوێ بەپرییەوە دەرببڕێت و هەڵبچێت، بۆیە دەست دەکات بە نووسین بە زمانی ئینگلیزی، ڕۆمانی ژنە بیژییەکەی ئەستنبۆل بە زمانی ئینگلیزی دەنووسێت، ئەو وتبووی ئەو زمانە زمانی ماتماتیکی و ئاوەز و وردەکارییەکانە، لەگەڵ گاڵتە و بەزمەکانیش دەگونجێت، بەڵام زمانی دایکی، تورکییەکەی خۆی زمانی هەڵچوون و سۆزەکانە، زۆرتر لە دڵم نزیکە.
زمانە تورکییەکەی ئالییف تۆڕێکی ئاوێتە دەستەواژە و وشە کۆن و نوێیەکان لەنووسیندا بەیەکەوە دەبەستێتەوە، زمانەکەی تێکەڵە لە وشەی سۆفییانە و وشەی فارسی و عەرەبی و هتد... کە زمانە عوسمانییەکە ئەو دەستەواژانەی لە تورکی دابڕیون. ئالییف ئەو کلتوورە لەبیرکراوەیە زیندوو دەکاتەوە، فەرهەنگێکی دەوڵەمەند بە خوێنەرەکانی دەڵێتەوە و پڕ وشەیان دەکاتەوە، بە کتێبەکانی زمانەکە دەبوژێنێتەوە و لەسەر ئەو مژارەش وتوویەتی:
وشەکان بایەخ و بەهای گەورەی خۆیان هەیە، کە وشەیەک ون دەبێت، یان فەرامۆش دەکرێت لەگەڵ خۆییدا بیرەوەری خەڵکەکە ون دەکات. لە زمانی تورکی من دەتوانن ڕەنگەکان بە ناوی خۆیانەوە بهێنم، بەڵام ناتوانم جیاوازییەکان و پلەکان و نێوانە وردە بچووکەکان دەستنیشان بکەم، چونکە ئەو پێناسانەی لە زمانەکە نەماون لە فارسییەوە بۆمان هاتبوو. ئەو زۆریش بە گەمەکردن بە پیتەکان سەرسام و شەیدایە، بۆیە وتوویەتی:
من شەیدای گەمەکردنم بە پیتەکان. بۆیەش کە پیتێک جێگۆڕکێ دەکەیت ماناکە دەگۆڕێت، ئەوەش جۆرێکە لە پەرجوو.
ئەو لە چالاکییەکانی بزاڤی ژنان ڕۆلی هەبووە، بوویتە ژنێکی سومبڵ لەناو دەستە بژارەکەی ئەستنبۆل، کەسیش مەزندەی نەدەکرد، ئەو ژنە ناسکە نەرمە بتوانێت ببێتە پێشەنگی بژارێکی دژوار. ئەو بە تەمەن هێشتا گەنجە و ئازایانە کۆشش و خەبات دەکات دژ بە توندکاری هاوسەرگیری و تاوانەکانی نامووس و شەرەف، چەندین وتاری لەسەر ئەو بابەتە هەستیارە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان نووسیوە، سیناریۆی بۆ زەنجیرە تەلەفزیۆنییەکان نووسیوە، کە هەموویان مۆرکی ئەو خەبات و کۆششانەی پێوە بووە.
ژنە سۆزانییەکەی ئەستنبۆل بەڕاستی تژییە لە جۆشی دژبەیەک لەناو تورکیا: ئەو کێشەیەکی ناو دادگاکان و خەڵاتکردن و هاندانی هەزارەها خوێنەری کردوتەوە، ڕۆمانەکە

پڕیەتی لە چیرۆک و بەسەرهاتی خەمناک و دژوار و ترسناک و گاڵتەجاریی و ناوی ناوە ئەستنبۆل.
ئەو بابەتی دوو ماڵباتی ورووژاندووە، یەکێکیان تورک و ئەوی تریان ئەرمەنە، تێدا پیاوەکان نەفرەتکراو و دوورەپەرێزن. ئالیف زیرەکییەکی بێ هاوتای لە چارەنووسی ژنان هەڵبژاردووە، ژنانی خەباتگێر یان ژنانی سوفی، ئەوانە هەموو لە رابردووە ترسناک و خەمبارکەوە هاتوون، ئەو رابردوویەی هەندێک رەش دەکاتەوە و دەیانسڕێتەوە، هەندێک هەندێکی سووتاندوە، ژنە بیژییەکە، یان سۆزانییەکەی ئەستنبوڵ، کتێبێکە ئاوێتە، لە چەندین دۆزی مەزن و هەستیار، یان بڵێین کتێبێکە تژی لە وردە کێشە و بابەت، ژنە ئەرمەنەکان جیاواز نییە لە ژنە تورکەکان، بەپێچەوانەش هەردوولا چەوساوەن، ئەو بەروونی و بەئاشکرا، ئەو قسەیەی کردووە، تیرۆژی لەسەر ئەو مژارە راگرتووە، ئەو بەتوانا بووە لە رووداو و پێشهاتی گچکە و لاچەپەوە بابەت و کێسی مەزن و باڵکێش بوروورژێنێت.
ئالیف شەفەق لەدایکبووی ساڵی ١٩٧١ لە رۆمانەکەی (چل بنەمای عیشق) بە دەستەواژەیەکی شەمسدینی تەبریزی کۆتایی هێناوە کە وتوویەتی:
کە ئاگر شەیدا و عاشقی ئاو دەبێت، کەون و بوون دەگۆڕێت. پەیوەندییەکانی ئەو ژنە نووسەرە بە کەشەکانی تەسەوف نوێ نییە، ئەو لە سەرەتای نووسینەکانی بە تەسەوف پابەند بووە، هەر لە رۆمانی (پیاوە سۆفییەکە) ساڵی ١٩٩٨ و دواییش لە رۆمانی (ئاوێنەکانی شارەکە)، کە کەش و سرووتەکانی سۆفیگەریی ئیسلامی و جوولەکەیی لە سەدەی حەڤدەم ئاوێتە کردووە. بەڵام ئەو جارە دەگەڕێتەوە سەدەی سێزدەم، کە بەدواچوونەوەیەک لەسەر شوێنەوارەکانی شەمسدەینی تەبریزی دەکات، ئەو یەکێک بووە لە کەسایەتییە سۆفیگەرەکان، کە زۆر باسیان کردووە و باڵکێش بووە، هەروەها ئاماژەی بە پەیوەندی رۆحی نێوان مەولانا جەلادینی رومی لە گەشتەکانی نێوان سەمەرقەد هەتا بەغداوە بۆ قونییە و دیمشق هەبووە، تا لە گەشتێکدا لە قونییە، بە دەستی کەسێکی بەکرێگیراو دەکوژرێت، کە یەکێک بووە لە تیمی حەشاشەکانی ناو (قەڵاتی مردن). ئەوی شایانی باسە رۆمانەکەش بە تێزێکی مێژوویی ئەژمارد دەکرێت.
جەلادینی رومی شاعیر و فەیلەسوف و سۆفی لە ساڵی ١٢٠٧ی زاینی لە دەڤەری (بلخ) ی خوراسانی باشووری ئەفغانستان لەدایکبووە، لە ساڵی ١٢٧٣ی زاینی لە شاری قونیەی تورکیا دەمرێت، لەوێش دەنێژرێت، کتێبە دیارەکانی ئەو ئەوانەن: مەسنەوی، دیوانێکی گەورە، نامەکانی، ئەوەی هەیە و نییە، هەر حەوت ئەنجومەنەکە.



لەڕاستییدا ڕۆمانی ژنە بیژییەکەی ئەستنبۆل بەرجەستەی دوو زەمان و دوو شوێنی تەواوکەرن: یەکەمیان لە شاری قونیە لە سەدەی سێزدەم ڕوو دەدات، دووەمیشیان لە ئەمریکایە و لەسەدەی بیست و یەکە. نووسینەکە باس لە دەستنووسێک بە ناوی (کفرییە شیرینەکە) دەکات، نووسەرەکەی نەناسراوە و دەڵێن ناوی عەزیز زاهارا بووە، ڕۆماننووسی ئەمریکی سکینە ئیلا روبنشتاین لە پرۆسەی نووسینی ڕاپۆرتێک لەسەر ڕۆمان بۆ خانەیەکی چاپی ئەمریکی دەهەژێنێت. ژنە تەمەن چل ساڵییەکە، بەجۆش و بەرەوشێکی ڕۆحی نوێ، لەناو لاپەڕەکانی دەستنووسەکە دەگەڕێت، بۆیەش دەرئەنجامی ئەو کارە، نامەیەک بۆ ڕۆماننووسەکە بە ئیمیل دەنووسێت، بەوەش پەیوەندییەکی سۆزداری ئیفترازی پەیدا دەبێت، ئەوەش هەموو پیرۆزییەکانی ژنەکە دەبەزێنێت، لەناو شیرازە چەسپیووەکەی دەردەچێت، ژنەکە مێرد و منداڵەکانی جێدەهێڵێت، بەدوای عیشق و سۆزەکەی وێڵ دەبێت و دەڕوات و دەکەوێتە بەر هەوا و سروەی دڵی عەزیز زاهارای نووسەری سکۆتلەندی، ئەویش پاش ململانێیەکی زۆر و توێژینەوە و گوزەران لەناو جیهانی تەسەوف لە مەغریب ژیابوو.

کە ژنە جوولەکەکە ئیلا، لەناو دەستنووسە تەسەوفە ئیسلامییەکە ورد دەبێتەوە و شیعرەکانی جەلادەینی رومی دەخوێنێتەوە، بە سرووتەکان ئاشنا دەبێت، هەر چل بنەماکانی عیشق کە دەروێشە گەڕۆکەکە، شەمسەدینی تەبریزی پاش سەودابوون و گەڕانێکی زۆر دوورودرێژ دەیاننووسێت دەخوێنێتەوە، بەوەش دەکەوێتە بەر هەژموون و کاریگەری جەلادینی رومی و ڕێنماییەکانی پەسەند دەکات، لەنێوان کەسێکی ئیماندار و سۆفی و لەنێوان ئاوەز و دڵدا ململانێی دەکات.

ئالییف وردەکاریی و جیاوازی ئاینەکان دەپشکنێت، تێدا هەست دەکات ئاینەکان، تەنها لە ئاکارەوە جیاوازن، ئەگەرنا لە جەوهەردا هەر یەکن و جیاوازییەکی شیاوی باسیان نییە، هەستیشی بە بۆگەنی ڕۆژگارەکە کردووە، کە چۆن کەوتووتە ناو ململانێیەکان و ناکۆکی نێوان ئاینەکان زۆر بووە، هەمووش لەسەر حیسابی ڕۆحیەتییەکانەوە زۆرتر روو

لە جوانی و خۆشییەکانی ڕۆژگارەکان دەکەن. ئەو لەبەر ڕۆشنایییەکانی سۆفیگەرایییدا، لەوە بەرجەستە دەکات (بەهەشتەکەش وەک دۆزەخەکە لە ناخماندا چەقیوون).

بەئەنقەست، ئلییف شەفەق نووسینەکانی بە ڕووداو و بەسەرهاتە مێژوویی و بەڵگەنامە و بڕوانامە و شرۆڤەکان دەبەستێتەوە، لە چەندین بەرهەم و ڕۆماندا، زۆرترین بایەخ بە سۆفیگەرایی دەدات، وەک ئالوودەیەکی ڕۆحی و بۆ پاکبوونەی نێوان ئاینزاکانی دژبەیەک و کەمکردنەوە و نەهێشتنی کەلەن و دەرزە تەسک و بکوژەکان، مێژووی سەفیگەرایی بەرجەستە کردووە، بۆیەش ئەو دەبێتە ڕەوەند و کۆچبارێکی گەریدە و عیشقە کەونییەکان دەنووسێتەوە، لەناو تۆمارە سیحرییەکانییدا، هێڵەکانی زمان و هێما و ئاماژەکان ئاوێتە دەکات. ئەو ژنە ڕۆماننووسە یاخییە، تەنها پێناسەیەکی خۆرهەڵاتناسی، یان دەرمانگەرێکی گیاوگوڵ نییە، وەک لە بۆچوونەکانی پاولو کویلو هەیە، ئەو ژنە لە ئەزموونێکی دروست و زەحمەت دەربازی بووە، لەناو ژانێکی کوشندە و نیگەرانییەکی قووڵەوە دەرچووە، لەناو جیهانێکی تژی لە مەرگ و ناڕەزایی و ڕق و کینە و ململانێیەکی خوێناوی دەڕوات و هەنگاو دەنێت.

لەوەتی لە مانگی مارسی ساڵی ٢٠٠٩ ڕۆمانی عیشقی دەرچوو، کتێبەکانی ئەو پڕفرۆشترین کتێبە لە بازارەکانی تورکیا و زۆر دەخوێندرێنەوە. ئەو خوێندنی لە زانکۆی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە ئاسکی شهر لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان تەواو دەکات، لە هەمان زانکۆش، بەشی کێشەکانی ژنان وەک خوێندنی باڵا دەخوێێت، دکتۆراش لە بزاڤە سۆفیگەرایییەکانی وەک بکتاشی و مەولەوی وەردەگرێت.

ئالییف بەوە ناسراوە کە ئاوێتەی خەڵکی شارەکان دەبێت، ئەوەی لەنێوان شارستانیەت و کۆمەڵگەدا پەرتەوازە بووە، کۆشش دەکات بگاتە ئاستی پێشکەوتنەکان، کە ئاست و بەهاکانی دەلەرزێن و پووک دەبنەوە. لە ڕۆمانی عیشقدا وەک ڕۆمانەکانی تریشیدا، ئەو باس لە مرۆڤی سەرگەردانی نێوان خەمەکانی دابونەریت و کۆت و پەیوەندەکانی نەریتە باوەکانی دەکات، بەڵام ئەڤین و خۆشەویستی وەک شیرێکی بەجەوهەر دەخاتە یەکەم پێگەکان.

ڕۆمانی عیشق ڕۆمانێکی ئاوێتەیە و دارشتنەکەی فرەریشەیە، ڕووداو و بەسەرهاتەکان لەناویەک و تێکەڵە، نووسەر کۆششی کردووە بچێتە ناو بنچینە و سۆزەکانی ئەڤین، بوارێکە بۆ گەیشتن بە عیشق. دەکرێ بەو ڕۆمانە بڵێن، ئەوە ڕۆمانە لەناو ڕۆمان، چونکە ڕووداو و چالاکییەکان لەناو ڕووبەرێکی فراوانی جوگرافییە، شوێنەکان چەند هەواری دوور و لەیەکترازراون، سەردەمەکانیش ئێستا و چەند سەدەیەکی رابردووە، کەسەکان بەرەچەڵەک بۆ سەر چەند ڕەگ و کلتوور و شوناسی دژبەیەکن، هەروەها کاروانەکەش لەسەر دوو هێڵی بنەڕەتی خۆرهەڵات و خۆرئاوا و هەندێ گاڤیش لەسەر ئاسۆیەکی واقیعی و دوورەواقیعیش ڕێ دەکەن. ڕۆمانەکە هەموو دژ و ناکۆکەکان لەنێوان خۆشەویستی، بە هەموو ماناکانی جەستەیی و خۆشەویستی خودایی لەناو یەک بازنەدا بەرجەستە کردووە. ڕۆمانی عیشق شاکارێکی ئاسایی نییە بیخوێنیتەوە و لەبیری بکەیت، یان تەنها ماوەیەکی کەم لە هزرتدا بمینێتەوە و زوو بەرەوێتەوە، خوێندنەوەی ئەو ڕۆمانە، سەردەمانێکی زۆر، لەناو ڕاز و نیگاکاندا دەتهێڵێتەوە، بۆیەش خەڵکی زۆری

سەر بە مەزهەب و رامانی و بینینی جیاوازەکان، کەسانی هەموو تەمەنەکان بایەخ بەو ڕۆمانە دەدەن و بە سۆزەوە دەیخوێنەوە و تامی لێ وەردەگرن.
حەلوایە کاغەزییەکان دوا ڕۆمانی نووسەری تورک ئالییف شەفەقە، بەوەیان دەیەوێت پردێک لەنێوان هەموو کار و شاکارەکانی تری، کە ژمارەیان نۆ ڕۆمانە ببەستێت، ئەو هەتا ئەو ڕۆژانە یازدە کتێبی بە چاپ گەیاندووە. ئەو سەبارەت بە حەلوایە کاغەزییەکاندا وتوویەتی:
ئەو کتێبە لەناو دڵمدا پێگەیەکی پایەداری هەیە، ئەوەش دەکرێ ببێتە پێناسەیەک تا خوێنەرەکانم هەموو بەرهەمەکانی ترم بناسن و ئاشنای نووسینەکانم بن، ئەوانەی لەدوای دەرچوونی ڕۆمانی عیشقدا کە لە مانگی مارسی ساڵی ٢٠٠٩دا دەرچووە منیان دۆزیوەتەوە لەوەیان تامێکی تایبەتی دەبینن، بەوەش لە داهاتوودا بەردەوام پەرۆشم دەبن و چاوەڕوانم دەکەن.

**بەرهەمەکانی ئالییف شەفەق:**
بنهان١٩٩٨، ئاوێنەکانی شارەکە ٢٠٠٠، موحەرەم ٢٠٠٠، ماڵەکەی پالاس ٢٠٠٢، نەریتەکان بە زمانی ئینگلیزی ٢٠٠٤، هەڵکشان و داکشان (کۆکراوە وتارە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکان سەبارەت بە شەیدابوون بەدوای شوناس و ناسنامە و کێشە و ئاریشەکانی ژنان)، ژنە بێژییەکەی ئەستنبۆل ٢٠٠٦، شیرە ڕەشەکە ٢٠٠٧، عیشق ٢٠٠٩، دوا بەرهەمیش حەلوایە کاغەزییەکانە ٢٠١٠، حەلوایە کاغەزییەکان جۆرێکە لە حەلوا کە هەویر و شەکر و هەندێ بۆن و تامی جیاوازەوە، لەسەر شێوەی بازنەیی دروست دەکرێت، لەگەڵ چا لەنێوان ژەمەکاندا پێشکەش دەکرێت. ئالییف بەئەنقەست ئەو کتێبەی بەسادەیی و ئاسانییەوە نووسیوە، کە بریتییە لە چەندین سەرەنج و تێبینی نێوان کتێبەکان کۆکراونەتەوە، چەندین تام و شێوەی لەخۆگرتووە و لەسەر خوانەکان جوان و بەتام دەردەکەون.
ئالییف شەفەق لەدوا دیمانەی کە لە ڕۆژی ٣ی مانگی فبرایری ساڵی ٢٠١٠ بڵاوکراوەتەوە وتوویەتی:

پاش ئەو رامان و رازانەی لەسەر بڵاوبونەوەی ڕۆمانی عیشقم دەرچوون، بیرم لەوە کردەوە ئاوڕێک لە دواوە بدەمەوە، هەستێکم لە خۆم ڕاگرت، سەرەنجم دایە قۆناخە گوزەرەکانی دواوەم، دیارە کە زۆر بابەت و دیمەن گوزەریان کردووە... دەکرێ ئەو کتێبە، بە نەخشە ڕێگای دابنیم، ڕێگای خۆم! چونکە کە دەنووسم هەموو تاقەت و وزەکانم بەکاردەهێنم و مەست و حەیران و پەریشانیش دەبم، وەک سەرخۆشم لێ دێت... هەندێک جار کە چەند بڕگەیەک لە نووسینەکانم دەخوێنمەوە، سەرسام دەبم، دەحەپەسێم، دەمەوێ زۆرتر لەو بابەتە بزانم، من دەپرسم باشە من چۆن توانیم ئەوانە بنووسم؟ بەردەوام ئەو ئاخاوتنە لەگەڵ خۆمدا دەکەن، دەپرسم باشە من دەزانم و دەتوانم ئەو هەموو نووسینانە ڕیز بکەم و بنووسم؟ هەندێ جار، چەند بڕگەیەکم هەر لە بیرنەماوە کە من نووسیومە، بڕوا ناکەم! بەحەق بڕوا ناکەم، من ئەوانەم نووسیوە! کەسانی تر نووسینەکانی خۆم بەبیردەهێنەوە، من نایانزانم، لەبیرم نییە و نازانم چۆنم

نووسیون! من زۆر شانازم، بە خوێنەرەکانم، ئەوان زۆر بابەتی کۆنم بەبیردەهێنەوە... خوێنەرەکانم نایابن... ئەوانە ئەوەندە باش لەگەڵ نووسینەکانم ئاوێتە و شەیدابوون، دەتوانن لە خۆم باشترە بەرهەمەکانم شرۆڤە بکەن، هەڵوەستەیان لەسەر بکەن، زۆر لە خۆم باشتریش.

لەکاتی ئۆتوگرافی کتێبەکانم، کە رووبەڕووی خوێنەرەکانم دەبمەوە، زۆرجار نووسینەکانم لەبەردەم دادەنێنەوە و هێڵیان لەبن داناوە، برگەی زۆرم بۆ دەستنیشان دەکەن... من زۆرجار هەست بە رازەکانیان دەکەن، تا رۆژێکیان یەکێک لە هەوادارەکانم وتی:

هەندێ لە برگە و نووسینم لە دەقەکاندا دۆزیوەتەوە، کە زۆر لەگەڵ هزر و رامانم هاوسۆزن، کە من بەنیاز بووم وەک تێبینی بیاننووسمەوە. ئەوانەش لە قسەی نەستەق و پەند نزیکن.

**یەکێک لە خوێنەرەکانم وتی:**

کە کتێبەکەی حەلوا کاغەزییەکانم خوێندەوە، چەندین برگەم دۆزیەوە، ئەوانەی وا هێڵم بەژێریان داهێناوە، ئەوانەم لە کتێبەکانی تری تۆدا خوێندیتەوە، هەمووم بە قەڵەمی رەش بۆت نیشانکردووە، ئەوەش هاوسۆزە لەگەڵ بۆچوونەکانم من، مەبەستم ئەوە بووە، لە نووسینی ئەو کتێبە.

بەڕاستی من ئەو قسەمان بەدڵ بوو، زۆر دڵشادم بەو هوشیارییە. دیارە بە نووسینەکەم بیرم لەکن خوێنەرەکانم بووە، مەبەستم بووە لەو کتێبەدا شتەکانیان بەبیربهێنمەوە.

دیارە کە ئالییف شەفەق لە نووسیندا بەرنامە و پلانی نەبووە، مەبەستی نەبووە بزانێت کەسەکان بەرەو کام ئاقار رێ دەکەن، وەک ئەندازیارێکی پرۆژەیەکی ئاو کاری نەکردووە، نەخشەسازی نەبووە تا بزانێت باڵەخانەکە چۆن دەردەچێت و رووکاری چۆن دەبێت... دیارە ئەو زۆرتر کەوتووتە ناو خوڵیا و مەراق و سووتان و تاوانەوە، لەناو هزر و رامانەکان، ئینجا لەو کەشەدا، هەموو وزە و هەستەکان کۆدەکاتەوە و دەست بە نووسینەکان دەکات.

ئالییف شەفەق دەبێژێت: هەتا ئیمرۆش من ئاگام لە جۆری گێڕانەوەکان هەبووە، بۆ شیرازەی گێڕانەوەش دوو جۆر هەیە... یەکێکیان شیرازەکە دادەرێژێت و کەسەکان و پێشبینییەکان زووتر دیار دەکات، ئینجا بە بەرنامەیەکی شرۆڤەکراوا بەرەو چارەسەرکردنەکانا رێ دەکات، زۆر لە شاکارەکان، بەو بەرنامە و بەو هەنگاوە رۆیشتوون و بنەماکانیان وا بووە، بەوەش سەردەکەون. دەکرێ بڵێن و راستیشە بڵێن، کە عەقل و دەسەڵاتەکەی، یەکێکە لە رەوشە رەق و توندکارەکان و ئاسان نییە بتوانێت کۆنترۆلی داهێنانەکە بکات، نووسین دەکەوێتە بن هەژموونی هەست و نەست و سۆزەکان، ئەوەش وەک رەوشە شلەکەی ناو ئەو کەرەستە رەقانەیە، ئەوەش بوار بە نووسەر بدات، بەرەو هەموو ئاسۆ و مەیدانەکانا بڕوات، حاڵەتە رۆحییەکەش چەندین شێوەی نەگۆڕ دەخولقێنێت. هەندێ جار لەکاتی نووسیندا دەگریێم، هەندێ جاریش کە دەنووسم پێکەنینم دێ، یان ورد ورد قسە لەگەڵ خۆما دەکەم، وادەزانم ئەو رەوشانەش هیچ

پەیوەندی و گرێبەست و تێگەیشتنی لەگەڵ عەقڵدا نییە. کە دەنووسم هیچ پەیوەند و بەربەستێک لەنێوان خۆم و دەقەکە نابینم، بە هیچ شێوەیەکیش خۆم بەسەر دەقەکە زاڵ ناکەم... بە واتایەکی تر بڵێم من خۆم ناکەمە خودا بەسەر دەقەکە.

**کە دەپرسن ئایا تۆ بوویتە کەسایەتییەکی ناو دەقەکانت، ئەو لە وەڵامدا وتبووی:**
نەخێر! من هەموو کەسەکانم! من دەبمە ئەو کەسەی لەسەری دەنووسم. مەسەلەکە ئەوە نییە تۆ دابنیشیت و باسی خۆت بکەیت، گوزەراشت لە کەسایەتی خۆت بکەیت، تەنها خۆت و بەس... کە باسی یەکێک دەکەم، دەچمە ناو کارەکتەرەی ئەو، لەگەڵ ئەو ئاوێتە دەبم، دەچمە ناو خوێن و پێستەکەی، دەگەمە ناخی ژوورەوەی و لەناو کەللەی دەمینێمەوە. لە تورکیا نووسەری زۆر هەیە، باس لە ژیانی خۆیان دەکەن و رۆژانەکانی خۆیان تۆمار دەکەن و چەندین ناو و ناوهێنان دەخولقێنن، من لە نووسینا شانازی ناکەم! بەپێچەوانە، من لەکاتی نووسینا سەخڵەت و هەراسانیش دەبم. مەسەلەکە لەوەدایە... لەنێوان ئەدەب و سۆفیگەری خاڵی هاوبەش هەیە و ململانێی دەکەن، تا لە خودی خۆت دوور بکەویتەوە و لە من بشۆرێیت.
ئەو بابەتە لە چەندین وتاری هەمەجۆرەوە ئامادەکراوە، ئەوەش پاش ئەوە هات کە رۆمانی ژنەبیژییەکەی ئەستنبۆلم بە زمانی عەرەبی خوێندەوە، ویستم زۆرتر ئەو نووسەرە ئازایانە، ئەو ژنە نەترسە بناسم، حەزیشم کردووە، خوێنەری کوردیش ئالییف شەفەق بناسن و بوار ساز بێت، بەرهەمەکانی بخوێنەوە و لەو رۆمانەش چەندجار ئاماژەی بە کورد لە تورکیا داوە و ونووسیویەتی لە تورکیا تەنها میللەتی تورک ناژین، لە کۆنەوە چەندین میللەت لەسەر ئەو خاکە ژیاون، لەوانە کورد و ئەرمەن و جوولەکە و ....

